# سوپای عێراق بە چەقۆ سەری هاوسەری نافیەی لێکردەوە

**تایبەت بە رووداو**



حاجی ئەحمەد سەعید، بە کلاشینکۆفێک داستانێکی لە بەرامبەر سوپای عێراقدا تۆمارکرد، کە تائێستا راگەیاندن و ئەدیبانی کورد ئاوڕییان لە داستانەکە نەداوەتەوە. حاجی ئەحمەد لەکاتی کۆڕەودا لە شارۆچکەی تەکیە، 45 دەقیقە سوپای عێراقی وەستاند لەپێناو دەربازبوونی خێزانەکان لەدەست سوپا. دوای بە گوللەی سوپا دەکوژرێ، بە رقێکی زۆرەوە دێنە سەر لاشەکەی و بە چەقۆ سەری لێدەکەنەوەو 20 مەتر دوور لەلاشەکەی فڕێیدەدەن. نافیە رەشیدی هاوسەری حاجی ئەحمەد و خزمانی دیکەی داستانەکە بۆ (رووداو) دەگێڕنەوە.

لاپەڕە 8

# مالیکی: دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تا هێڵی 36 ە

**رووداو- هەولێر**



نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا رایگەیاند، ئەو دژی فیدرالی نییە، بەڵام دەبێ ناوەندێکی بەهێز هەبێت و گوتی" سنووری هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانەیە کە تا پێش 2003/3/9 لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەبراون، بۆیە بەشێک لەو پارێزگایانەی باکوور کە لەلایەن هەرێمەوە بەڕێوەبراون دەبێت لەدەستی حکومەتی فیدراڵدا بن و، بەشێک لە هەولێرو سلێمانی لەدەرەوەی سنووری هەرێم بوونە، لەم شوێنانەدا هەرێم مافی نییە دەست لەکاروباری پەروەردەو پۆلیس و نەوت و سوپا وەربدات جا ناوچەکە و خەڵکەکەی هەرچییەک بن".

لاپەڕە 4

ژنە کوردە جێگرەکەی بریمەر:

# عەرەب وەک کورد و کوردیش وەک ئەمریکایی تەماشایان دەکردم

**رووداو-واشنتن**



هێرۆ مستەفا، کە تاکە بەرپرسی بەرەگەز کوردە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە هەڤپەیڤینێکدا باسی بەرسیارێتی خۆی دەکات لە عێراق دوای رووخاندنی رژێمی سەدام، کە وەک جێگری پۆل بریمەر و بەرپرسی فەرمانگەی مەدەنی ئەمریکا بووە لە موسڵ سەرپەرشتی ئیدارەی باکووری عێراقی دەکرد. هێرۆ کە ساڵی 1973 لە هەولێر لەدایکبووە دەڵێ عەرەبەکان وەک کورد و کوردیش وەک ئەمریکایی تەماشایان دەکرد. هەروەها دەڵێ ئەوکاتەی لە موسڵ بوو گرووپێکی ئیسلامی پێیگوتووە سەرت داپۆشە.

لاپەڕەی تاراوگە


ژمارە (25)

دووشەممە 2008/9/22

31ی گەلاوێژی 2708

(750) دینار

www.rudaw.net

Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


سەربازە عێراقییەکان ئەتکیان کردم و گوتیان ماڵ و شەرەفی سوننە بۆ ئێمە حەڵاڵە

# دوعا پێش ئەوەی بنێردرێتە هەولێر ئاهەنگی بووکێنی بۆ سازکرا

**تایبەت بە رووداو**

ئەو ژنە تەمەن 17 ساڵەیەی مانگی تەمموزی رابردوو بۆ خۆتەقاندنەوە رەوانەی هەولێر کرا، پێش ئەنجامدانی کارەکەی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا، ئاشکرای دەکات کە پاش کوژرانی مێردەکەی بەدەستی هێزەکانی سەحوەو ئەتککردنی خۆی لەلایەن سەربازانی سوپای عێراقەوە بڕیاری خۆتەقاندنەوەی دا.

دوعا حەمید ئیبراهیم، لەدایکبووی 1991، کە سەر بە عەشیرەتی دلێمی پارێزگای ئەنبارەو،خوشکی سێ براو و شەش خوشکە، لەلایەن گرووپی (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق)ی سەر بە رێکخراوی قاعیدە رەوانەکرابوو تا لە قەرەباڵخترین شوێنی شاری هەولێردا پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکەی بتەقێنێتەوە کە بڕی 6 کیلۆگرام ماددەی C4ی تێدابووەو پسپۆڕانی بواری تەقەمەنی دەڵێن هێزی تەقینەوەکەی بەرامبەر 50 کیلۆگرام ماددەی TNTیە،ئەو مادەیەش لەلای سوپای سەدام و ئێستاش نەبووەو نییە و تەنیا لە سوریا و ئێران و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات هەیە، بەڵام لەوکاتەی لە تاکسییەکدا بەرەو هەولێر بە دووری 25 کیلۆمەتر لە شاری هەولێر دەستگیرکراوە، پێش ئەوەی بگاتە ئەو شوێنەی بۆ خۆ لێ تەقاندنەوە لە نێو شاری هەولێردا بۆی دیاریکرابوو.



دوعا، بۆ خۆ تەقاندنەوە لە هەولێر بەڕێوەبوو

بەپێی لێدوانی سەرچاوە نزیکەکانی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ دوعا حەمید، باوکی دوعا کەسێکی سەلەفییەو لەنێو خێزانەکەشیدا تەنیا ئەو ئاگاداری بڕیاری خۆ تەقاندنەوەی کچەکەی بووە.

دوای ئەوەی مێردەکەی لەلایەن هێزەکانی سەحوە شوێن بزرکراوە، بۆ بەدواداگەڕانی چووەتە بنکەکانی پۆلیس و بارەگاکانی گاردی نیشتمانی،لەوکاتەدابەپێی قسەکانی خۆی لەلایەن سێ سەربازی عێراقییەوە ئەتک کراوەو کاتێک هاواری کردووە، وازی لێبێنن و دەستدرێژی نەکەنە سەر، سێ سەربازە عەرەبە شیعەکە پێیان گوتووە" تۆ سوننەی، ماڵ و شەرەفی سوننەش بۆ ئێمە حەڵاڵەو بە فەتوای سیستانی و موقتەدا سەدر ئەو کارە دەکەین".

دوعا دوای ئەوەی داوا لە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق دەکات، بینێرن بۆ خۆ تەقاندنەوە، جاری یەکەم هەوڵەکەی بۆ خۆ تەقاندنەوە لە بەغدا بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە سەرناگرێت، جاری دووەمیش کە لەلایەن ژنە سەرپەرشتیاری خۆکوژە ژنەکان پێیدەگوترێ "جلی بووکێنی ئامادەیە ئەگەر دەتەوێ شووبکەیت"، واتە پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکە ئامادەیە،دەچێت و پێش ئەوەی رەوانەی هەولێر بکرێ ئاهەنگێکی بۆ سازدەکات "گوایە بووکێنی راستەقینە رۆژی خۆتەقاندنەوەیەتی".

بەپێی ئاماری هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەساڵی 2003وە تائێستا لە عێراق خۆیان تەقاندووەتەوە گەیشتووەتە 49 ئافرەت کە تەنیا لەساڵی 2008دا ژمارەیان 27 ئافرەت بووە.

دوعا کە لەژێر کاریگەریی براگەورەکەیەوە کە ئێستا لای ئەمریکییەکان زیندانییە تێکەڵاوی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە قاعیدە بووە، دەڵێ لە چەند پێش ئێستاوە ئاواتی ئەوەبووە رۆژێک بگاتە فەلەستین و خۆی بە ئیسرائیلییەکاندا بتەقێنێتەوە.

## مزگەوتی گەورەی کۆڵن دەبێتە کێشەی نێوان ئەڵمان و تورک.. ل 11



ژمارەیەک ئەڵمان دژی ئەڵمانە راستڕەوەکان پشتوانی لە دروستکردنی مزگەوتی گەورەی کۆڵن دەکەن (فۆتۆ: رووداو)

# رێکخراوێکی بێ مۆڵەت 35 ملیۆن دیناری مامۆستایان دەخوات

**تایبەت بە رووداو**

25 مامۆستا سکاڵایان لەدژی رێکخراوی ئەلفابێتا تۆمارکردو رێکخراوەکە بە خواردنی 35 ملیۆن دینار تۆمەتبار دەکەن، پۆلیسیش دوو لەکارمەندانی رێکخراوەکەی دەستگیر کردووە. سەرچاوەیەک لەپارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند رێکخراوەکە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی نەبووە.



ئەو رێکخراوە، بێ مۆڵەتە بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر خولێکی هاوینەی بۆ قوتابیانی قۆناخی بنەڕەتی بۆ هەردوو وانەی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزی کردەوە، 20 هەزار دیناریشی لە هەر قوتابییەکی بەشداری ئەو خولانە وەرگرتووە، بەڵام پارەی 100 مامۆستا و بەردەست و سەرپەرشتیاری خولەکەی نەداوە، بۆیەش دوای سکاڵای مامۆستایان بارەگای رێکخراوەکە لە گەڕەکی خانزاد (دۆلاراوا)ی هەولێر بە بڕیاری پارێزگای هەولێر داخرا.

عەقید خالد عەباس، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی دیوانی پارێزگای هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کە 58 مامۆستا سکاڵای خۆیان بردووەتە لای ئەوان و، رێکخراوەکە بەگشتی 35 ملیۆن دیناری لێخواردوون "بۆیە بڕیاری داخستنی رێکخراوەکەمان دا". هەروەها گلەیشی لە پەروەردەی هەولێر کرد وگوتی "لەبەرئەوەی رێکخراوەکە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی نییە، نەدەبوو پەروەردە رێگەی پێبدات خول بۆ قوتابیان بکاتەوە".

هەروەها عەمید عەبدولخالق، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە 2 لەکارمەندەکانی رێکخراوەکە بەبڕیاری دادوەر دەستگیر کراون و 25 مامۆستاش لە لای پۆلیس سکاڵایان لەسەر رێکخراوەکە تۆمار کردووە.

بارزان عەبدولغەفور، کە یەکێکە لەو مامۆستایانەی سکاڵای لەسەر رێکخراوەکە تۆمار کردووە گوتی "هیوادارم وەزارەتی پەروەردە رێگە بەرێکخراوی لەو شێوەیە نەدا، کە قۆڵی من و سەتان مامۆستای دیکە ببڕێت".

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە ( 3) دا بخوێنەوە

لەم هەفتەیەوە

# هەر گەنجێک خانووی کۆمپانیاکان بکڕێت حکومەت 20 هەزار دۆلاری دەداتێ

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان رایگەیاند هەر گەنجێک کە تەمەنی لە 30 ساڵ کەمتر بێ و گەورە کچە تەمەن زیاتر لە 45 ساڵەکان، وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خەڵکی قەزاو ناحیەکان ئەگەر خانووێک لەناو کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبووندا بکڕێت کە لەلایەن کۆمپانیا وەبەرهێنەکانەوە دەکرێن، حکومەت 40%ی نرخی خانووەکەی بەقەرز بۆ دەدات، بەمەرجێک نرخەکەی لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نەبێت.

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) روونیکردەوە کە "هاووڵاتییان دەتوانن لەم هەفتەیەوە سەردانی بانکی خانووبەرە بکەن لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بۆ پڕکردنەوەی فۆرم". هەروەها ئاشکراشی کرد کە حکومەت 100ملیۆن دۆلاری بۆ دانی ئەم قەرزە بەهاووڵاتیان تەرخانکردووە و قەرزکەش بە ماوەی 10 ساڵ لە هاووڵاتیان وەردەگیرێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ئەم قەرزە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خۆیان یان خێزانەکانیان خانوو و شوقەیان بەناو بێت و سوودمەندبووبن لە وەرگرتنی شوقەو زەوی و سولفەی خانووبەرە، هەروەها گوتی مەرجیشە ئەو کەسەی قەرزەکە وەردەگرێت گرێبەستی کڕینی خانووەکەی لەگەڵ کۆمپانیای وەبەرهێنەردا مۆرکردبێ.

دوای سەردانی بۆ ئیسرائیل

# ژمارەیەک ئەندامی هاوپەیمانیی کوردستان دەنگ لە دژی میسال ئالووسی دەدەن

**رووداو-بەغدا**

میسال ئالووسی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی رەتیکردەوە کە هەموو کوتلە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان بەکۆی دەنگ دەنگیان بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەر ئەو دابێت و گوتی لە کوتلەی ئیئتیلافی شیعە و هاوپەیمانی کوردستان "هەندێکیان دەنگیان نەدا بۆ هەڵگرتنی حەسانە پەرلەمانییەکەم".

ئالووسی کە ئەوە دووەمین جارە بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سەردانی ئیسرائیل دەکات، لەجاری یەکەمدا بەرەوڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بووەوەو بەوهۆیەوە دوو کوڕی لەدەستدا، ئەمجارەش لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە وەک ئامادەسازییەک بۆ دادگاییکردنی حەسانەی لەسەر هەڵگیرا.

میسال ئالووسی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە ئەو سەردانەی بۆ ئیسرائیل لەقەبارەی خۆی گەورەتر کراوەو گوتیشی "ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی ئێران کاردەکەن و خەریکی دزینی موڵکی گشتی و بەقاچاخ ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق و دزینی بودجەوگەرمکردنی شەڕی تایفەگەرین دەیانەوێ بە گەورەکردنی ئەو سەردانە کردەوەکانی خۆیان پەردەپۆش بکەن".

هەروەها رایگەیاند کە هەموو عێراقییەکان هاوڕان لەسەرئەوەی چیدی شەڕی بەوەکالەت بۆ فەلەستینییەکان نەکەن، داوای لە سیاسییەکانی عێراقیش کرد مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەشێوەیەکی فەرمی و عەقڵانی بخەنە بەرباس و لەروانگەی بەرژەوەندییەکانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر بدەن.

دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە ( 9 ) بخوێنەوە

لە سۆران و ئامێدی

# 24 ژن بە ئاگر و گوللە دەکوژرێن

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی ئەو ئامارانەی لەنەخۆشخانەکانی سۆران و ئامێدی دەست (رووداو) کەوتوون، لەماوەی 7 مانگی رابردوودا 22 ژن بەسووتان گیانیان لەدەستداوە، دوو ژنیش لەو هەفتەیەدا لە بەحرکەو بالیسان کوژران و ژنێکی 50 ساڵی کە دایکی 7 منداڵ و داپیری 13 نەوەیە لە شێلادزێ خۆی سووتاند.

بەپێی ئەو ئامارەی لەنەخۆشخانەی گشتی سۆران دەست (رووداو) کەوتووە، لەسەرەتای ئەمساڵ، تا کۆتایی مانگی تەمموز 27 ژن لەسۆران سووتاون و لەئەنجامدا 7یان گیانیان لەدەستداوە. هەروەها لە ئامێدیش هەر لەو حەوت مانگەدا بەپێی لێدوانی نەوزاد محەممەد تاهیر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی ئامێدی بۆ (رووداو)ی راگەیاند " 13 حاڵەتی خۆ سووتاندنی ژنان لەئامێدی تۆمارکراوەو سەرجەمیان گیانیان لەدەستداوە".

هەروەها سەرچاوەیەک لەشێلادزێ بە (رووداو)ی راگەیاند رۆژی 2008/9/19 ژنێکی 50 ساڵان بە ناوی شیرن حاجی، کە دایکی 7منداڵ و داپیری 13 نەوە، خۆی سووتاندو گیانی لەدەستدا. هەروەها ئەو ژنەی کە 12ی ئەم مانگە لە ناحیەی شیلادزێی سەر بە قەزای ئامێدی لەلایەن مێردەکەی سووتێنرا، لەنەخۆشخانەی ئازادی شاری دهۆک گیانی لەدەستدا.

لەلایەکی دیکەوە رۆژی 2008/9/15 کچێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی ئاوات ئەسکەندەر لەکۆمەڵگەی بەحرکە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن باوکییەوە کوژرا و تاوەکو ئێستاش بکوژەکە دەستگیر نەکراوە. رۆژی 2008/5/16 یش ژنێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی ئەدیبە قادر لەکانی بەردی ناحیەی بالیسان بە دوو گوللە کوژراوە، سەرچاوەیەک لەپۆلیسی ناوچەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ژنەکە لەنێو ماڵەکەیدا گوللەکانی بەرکەوتووە، گومان لەمێردەکەی دەکرێ ئەو کارەی ئەنجامدابێت، بۆیە ئێستا بەو گومانەوزە دەستگیرکراوە".

وردەکاری زیاتر لە دوو راپۆرتی لاپەڕە 12 و 13 دا بخوێنەوە

رووداو

# هەواڵ



وەزیری بەرگری عێراق:

## گیتس بەڵێنی چەکی پێشکەوتووی پێداوین

**رووداو- شەرق ئەلئەوسەت**

◆ عەبدولقادر عوبەیدی وەزیری بەرگری عێراق رایگەیاند، کە "وەزیری بەرگری ئەمریکا بەڵێنی چەکی پێشکەوتووی پێداوین" محەمەد عەسکەریش، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری عێراق رایگەیاند "رێککەوتن لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا سەبارەت بە پڕچەککردنی سوپای عێراق بۆندێکی تازە نییە"، عەسکەری گوتیشی "عێراق پێشتریش داوای لەئەمریکا کردبوو فڕۆکەی F15 و M16 و تانکی براونزی پێ بفرۆشێت".

## پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی لە ئەمریکا

# بارزانی سەردانی بەغدا دەکات

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند دوای گەڕانەوەی مام جەلال لە ئەمریکا، چەند کۆبوونەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر ئەنجامدەدرێ و دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردنی ئەو کێشانە سەردانی بەغدا دەکات.

د.فوئاد حوسێن، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەگەڵ گەڕانەوەی سەرۆک کۆماردا، لەکوردستان چەند کۆبوونەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو گیروگرفتانە دەکرێت، پاشان سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات".

لەبارەی کاتی سەردانەکەش گوتی "پێدەچێت دوای جەژنی رەمەزان مام جەلال بگەڕێتەوەو سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمیش دەکەوێتە دوای گەڕانەوەی مام جەلال".

هەر لەوبارەوە سەرچاوەیەک لە حکومەتی عێراق بە رۆژنامەی (القدس العربی) راگەیاندووە، کە بارزانی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیران تاوتوێ دەکات. هەروەها کرۆکەر لە سەردانەکەیدا بۆ پیرمام پێشنیاری بۆ بارزانی کردووە سەردانی بەغدا بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی نێوان بارزانی و کرۆکەر بە (رووداو)ی راگەیاند کە باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەردانی هەفتەی رابردوودا داوای لە بارزانی کردووە گرفتەکانی نێوان هەردوولا بە دیالۆگ و لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەربکەن، بەپێی ئەو سەرچاوەیە بەشێک لە ئامانجەکانی سەردانی کرۆکەر بۆ خۆشکردنی زەمینەی وتووێژ بووە لەنێوان هەردوولا.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لە ئیئتیلافی شیعە بە رۆژنامەی (الحیاة)ی راگەیاند کە دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی لەئەمریکا، ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی کۆبوونەوەیەک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە سازدەدات.

حەمید معەلە لە ئیئتیلافی شیعە لەوبارەوە رایگەیاند کە چەندین دۆسیەی گرنگ بەهۆی نەگەیشتنە رێککەوتن بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو پێویستیان بە رێگەچارەی تەوافوقییە. ناوبراو ئاماژەی بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە بۆ بەغدا، کە لەوانەیە چارەسەری بۆ ئەو کێشانە پێبێت، واش چاوەڕوان دەکرێت لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانیدا نوێنەرێکی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەشداربێت.



# فەرماندە سەربازییەکانی کورد لەکەرکووک لادەبرێن و عەرەب و تورکمان دەخرێنە جێگەیان



ئەفسەرانی کورد بەردەوام لەلایەن بەغداوە لەژێر فشاردان (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو- کەرکووک**

هەردوو فەرماندە کوردەکەی لیوای 15 و16ی سوپای عێراق لە کەرکووک لادەبرێن، یەکیان دەگوازرێتەوە بۆ تکریت و ئەوی دیکەشیان بەرپرسیارێتی لێوەردەگیرێتەوەو سێ فەرماندەی فەوجی کوردیش لەسەر کارەکانیان لا دەبرێن.

عەمید روکن عەبدوڵڵا دەلۆیی، فەرماندەی لیوای 15ی سوپای عێراق لەکەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند"بە بڕیاری وەزارەتی بەرگری عێراق ئەو بەرپرسە کوردانەی کەرکووک کە لەسوپادان بەشێکیان لابراون و بەشێکیشیان گوازراونەتەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق".

بەپێی ئەو بڕیارە، عەمید روکن عەبدوڵڵا دەلۆیی، فەرماندەی لیوای 15 و عەمید روکن هیوا ئەحمەد فەرماندەی لیوای16 و پێنج ئامر فەوج بەناوەکانی: عەقید وریا، موقەدەم عوسمان، محەممەد سیاسی لەکەرکووک دوور دەخرێنەوە.

عەبدوڵڵا دەلۆیی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی بڕیارەکە من دەگوازرێمەوە بۆ تکریت و تورکمانێک دەهێنرێتە جێگەم، فەرماندەی لیوای 16ـەش دەگوازرێتەوە بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی بەرپرسیارێتی بدرێتێ و عەرەبێک دەچێتە شوێنی، لە هەرسێ ئامر فەوجەکەش تەنیا موقەدەم عوسمان پۆستی بۆ دیاریکراوە لە لیوای نەوت".

# بوودجەی کوردستان کەمدەکرێتەوە

**رووداو- هەولێر**

بوودجەی ساڵی داهاتووی حکومەتی عێراق 78 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار دەبێت، لەو بوودجەیەش بەپێی رێژەی 17%ی هەرێمی کوردستان، دوای دەرکردنی خەرجییە سیادییەکان پشکی 11 ملیار و 500 هەزار بەر کوردستان دەکەوێت، بەڵام حکومەتی عێراق ئامادە نییە خەرجییەکانی هێزی پێشمەرگە بخاتە سەر خەرجییە سیادییەکان و دەیەوێت 9 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار بداتە کوردستان.

یەکێک لەو ناکۆکیانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدا هەیە مەسەلەی دیاریکردنی خەرجیەکانی هێزی پێشمەرگەیە کە داوادەکرێت بخرێتە سەر خەرجییە سیادییەکان، بەڵام حکومەتی بەغدا قبوڵ ناکات بودجەی پێشمەرگە بخرێتە سەر خەرجییە سیادی.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) گوتی "عێراق قبوڵ ناکات خەرجی هێزی پێشمەرگە لەسەر بودجەی سیادی عێراق بێت و بەسەرکردایەتی کورد دەڵێت ئەو خەرجییە لەبودجەی خۆتان بدەن، کوردیش لەبەر ئەوەی بودجەی وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق لەبودجەی گشتی عێراق دابین دەکرێت، دەبێ بودجەی هێزی پێشمەرگەش لەسەر ئەو بودجەیە بێت، بەڵام حکومەتی عێراق ئەمە قبوڵ ناکات".

عێراق خەرجییەکانی سەرۆکایەتی بەڕێژەیەکی ئەوەندە زۆر دەخەمڵێنێت کە 25%ی بودجەی عێراق لەو خەرجییە دەڕوات.

خەرجییە سیادییەکان بریتییەن لە بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و بودجەی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و هەندێک خەرجی دیکەی سەرەکی.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند "تائێستا پرۆژە یاسای بودجەی 2009 نەهاتووەتە پەرلەمان بۆیە ئاگاداری هەندێک وردەکاری نیم".

# وەزارەتی دارایی بڕیاری خەرجکردنی 27 ملیار دیناری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری دەدات

**تایبەت بە رووداو**

ئەندامێکی دەستەی داواکاری گشتی رایگەیاند دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی دیارنەمانی 27 ملیار دیناری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری عێراق لەنێوان هەولێرو بەغدادا لە رۆژنامەی (رووداو) هەمان رۆژ داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ کردو دەرکەوت پارە بلۆککراوەکە ئێستاش وەزارەتی دارایی کوردستان بڕیاریداوە ئەو پارەیە بداتە خاوەن کێشە موڵکدارییەکان.

دادوەر عەبدوڵڵا سەلام، ئەندامی داواکاری گشتی بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی لە ژمارە 16ی رۆژنامەی (رووداو)دا هەواڵی دیارنەمانی 27 ملیارو660 ملیۆن دیناری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری عێراقی لەنێوان هەولێرو بەغدادا بڵاوکرایەوە، هەمان رۆژ بەدواداچوونمان بۆ کرد، چونکە ئەم بڕە پارەیە تەرخانکراوە بۆ ئەو هاووڵاتییانەی لەسەردەمی حوکمی بەعسدا زیانیان بەرکەوتووە و بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەرچووە".

ئەو ئەندامەی دەستەی داواکاری گشتی ئاماژەی بەوەشدا کە پێش ئەوەی سکاڵای گشتی بجوڵێنن نووسراوێکیان ئاراستەی نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری عێراقی کرد بە ژمارە 22 لە 2008/7/21دا و تەواوی ئەو بەڵگەنامەو نووسراوانەیان لێوەرگرتن کە پەیوەندییان بەو بڕە پارەوە هەبوو.

دادوەر عەبدوڵڵا سەلام گوتی "دوای کۆکردنەوەی بەڵگەکان لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد و وتەی بەڕێوەبەری دەستەی موڵکداری گشتیمان وەرگرت، پاش ماوەیەک وەزارەتی دارایی کوردستان رەزامەندییان دەربڕی بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە تەرخان بکەن، بەڵام ئێمە نەگەیشتینە ئەو قۆناخەی بزانین پارەکە لەهەولێر دیار نەمابوو یان لەبەغدا".

دارا حسێن، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری عێراقی بە (رووداو)ی راگەیاند "لەساڵی 2005ەوە وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان ئەو پارەیان بەدەست گەیشتووە، ئێستاش بەهەوڵی رۆژنامەی (رووداو) و پارێزگاری هەولێرو داواکاری گشتی توانیمان پارەکە وەربگرینەوە"، گوتیشی "ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار بدات لەسبەینێوە دەستدەکەین بەدابەشکردنی ئەو پارانە کە هی دانیشتوانی کۆمەڵگا زۆرەملێکانن".

## 9زارۆکێن وی مانە بێ خودان

# "وەلید ب بڤران هاتیە کوشتن"

**بەرەڤان ئەحمەد**

**رووداو- زاخو**

دەمژمێر 3 ی شەڤا12-13/9/2008، شڤانەک ل بەر پەزی هاتە رەڤاندن و پشتی هینگێ ب کوشتی هاتە ڤەدیتن.

وەلید رەمەزان، تەمەن 33 سال، ل گوندێ عەمەراغا سەر ب دەڤەرا زاخۆ، پشتی هاتیە رەڤاندن ژ لایێ چەند کەسان هاتە کوشتن و تەرمێ وی رۆژا 2008/9/17 هاتە ڤەدیتن.

ژێدەرکی ژ بنەمالا وەلیدی بۆ (رووداو ) راگەهاند کو، بەری هەشت سالان کێشەیەکا خویندارى دناڤبەرا وان و بنەماڵەکا دن دا هەبوو بەلێ سولاح ب پتر ژ 160 هزار دیناران وی دەمی هاتبووە کرن. هەر وی ژێدەری دیار کر "وەلیدی چ کێشەیەک دگەل چ کەسان نەبوو و، رۆژانە د بەر چاڤێن خویندارێن کەڤنێن خوە دا هاتوو چۆن دکر، بەلێ مە گومان ل سەر وان هەیە، چونکی پتر ژ چوار زەلامێن وان رەڤینە بۆ تورکیا".



ل گۆر زانیارییێن ئەو خزمێ وەلیدی "وەلید ب بڤران هاتیە کوشتن و تەرمێ وی ل وی گوندی هاتییە فرەدان و ژ لایێ شڤانەکێ ئێزدی ڤە هاتییە دیتن". هەروەسا گۆت کو ئەو د وێ باوەڕێدانە کو نزیکی 10 کەسا پشکداری د کوشتنا وی دا کرییە "وان ب عەزاب وەلید کوشت، نە مومکینە بهێلین خوینا وی بەر ئاڤێدا بچی".

وەلیدی دوو ژن هەنە و بابێ 9 زارۆکانە کو یەک ژ وان هەر د شەڤا رویدانێ دا هاتیە سەر دونیایێ و 15 زارۆکێن 2 برایێن وی یێن بەری نها کو ل سەر کێشەیەکێ هاتبوونە کوشتن ب هیڤیا وی ڤە ما بوون.

رێڤەبەریا پۆلیسی ل زاخۆ دەست ب ڤەکۆلینێ کریە ل دۆر وێ رووادانێ و ژێدەرەکی ژ لقا 8 یا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (رووداو) راگەهاند بەشێ کومەلایەتی لقێ لیژنەیەک پێکئینایە بۆ کونترۆلکرنی و مەزنتر نەبوونا وێ کێشەیێ.

# لەرەمەزاندا تیرۆر لە موسڵ پەرە دەستێنێ و هێرشبەرانیش تەمەنیان لە 11 ساڵ زیاتر نییە

## فەرماندەیەکی ئەمریکی: منداڵان تەوقەمان لەگەڵ دەکەن و پاشان بۆمبمان تێدەگرن

**رووداو- شەرق ئەلئەوسەت**

کەشەکە جێی مەترسی بوو، ئەوانەی لەو گەڕەکەی شاری مووسڵدا دەژین لەپڕ هەرهەموویان بزر بوون، واتە هێرشێک لە ئان وساتدا بەڕێوەیە.

پلەدارێکی ئەمریکی کە زرێپۆشێکی ئەمریکی لە جۆری هامفیی لەبەر دەستدا بوو، لەو کاتەی چاودێریی دەورییەیەکی عێراقیی دەکرد کە بە بەردەم مۆڵگەیەکی سەربازیدا گوزەری دەکرد، بە پێکەنینەوە گوتی "مەحاڵە! هیچ شتێک ڕوو نادات و کەس پەلاماری دەورییەکە نادات".

هەردوای چەند چرکەیەک تەقینەوەیەک لە نزیک دەورییەکە روویدا، کەس بەرنەکەوت بەڵام دیوارەکانی مۆڵگەکەی هەژاند، هەرزووش پۆلیسەکان چەکەکانیان کۆکردەوەو بە پەلە خۆیان کوتایەوە نێو هامفییەکەو لە مۆڵگەکە دوورکەوتنەوە.

وێڕای ئەو گۆڕانە باشەی بەسەر رەوشی ئەمنیی عێراقدا هاتووە، بەڵام بەبۆچوونی ژەنەراڵ (لوید ئۆستن) کە دووەمین سەرکردەی گرنگی ئەمریکایە لە عێراقدا، هێشتا رەوشەکە شلۆقە.

شاری مووسڵ باشترین بەڵگەیە کە رەوشی ئەمنیی عێراق هێشتا شلۆق و نائارامە، چونکە یاخییانی سوننە کە لە بەغداو چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق دەرکراون ئێستا مووسڵیان کردووەتە مۆڵگەی خۆیان.

ئاژانسی ئاسوشێیتد پرێس لەزاری (ئەریک هیلوگ) فەرماندەی یەکەیەکی سەربازی لە مووسڵەوە گوتی "لەوەتەی بووەتە رەمەزان، رەوشەکە هەر بەجارێ وێران بووە، بە هاوەن بۆردوومان کراوین و تەقە لە تاوەرەکانی پاسەوانی دەکرێت و بە بۆمبیش هێرش کراوەتە سەرمان".

هیلوگ دەشڵێ "دۆخەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سەربازان شوێنی خەوی خۆشیان گۆڕیوە، لەوەش دەترسین کە یەکێکیان دەروازەی سەربازگەکەمان لێ کۆنترۆڵ بکات".

(تیم کاریر) کە تا ئێستا لە تەقینەوەی شەش بۆمبدا بە سەلامەتی دەرچووە دەڵێ "لەڕاستیدا من نازانم ئێمە بە دروستی شەڕ لەگەڵ کێ دەکەین، ئەگەر یەکێکمان بینی بۆمبێک دەنێتەوە یان تەقەمان لێ دەکات، ئەوکات بە دروستی دەزانین شەڕ لەگەڵ کێ دەکەین، ئەگەرنا بۆت ناکرێ خەڵکی سڤیل لە ئەندامانی قاعیدە جودا بکەیتەوە، دەبینی منداڵێک بەرەو پیرت دێت تا تەوقەت لەگەڵ بکات، کەچی هێندەی پێناچێ بۆمبێکت تێدەگرێت".

چەند سەربازێکی ئەمریکی گوتیان کە هەندێ لە هێرشکەران تەمەنیان لە 11 ساڵ تێپەڕ ناکات.

## ڕاپۆرت

### ناکۆکیمان لەگەڵ حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر شتی شەخسی نییە



ڕووداو-سلێمانی

◆ نەوشیروان مستەفا، بەرپرسی کۆمپانیای وشە، لەوتارێکیدا کە لە (ڕۆژنامە)دا بڵاو بووەتەوە دەڵێت ناکۆکی ئەوان لەگەڵ حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر شتی شەخسی نییە "بەڵکو لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتە". نەوشیروان لەبەشێکی وتارەکەیدا ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە بەداکۆکیکار لەدەسەڵات ناوی هێناون و دەڵێت "ئەوان دیانەوێت سامانی وڵاتەکەو کارو فەرمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و زەلیلکردنی خەڵک بەکار بهێنن".

# ڕێکخراوێک 35 ملیۆن دیناری مامۆستایان دەخوات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

25 مامۆستا سکاڵایان لە دژی ڕێکخراوێک تۆمارکرد و ڕێکخراوەکە بە لێخواردنی 35 ملیۆن دینار تۆمەتبار دەکەن و پۆلیسیش دوو لەکارمەندانی ڕێکخراوەکە بە ناوەکانی (س و هـ) دەستگیر دەکات.

ڕێکخراوی ئەلفابێتا، لە هاوینی ئەمساڵ خولێکی بەهێزکردنی هەردوو وانەی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی قۆناخی بنەڕەتی کردەوەو هەر قوتابییەکیش لەبەرامبەر بەشداریکردنی لەو خولەدا 20 هەزار دیناری لێوەرگیراوە.

ڕێکخراوی ناوبراو بەنووسراوی ژمارە 6042 لەڕۆژی 2008/4/20 ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێری وەرگرتووە، بۆ کردنەوەی خولی بەهێزکردنی قوتابییانی قۆناخی بنەڕەتی بۆ هەردوو وانەی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر.

فەیسەڵ حەسەن تەها، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر بۆ کاروباری تەکنیکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک مامۆستانووسراوێکیان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دووی هەولێر ئاراستە کردین، دوای ڕەزامەندی کردنەوەی خولێکی بەهێزکردنیان بۆ هەردو وانەی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی کردبوو، لەگەڵ نووسراوەکەش پرۆگرامی خولەکەیان باسکردبوو".

فەیسەڵ حەسەن ڕاشیگەیاند هیچ مامۆستایەک لەلایەن قوتابخانەکانەوە بۆ خولەکە دابین نەکرابوو، بەڵکو ڕێکخراوەکە خۆی گرێبەستی لەگەڵ چەند مامۆستایەک کردبوو بۆ کردنەوەی خولەکە. جێگری بەڕێوەبەری پەروەردە ڕێکخراوەکەی بە ئەنجامنەدانی کارەکانی تۆمەتبار کرد و گوتیشی" لەمەولا ڕێگە بەهیچ ڕێکخراوێکی دیکە نادەین ئەگەر پێشینەی نەزانین خولی لەم جۆرە لەسنووری پەروەردەکان بکاتەوە".

بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی خولەکە کردوویەتی، بڕی 150 هەزار دینار بۆ هەر شەفتێک وانە گوتنەوە بووە، جگە لە خەرجکردنی بڕی 50 هەزار دینار بۆ کرێی هاتووچۆکردنیان، بەڵام ڕێکخراوەکە پارەی زۆربەی مامۆستاکانی نەداوە.

نووسینگەی ڕێکخراوەکە کە لە گەڕەکی خانزاد (دۆلاراوە)ی شاری هەولێرە، بەبڕیاری پارێزگای هەولێر داخرا و تابلۆی ڕێکخراوەکەش هێنرایە خوارەوە. عەقید خالد عەباس ڕەشید، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی دیوانی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "58 مامۆستا ساکالایان لەسەر ئەو ڕێکخراوە تۆمار کردبوو، کە 35 ملیۆن دیناری لێخواردبوون، دوای چەند جارێک گفتۆگۆ، بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بەڵێنیان دا پارەی مامۆستایەکان بدەن، بەڵام پابەند نەبوون بە بەڵێنەکەیان، بۆیە بریاری داخستنی ڕێکخراوەکەمان دا".

عەقید خالد، ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە ئەو ڕێکخراوە مۆڵەتی یاسایی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ وەرنەگرتبوو، بۆیەش ڕەخنە لە ڕێگەدان بەکارکردنی ئەو ڕێکخراوە گرت و گوتی " لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکە مۆڵەتی نییە نەدەبوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر ڕێگەی پێبدات خول بۆ قوتابیان بکاتەوە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش، لەبارەی کێشەی ئەو ڕێکخراوە زانیاری دا بە (ڕووداو) و ڕایگەیاند کە بەبڕیاری دادگا دوو لەبەرپرسانی ڕێکخراوەکە دەستگیر کراون و گوتیشی "تاوەکو ئێستا 25 سکاڵا لەلایەن مامۆستایان، لەسەر ئەو ڕێکخراوە لەبنکەکانی پۆلیس تۆمار کراوە".

خولەکە لەلایەن ڕێکخراوی ئەلفابێتا، لە ڕۆژی 2008/6/1 دەستپێکردو لە 21 قوتابخانەی بنەڕەتی کراوەتەوە، زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە وانەکانیشیان دەگوتەوە قوتابیانی قۆناخی چوارەمی بەشی ئینگلیزی کۆلیژی زانستە پەروەردەییەکان بوون.

یەکێک لەسەرپەرشتیارانی خولەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەو ڕێکخراوە پارەی نزیکەی 100 مامۆستاو بەردەست وسەرپەرشتیاری نەداوە کە لە 21 قوتابخانە وانەیان دەگوتەوە"، ئەو سەرپەشتیارە گوتی تەنیا بەپێی ئەو حسابەی ئەو کردوویەتی قەرزاری ڕێکخراوەکە دەگاتە بڕی 20 ملیۆن دینار.

مامۆستا هونەر عادل ئەبوبەکر، کە مامۆستای وانەی ئینگلیزییە، بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلفابێتا ڕێککەوتبوو کە بۆ ماوەی 25 ڕۆژ لە یەکێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر وانە بڵێتەوە، دەبوایە بۆ هەر شەفتێکی وانە گوتنەوە 150 هەزار دینار وەربگرێ، بەڵام تا ئێستا یەک دیناری وەرنەگرتووە. کاتێکیش سەردانی ڕێکخراوەکەی کردووە بینیویەتی ڕێکخراوەکە داخراوە.

ئەو مامۆستایە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی"زۆر دەستی دەستیان پێکردین، دوایی بۆمان دەرکەوت کە دەیانەوێت پارەمان نەدەنێ، بۆیە لەگەڵ چەند مامۆستایەک لەبنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین سکاڵامان لەدژی ڕێکخراوەکە تۆمار کرد".

مامۆستا هونەر گلەیی زۆری لە وەزارەتی پەروەردە کرد کە ڕێگەی بەو ڕێکخراوە داوە خولی بەهێزکردن بۆ قوتابیان بکاتەوە، بەبێ ئەوەی ڕێکخراوەکە مۆڵەتی هەبێت و سەرچاوەی داراییشی دیار بێت.

بارزان عەبدولغەفور، کە یەکێکی دیکەیە لەو مامۆستایانەی بەشداری خولەکەی کردووەو بۆ ماوەی 25 ڕۆژ وانەی گوتووتەوە، خولەکەی بەخولێکی باش دانا"بەڵام ڕێکخراوەکە بەهۆی پارەنەدان و فیڵکردن لەمامۆستایان متمانەی خۆی لەدەستدا".

ئەو مامۆستایە، کە 400 هەزار دیناری کەوتووەتە لای ڕێکخراوەکە، سکاڵای لەسەر تۆمار کردوون و گوتی "هیوا دارم وەزارەتی پەروەردە ڕێگە بە ڕێکخراوی لەو شێوەیە نەدا، کە قۆڵی من و سەتان مامۆیستای دیکە ببڕێت، چونکە زۆربەی مامۆستاکان بەهۆی کەم دەرامەتیان بەشداریان لەخولەکە کردبوو".



بە فەرمانی پارێزگای هەولێر ڕێکخراوی ئەلفابێتای بێ مۆڵەت داخرا (فۆتۆ:ڕووداو)

# دابونەریتی گشتی و ئاسایشی نیشتیمانی لەیاسای کاری ڕۆژنامەگەریدا دەهێڵدرێتەوە

**ڕووداو–هەولێر**

هەردوو لیژنەی ڕۆشنبیری و یاسایی و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەمەڕ پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی و هەندێ گۆڕانکاری داواکراو پەسەندکران،بەڵام دەستەواژە پێناسە نەکراوەکانی وەک: ڕێزگرتن لەداب و نەریتی گشتی، ئاسایشی نیشتمانی لەیاساکەدا دەمێننەوە، کە بڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکاتەوە.

ئاریزعەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەردوو لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری و سەرۆکایەتی پەرلەمان گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەمەڕ پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەوانی، بەڵام هەندێک خاڵ هەیە تائێستاش بۆچوونی جیاوازیان لەسەرە".

پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لە ڕێی حکومەتەوە پێشکێشی پەرلەمان کرا، لە 2007/12/11 بە کۆمەڵێک دەستکاری زۆرەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا. بەڵام ئەوە نارەزایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەکان و ڕێکخراوە بیانییەکانی لێکەوتەوەو لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکرایەوە و نێردرایەوە پەرلەمان.

بەپێی گفتوگۆکانی هەردوو لیژنەی ڕۆشنبیری و یاسایی چەندین گۆڕانکاری بۆ ڕازیکردنی ڕۆژنامەنووسان بە یاساکە کراوە وسەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەو گۆرانکاریانە ڕازییە، کە کاتی خۆی عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (الاسبوعیە)دا بە یاسایەکی نەگونجاو وەسفیکرد و دانی بەوە دانا کە ئەو یاسایە سزای گرتنی ڕۆژنامەنووسانیشی تێدایە، کە ئەوەش پێچەوانەی فەلسەفەی پرۆژە یاساکەی سەندیکا بوو کە دەیویست سزای دارایی جێگەی گرتن بگرێتەوە.

بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی لەپرۆژە یاساکە کراوە، ئەو خاڵە لابراوە کە سەرنووسەری ڕۆژنامەکان دەبێت ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێت، هەروەها ئەو سزا داراییەی کە پێشتر لەسەر ڕۆژنامەنووس دانرابوو کەمکراوەتەوە، بەڵام سزای دارایی لەسەر ڕۆژنامەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەوەش جێی گلەیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشە. ئاریز عەبدوڵڵا گوتی "لێژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کەمکردنەوەی سزای دارایی ڕۆژنامەنووسدان، بەڵام لەگەڵ کەمکردنەوەی سزای دارایی ڕۆژنامەدا نین".

لەمادە 10ی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەتکرایەوە، هاتووە:دەکرێت بەیاسایەکی توندتر لە یاسای ڕۆژنامەگەری، دادگا هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بکات. بەڵام بەپێی قسەی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان "ئەو مادەیە لەیاساکە لابردراوە".

بەپێی گوتەی ئاریز عەبدوڵڵا، لەمادەی دووەمی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانیدا هەوڵدراوە ئازادی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنووسان دەستەبەر بکرێت "بەڵام لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەبێت دەستەواژەی داب و نەریتی گشتی پارێزراو بێت و وەک خۆی بمێنێتەوە".

بەپێی ئەو ماددەیەی کە هەریەک لەلیژنەی یاسایی و لێژنەی ڕۆشنبیری و سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەزامەندیان لەسەر داوە :ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییەو ئازادی بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتییەکە لەچوارچێوەی ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادییە تایبەتییەکانی تاک و تایبەتمەندی ژیانی و پاراستنی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەڵگەنامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان دەستەبەرە.

لەبرگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتووە کە"ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە هەر زانیارییەک کە سود و بایەخی بۆ هاووڵاتیان هەبێت لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە دەستی بخات و بڵاوی بکاتەوە، تەنیا ئەو زانیاریانە نەبێت کە لەبواری سەربازی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا زیان بەئاسایشی نیشتیمانی دەگەیێنن".

بۆ دەرکردنی یاسایەکی نزیک لە خواستی ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لەدوای دوایین کۆنگرەی خۆی کۆمەڵێک پێشنیازی ئاراستەی پەرلەمان کرد، هەروەها هەردوو مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی چەند پێشنیازێکیان دایە سەرۆکی کوردستان، دوێنێش کۆمەڵێک ڕۆژنامە، کە یەکێکیان (ڕووداو) ە کۆمەڵێک پێشنیازیان لەپێناو دەرکردنی یاسایەکی گونجاوی ڕۆژنامەنووسی پێشکێشی پەرلەمان کرد.



## بەرپرسی نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی:

# 115 پاڵاوگەی نایاسایی قیڕ لە کوردستان سەرچاوەی خراپی ڕێگەوبانەکانی کوردستانن



**ڕووداو– سلێمانی**

بەرپرسی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندن "115 پاڵاوگەی قیری نایاسایی لە کوردستانداهەن و بەرپرسی باڵایان لە پشتە"، و هۆکاری خراپی ڕێگاوبانەکانی کوردستانیشی گەڕاندەوە بۆ خراپی بەرهەمی ئەم پاڵاوگانە .

ڕەفعەت عەبدولڕەحمان، بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕوونیکردەوە کە لەگەڵ بەڵێندەرکان و بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبان، ئاوەدانکردنەوە،پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کۆبوونەوەیان کرد ووە، بۆ بەداچوونی ئەو پاڵاوگانە و بەرهەمیان. گوتیشی بەتایبەتیش بەدواداچوونیان بۆ هۆکاری خراپی ڕێگەی تاسڵوجە– دوکان و عەربەت – سلێمانی کردووە و ڕایگەیاند "بۆمان دەرکەوت هۆکاری بنەڕەتی خراپبوونی قێڕی ڕێگەکان قیری قاچاخە".

بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان سەرچاوەی ئەو قیرە قاچاخەیشی بۆ پاڵاوگەکانی قیری کوردستان گەڕاندەوە "ئەو پاڵاوگانەی قیریان لێ دروستدەکرێت هەموویان نایاساین و بەدزییەوە کاردەکەن و هیچ مۆڵەتێکی حکومیان نییە، دوای بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوت نە لە پارێزگاو نە لەبەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبان و شارەوانییەکان مۆڵەتیان نییە".

ڕەفعەت عەبدولرەحمان ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە زۆربەی ئەو قیرەی لە شەقامەکانی کوردستاندا بەکاردێت، قیرێکی خراپ و نایاساییە"پێشنیارمان کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە ئەو 115 پاڵاوگەی نایاساییەی قیڕ کە لە کوردستاندا هەن هەموویان دابخرێن و بدرێنە دادگا بۆ ئەوەی سزای یاسایی خۆیان وەربگرن"، گوتیشی 10 لەو پاڵاوگانە لە سلێمانین.

بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان،گوتیشی ئەوان داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان و وەزیرە پەیوەندیدارەکانی بانگ بکاتە پەرلەمان بۆ پرسیار لێکردنیان لەبارەی ئەو گرفتەوە.

بەرپرسی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەشی ئاشکراکرد کە چەندین بەرپرس لەپشت ئەو کارگە و پاڵاوگانەوەن "ئەگەر پاڵاوگەیەک بەرپرسی لەپشت نەبێت ناتوانێت بە نایاسایی کاربکات، لە تانجەرۆ دوو پاڵاوگەی گەورە دانراوەو زەویەکی زۆری داگیرکردووەو مۆڵەتی هیچ دامەزراوەیەکی حکومی نییە و ژینگە پیسدەکات و لەچەندین شوێنی دیکەش ئەوە بەڕوونی دیارە کە دەبێت بەرپرسی گەورە لە پشت ئەو پاڵاوگانەوە بێت".

لەگەڵ ئەوەی ڕەفعەت عەبدورحمان داخستنی ئەم پاڵاوگانەی بەکارێکی قورس ناوبرد، بەڵام سووربوونی خۆیان لەسەر داخستنیان دووپات کردەوەو ڕایگەیاند"داخستنیان لە بەرژەوەندی میللەتی تێدایەو ناترسین لەوەی گرفتمان بۆ دروستبکەن و تەنانەت بیشکوژرێین، ئەگەر حکومەت لێیپێچینەوە نەکات ئێمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەڵێین ئەم هەنگاوانەمان ناوە بەڵام حکومەت هیچی نەکردووە".



# ڕێپۆرتاژ

**به‌رپرسانی ئه‌مریکی:**
**مالیکی هه‌ست ده‌کات به‌هێز بووه بۆیه وه‌ک جاران گوێمان لێناگرێ**

**به‌غدا- لۆس ئه‌نجلس تایمز**

**◆ به‌رپرسانی ئه‌مریکی ترسی ئه‌وه‌یان لێنیشتووه مالیکی له‌کۆنترۆڵی ئه‌وان ده‌ربچێ و دواجار که‌مبوونه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتیان له‌عێراقدا به‌قازانجی ئێران بشکێته‌وه. به‌رپرسێکی باڵیۆزخانه‌ی ئه‌مریکاش له‌به‌غدا رایگه‌یاند که نوری مالیکی سه‌رۆک وه‌زیران له‌ووه‌تای هه‌ستده‌کات توانایه‌کی زیاتری هه‌یه وه‌ک جاران گوێ له‌وان ناگرێ، گوتیشی "ده‌مانزانی ئه‌و رۆژه هه‌ردێت".**



## مالیکی داوای حکومه‌تێکی مه‌رکه‌زیی به‌هێز ده‌کات

# به‌غداو هه‌ولێر له‌سه‌ر دووڕیانن

**رووداو- هه‌ولێر**

هه‌فته‌ی رابردوو کێشه‌مه‌کێش و ململانێی نێوان هه‌ولێرو به‌غدا هه‌ندێک په‌ره‌سه‌ندنی نوێی به‌خۆوه‌بینی، هه‌مان رۆژی 17ی ئه‌یلوول که سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد له هاوینه‌هه‌واری سه‌لاحه‌دین خه‌ریکی شیکردنه‌وه‌ی دیدگاو تێڕوانینه‌کانی خۆی بوو بۆ رایان کرۆکه‌ری باڵیۆزی ئه‌مریکا له‌عێراق، نوری مالیکی سه‌رۆک وه‌زیران به روونکردنه‌وه‌ی بۆچوون و تێڕوانینه‌کانی خۆی بۆ به‌ڕێوه‌به‌ری که‌ناڵه ئاسمانییه عێراقییه‌کان له‌مه‌ڕ کێشه‌کانی نێوان به‌غداو هه‌ولێر، خه‌ریکی دروستکردنی یه‌کده‌نگییه‌کی میدیایی بوو بۆ قه‌ناعه‌تهێنانیان به فراوانکردنی ده‌سه‌ڵاتی به‌غدا و که‌مکردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێمی کوردستان .

هاوکاتبوونی گه‌یشتنی کرۆکه‌ر بۆ سه‌لاحه‌دین و کۆکردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری که‌ناڵه ئاسمانییه‌کان له‌لایه‌ن مالیکییه‌وه رێکه‌وت بووبێت یان نا، دیمه‌نێکی پێشکێشی چاودێران کرد که هه‌ردوو جه‌مسه‌ری ململانێ له‌سه‌ر ئاستی جیاوازو به‌ره‌ی جیاواز خه‌ریکی کۆکردنه‌وه‌ی پشتگیرین بۆ هه‌ڵوێستی خۆیان.

### له سه‌لاحه‌دین باسی کشانه‌وه له به‌غدا نه‌کرا

سه‌رۆکی هه‌رێمی کوردستان و باڵیۆزی ئه‌مریکا له‌عێراق، پاش زنجیره‌یه‌ک کۆبوونه‌وه، له‌پرێس کۆنفرانسێکدا بۆ رۆژنامه‌وانان رایانگه‌یاند که رێککه‌وتننامه‌ی ئه‌منیی نێوان عێراق و ئه‌مریکا، یاسای هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگاکان، گرژییه‌کانی ئه‌م دواییه‌ی خانه‌قین و مادده‌ی 140ی ده‌ستوور له ته‌وه‌ره سه‌ره‌کییه‌کانی ئه‌و گفتوگۆیه بوون.

لایه‌نی ئه‌مریکی که هاوکات له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵمه‌ته‌کانی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆکایه‌تیی له‌گه‌ڵ کات له پێشبڕکێدایه بۆئه‌وه‌ی تا کۆتایی ئه‌مساڵ که واده‌ی مانه‌وه‌ی هێزه‌کانی له‌چوارچێوه‌ی بڕیاری ئه‌نجومه‌نی ئاسایشدا کۆتایی دێت و هه‌ڵبژاردنه‌کانی ئه‌مریکا ده‌کرێن، بتوانێ رێککه‌وتننامه‌ی ئه‌منی له‌گه‌ڵ عێراق مۆربکات و بنه‌مایه‌ک بۆ مانه‌وه‌ی هێزه‌کانی مسۆگه‌ر بکات، به‌پله‌ی یه‌که‌م له هه‌وڵی زامنکردنی پشتیوانیی کورد دایه بۆ رێککه‌وتننامه‌که، هه‌رچی لایه‌نی کوردیشه ده‌یه‌وێت دڵنیابێت که ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کان لێناگه‌ڕێ نوری مالیکی له‌ژێر گوشاری وڵاتانی دراوسێدا ده‌ست بۆ ده‌ستکه‌وته‌کانی ببات، کرۆکه‌ر له‌م چوارچێوه‌یه‌دا جه‌ختی له‌سه‌ر پێکه‌وه کارکردن بۆ بنیاتنانی عێراقێکی نوێ کرده‌وه که "هه‌رگیز رێگه به سه‌رهه‌ڵدانه‌وه‌ی کاره‌ساته‌کانی رژێمی کۆن نه‌دات".

هه‌رچه‌نده هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی رۆژنامه‌وانی له‌زاری چاودێرانی کورده‌وه پێشبینی ئه‌وه‌یان کردبوو که کرۆکه‌ر له‌و سه‌ردانه‌دا هانی سه‌رکردایه‌تی کورد ده‌دات بۆئه‌وه‌ی ده‌ستبه‌رداری بیرۆکه‌ی کشانه‌وه له‌پرۆسه‌ی سیاسی بێت، به‌ڵام سه‌رچاوه‌یه‌کی زۆر نزیک له کۆبوونه‌وه‌که له لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ره‌تیکرده‌وه که ئه‌گه‌ری پاشه‌کشه‌ی کورد له‌پرۆسه‌ی سیاسی له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا خرابێته به‌رباس.

### ئه‌گه‌ره‌کانی کشانه‌وه

هه‌رچه‌نده هێوربوونه‌وه‌ی گرژییه‌کانی ئه‌م دواییه‌ی خانه‌قین و دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێکی ته‌وافوقی بۆ ئه‌و کێشه‌یه به‌لای هه‌ندێکه‌وه وه‌ک ئاماژه‌یه‌ک بۆ ده‌ربازبوون له‌و قه‌یرانه ته‌ماشا ده‌کرا، به‌ڵام رۆژی 2008/9/17 نوری مالیکی سه‌رۆک وه‌زیران به‌خستنه‌ڕووی تێڕوانینه‌کانی خۆی سه‌باره‌ت به پره‌نسیپی شه‌راکه‌ت، فیدراڵی و ده‌سه‌ڵاتی مه‌رکه‌زی، ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێم و پارێزگاکان سنوورێکی بۆ ئه‌و گه‌شبینییه داناو به‌شێوه‌یه‌کی ناڕاسته‌وخۆ په‌یامێکی ئاراسته‌ی هه‌رێمی کوردستان کرد که ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی ده‌ڵێت: ئه‌وه‌ی ئێوه به ده‌ستکه‌وتی ده‌ستووری و یاسایی ده‌زانن قابیلی مشتومڕو لێکدانه‌وه‌ی جیاوازه.

مالیکی له کۆبوونه‌وه‌یدا له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری که‌ناڵه ئاسمانییه عێراقییه‌کان سه‌ره‌تا باسی له پره‌نسیپی شه‌راکه‌ت کرد که وه‌ک ئه‌و گوتی "هه‌ندێ جار وا ده‌خرێته‌ڕوو وه‌ک ئه‌وه‌ی که‌س به‌بێ ره‌زامه‌ندیی لایه‌نی به‌رامبه‌ر بۆی نه‌بێت بجوڵێته‌وه، ئه‌مه له ڤیتۆ نزیک ده‌بێته‌وه. شه‌راکه‌ت به‌مانای ڤیتۆ نییه لایه‌نێک له‌سه‌ر لایه‌نی به‌رامبه‌ری دابنێت، ئه‌مه جوڵه‌ی وڵات و حکومه‌ت سنووردار ده‌کات".

مالیکی ئه‌و جۆره تێگه‌یشتنه‌ی له شه‌راکه‌ت به "تێگه‌یشتنێکی ساده‌و ساکار" له‌قه‌ڵه‌مداو گوتی که "ئه‌م جۆره شه‌راکه‌ته ناتوانێ ده‌وڵه‌ت بنیات بنێ و بنه‌ماسازی بۆ ده‌ستوور بکات، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر ده‌رگای لێهه‌ڵبژاردنمان به‌ڕووی چه‌مکی شه‌راکه‌تدا کرده‌وه، ئه‌وه‌ی بۆخۆم باشه ده‌مه‌وێ و ئه‌وه‌ی بۆخۆم باش نییه نامه‌وێ، هه‌روه‌ها له‌بواری ده‌ستووریشدا، پابه‌ندی ده‌ستوور ده‌بم و پیرۆزی راده‌گرم کاتێک له به‌رژه‌وه‌ندی خۆم بوو، به‌ڵام ئه‌گه‌ر له به‌رژه‌وه‌ندی که‌سانی دیکه بوو لێی هه‌ڵده‌گه‌ڕێمه‌وه".

له‌پاش سه‌رهه‌ڵدانی کێشه‌ی خانه‌قینه‌وه به‌رپرسانی کورد له‌چه‌ند بۆنه‌یه‌کدا هۆشدارییان داوه که نوری مالیکی به‌ره‌و تاکڕه‌وی و دیکتاتۆریه‌ت مل ده‌نێ، مالیکی له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری که‌ناڵه ئاسمانییه‌کان کاتێک دێته سه‌رباسی سیستمی حوکمڕانی، خاڵ له‌سه‌ر پیته‌کان داده‌نێ و به‌رگری له حکومه‌تێکی مه‌رکه‌زیی به‌هێز ده‌کات "باسی حکومه‌تێکی مه‌رکه‌زیی به‌هێزمان کرد، به‌ڵام هه‌ندێک پێی تووڕه‌بوون، له‌راستیدا ئه‌وه به‌مانای ره‌تکردنه‌وه‌ی فیدراڵی نییه، به‌ڵێ فیدراڵییه‌تمان ده‌وێ، به‌ڵام ده‌مانه‌وێ بڵێین حکومه‌تی مه‌رکه‌زیی ده‌بێت له هه‌رێمه فیدراڵه‌کان به‌هێزتر بێت نه‌ک به‌پێچه‌وانه‌وه، نابێت حکومه‌تی مه‌رکه‌زی ئه‌وه‌بێت که هه‌ندێک بیری لێده‌که‌نه‌وه، ته‌نیا ئامرازی کۆکردنه‌وه‌و به‌رهه‌مهێنان و دابه‌شکردنی پاره بێت، هه‌ندێک پێیانوایه ده‌بێت حکومه‌تی مه‌رکه‌زی له‌و ئاسته لاوازه‌دا بێت، ئه‌مه پێچه‌وانه‌ی ئامانجی سه‌ره‌کییه بۆ بنیاتنانی ده‌وڵه‌تێکی به‌هێز که توانای پاراستنی خۆی هه‌بێت".

مالیکی له‌باسی سنووری ده‌سه‌ڵاتی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا ئاماژه‌ی به‌مادده‌ی 58ی یاسای کاتیی ئیداره‌ی ده‌وڵه‌ت کردو گوتی "یاسای ئیداره‌ی ده‌وڵه‌ت ده‌ڵێت سنووری هه‌رێمی کوردستان ئه‌و ناوچانه‌یه که تا پێش 2003/3/19 له شه‌ش پارێزگای هه‌ولێر، ده‌هۆک سلێمانی، دیاله موسڵ و که‌رکووک له‌لایه‌ن حکومه‌تی هه‌رێمه‌وه به‌ڕێوه‌براون، بۆیه به‌شێک له‌و پارێزگایانه‌ی باکوور له‌لایه‌ن حکومه‌تی هه‌رێمه‌وه به‌ڕێوه‌براون که ده‌بێت له‌ده‌ستی حکومه‌تی فیدراڵدا بمێننه‌وه، وه‌ک ئه‌وه‌ی به‌شێک له هه‌ولێرو سلێمانی له‌ده‌ره‌وه‌ی سنووری هه‌رێم بوونه، له‌م شوێنانه‌دا هه‌رێم مافی ئه‌وه‌ی نییه ده‌ست له‌کاروباری په‌روه‌رده‌و پۆلیس و نه‌وت و سوپاو هیچ شتێک وه‌ربدات جا ناوچه‌که هه‌رچییه‌ک بێت و خه‌ڵکه‌که‌ی هه‌رچییه‌ک بن".

ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه، هاوکات له‌گه‌ڵ لێدوانه‌کانی مالیکی، ماوه‌یه‌که به‌رپرسانی عه‌ره‌ب، په‌رله‌مانتارو وه‌زیرو به‌رپرسانی حیزبی رۆژانه له‌ده‌زگاکانی راگه‌یاندنه‌وه به‌جۆرێک که له هه‌ڵمه‌تێک ده‌چێت، به‌لێدوانی توند دژی ده‌سه‌ڵاتداریێتی هه‌رێمی کوردستان خه‌ریکی زیاتر گرژکردنه‌وه‌ی که‌شوهه‌واکه‌ن.

ئه‌گه‌رچی سه‌رکردایه‌تی کورد به‌پێچه‌وانه‌ی رای گشتیی کوردستانه‌وه حه‌ماسه‌تێکی ئه‌وتۆ بۆ بیرۆکه‌ی پاشه‌کشێ له‌پرۆسه‌ی سیاسی پێشان نادات، به‌ڵام هه‌ندێ راپۆرتی رۆژنامه‌وانی له‌زاری چاودێرانی کورده‌وه باس له‌وه ده‌که‌ن که ئه‌و بیرۆکه‌یه پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی مام جه‌لال سه‌رۆک کۆماری عێراق له ئه‌مریکا ده‌خرێته به‌ر تاوتوێکردن.

به‌رپرسانی کورد وا له حکومه‌ته‌که‌ی مالیکی ده‌ڕوانن که له جێبه‌جێکردنی ئیستیحقاقه ده‌ستوورییه‌کانی کورددا به‌ئه‌نقه‌ست خه‌ریکی خاوه‌خاوه، له‌و بڕوایه‌شدان که پاش بنیاتنانه‌وه‌ی سوپاو ده‌زگا ئه‌منییه‌کان و پاش به‌ده‌ستهێنانی سه‌رکه‌وتن له هێورکردنه‌وه‌ی بارودۆخی ئه‌منی و سیاسیی عێراقدا ئه‌و داخوازیانه‌ی کورد به‌ته‌واوی پشتگوێ ده‌خات، ئێستاش مالیکی وا خه‌ریکه ئه‌م دوو مه‌رجه به‌ته‌واوی مسۆگه‌ر ده‌کات.

کورد که له‌ده‌وڵه‌تی نوێی عێراقدا خۆی به‌هاوبه‌شێکی سه‌ره‌کی ده‌زانێ و به‌شداریی له رزگارکردن و بنیاتنانه‌وه‌یدا کردووه‌و نه‌یهێشتووه پێی بخلیسکێته نێو جه‌نگی تایفه‌گه‌رییه‌وه، ئێستا هه‌ستده‌کات ئه‌م پرۆسه سیاسییه جگه له‌هه‌ندێ ده‌ستکه‌وتی سه‌ر کاغه‌ز هیچی دیکه‌ی پێ نه‌به‌خشیوه. هه‌رێمی کوردستان به‌و سنووره‌وه که ئێستا به‌رپرسانی نوێی عێراق پێداگری له‌سه‌ر ده‌که‌ن 11 ساڵ پێش رووخاندنی به‌عس هه‌بووه، ئه‌و نوێنه‌ره کوردانه‌ی پاش پرۆسه‌ی ئازادی چوونه‌ته به‌غدا ده‌سه‌ڵاتێکی ئه‌وتۆیان نییه‌و هه‌ر به‌رپرسێکی عێراقی له هه‌ر بوارێکدا بیه‌وێ ده‌توانێ کێشه‌ی راسته‌قینه بۆ هه‌رێمی کوردستان دروست بکات، هه‌موو ئه‌مانه ئه‌و هه‌سته‌یان لای رای گشتیی کورد دروستکردووه که به‌رده‌وامبوون له حکومه‌ت و په‌رله‌مانی عێراقیدا کوتانی ئاسنی سارده‌و هیچ مانایه‌کی نه‌ماوه. له‌م چوارچێوه‌یه‌دا زۆر له چاودێران پێشبینی ئه‌وه‌ده‌که‌ن که سه‌رکردایه‌تی کورد پێش بڕیاردان له‌سه‌ر پاشه‌کشێ دوایین کارتی خۆی بخاته‌ڕوو که ئه‌ویش هه‌وڵدانه بۆ رازیکردنی لایه‌نه‌کانی دیکه‌و به‌تایبه‌تیش ئیئتیلافی عێراقی بۆئه‌وه‌ی متمانه له‌مالیکی وه‌رگرنه‌وه که له‌م گه‌مه سیاسییه‌دا خه‌ریکی تێکدانی هاوسه‌نگی و بچوککردنه‌وه‌ی لایه‌نه‌کانی دیکه‌و گه‌وره‌کردنی خودی خۆیه‌تی تا وه‌ک رۆژنامه‌ی گاردیانی به‌ریتانی ده‌ڵێت له هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتوودا وه‌ک پاڵه‌وانێکی نیشتمانی و تاکه پاڵێوراوی به‌هێز خۆی پێشان بدات.

له‌راستیدا ئه‌م ته‌وقیته‌ی ئێستا بۆ گه‌مه‌کانی مالیکی له‌سه‌ر تێکدانی ئه‌و هاوسه‌نگییه ته‌وقیتێکی ته‌واو گونجاوه، به‌تایبه‌تیش که به‌رپرسانی ئه‌مریکا سه‌رقاڵی هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رۆکایه‌تین و له‌ئێستاشدا خه‌می گه‌وره‌یان بووه‌ته مۆرکردنی رێککه‌وتننامه‌ی ئه‌منی له‌گه‌ڵ به‌غدا که هه‌ر شکستێک له‌وه‌دا هه‌وڵ و ته‌قه‌لای پێنج ساڵی رابردوویان به‌با ده‌داو هه‌مووی ده‌چێته گیرفانی ئێرانه‌وه.

ئێستا پرسیاره‌که ئه‌وه‌یه ئایا کورد له‌ئاینده‌یه‌کی نزیکدا ئه‌و کارته دژی مالیکی به‌کارده‌هێنێ؟ وه‌ڵامی ئه‌و پرسیاره دوای ئه‌نجامه‌کانی سه‌ردانی چاوه‌ڕوانکراوی سه‌رۆکی هه‌رێمی کوردستان بۆ به‌غداو ئه‌نجامه‌کانی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌ی ئه‌نجوومه‌نی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی عێراق دیارده‌بێ، که بڕیاره پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی تاڵه‌بانی له ئه‌مریکاوه ئه‌نجامبدرێت.

له‌هه‌ردوو ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا کێشه هه‌ڵواسراوه‌کانی نێوان به‌غداو هه‌ولێر ده‌خرێنه به‌رباس و گفتوگۆ، هه‌ر شکستێکیش له‌و گفتوگۆیانه‌دا ده‌رگا به‌ڕووی زۆر په‌ره‌سه‌ندنی دراماتیکیدا ده‌کاته‌وه.

# میدیای تورک نه‌رمییه‌کی بێ گۆڕان به‌رامبه‌ر که‌رکووک

**هێمن خۆشناو**
**رووداو-هه‌ولێر**

به‌ڕێکردنی یاسای ئه‌نجوومه‌نی پارێزگاکان له‌لایه‌ن ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، له 22 ته‌مموزی رابردوودا، به‌تایبه‌تیش ماده 24ی یاساکه، "به‌رمیله بارووت"ه‌که‌ی بێکه‌ر- هاملتنی گه‌یانده لێواری ته‌قینه‌وه، به‌ڵام میدیای تورک ئه‌مجاره جۆرێک له‌بێده‌نگی هه‌ڵبژارد. جیاواز له‌ته‌نگژه‌کانی رابردوو، ئه‌مجاره میدیای تورکیا هێنده‌ی جاره‌کانی دیکه توونده نه‌بوو. ئه‌مه‌ش رای جیاوازی به‌دوای خۆیدا هێنا. له‌لای سیاسه‌تمه‌دارانی کورد به‌خاڵێکی پۆزه‌تیڤ وه‌سفکرا، له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه جێی ره‌خنه‌ی هێندێک نووسه‌ری تورک بوو.

له‌دوای رووخانی رژێمی سه‌ددام، ئه‌وه بۆ یه‌که‌مجاره میدیای تورک بێده‌نگییه‌کی له‌و جۆره به‌رامبه‌ر که‌رکووک هه‌ڵبژێرێت، به‌رای چاودێران مه‌سه‌له‌ی ئه‌رگه‌نه‌کۆن و دۆسیه‌ی داخستنی پارتی دادو گه‌شه‌پێدان AKP، دوو هۆکاری سه‌ره‌کی بوون، که وایکرد ئه‌مجاره که‌رکووک له‌بیر میدیای تورکی بباته‌وه، به‌ڵام بۆچوونی دووه‌م پێیوایه بێده‌نگی ئه‌مجاره‌ی میدیای تورک به‌رامبه‌ر پرسی که‌رکووک، په‌یامێکی سیاسی له‌پشته‌وه‌یه.

به‌ڕێکردنی یاسایی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگاکان له ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق له 2008/7/22 زۆرترین ئاڵۆزی له‌عێراق دروستکرد، تا کار گه‌یشته ئه‌وه‌ی بۆ یه‌که‌مجار 24 ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگای که‌رکووک داوای گه‌ڕانه‌وه‌ی پارێزگه‌که‌یان بۆ سه‌ر هه‌رێمی کوردستان بکه‌ن، که داواکارییه‌کی له‌و جۆره به‌لای تورکیاوه هه‌موو کات هێڵی سوور بووه، به‌ڵام ئه‌و باسه که‌مترین ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌بوو له‌نێو میدیای تورکیدا.

سامی کۆهه‌ن، که رۆژنامه‌نووسێکی تورکه، له‌ژێر ناوی (بڕیارێکی عادیلانه و دره‌نگ)دا وتارێکی له‌رۆژنامه‌ی میللیه‌تی تورکی له‌سه‌ر بڕیاری په‌سه‌ندکردنی یاسای هه‌ڵبژاردنی پارێزگاکان له‌په‌رله‌مانی عێراق بڵاو کرده‌وه‌و به بڕیارێکی "یه‌کسان و گرنگ" بۆ یه‌کێتی عێراق وه‌سفیکرد، سامی ده‌ڵێت "هه‌رچه‌نده لایه‌نه سیاسییه‌کانی عێراق دواخستنی ریفراندۆم له‌شاره‌که بۆ هۆکاری ته‌کنیکی ده‌گه‌ڕێننه‌وه، به‌ڵام ئه‌و دواخستنه له‌ئه‌نجامی فشاری ده‌وڵه‌تانی دراوسێ به‌تایبه‌تی تورکیابوو".

له‌هه‌مانکاتدا نووسه‌ر ترسی خۆی له‌ده‌ره‌نجامه‌کانی بڕیاره‌که ناشارێته‌وه‌و ده‌پرسێت "سه‌ره‌ڕای لایه‌نه پۆزه‌تیڤه‌کانی ئه‌م بڕیاره، ئایا ئه‌م بڕیاره به‌شێوازێکی دیکه رێگا بۆ پارچه‌بوونی وڵات ناکاته‌وه". به‌هه‌رحاڵ ئه‌و یاسایه له‌لایه‌ن سه‌رۆکایه‌تی کۆماره‌وه ره‌تکرایه‌وه‌و ئێستا په‌رله‌مان سه‌رقاڵی ئه‌و یاسایه‌یه.



**نه‌رمبوونی میدیای تورک له‌قازانجی کورده، چونکه میدیا خزمه‌تی رژێم ده‌کات**

سه‌رۆکی پارتی سۆسیالیست

به‌لای سیاسه‌تمه‌دارانی کورد، ئه‌و نه‌رمی نواندنه‌ی ئه‌مجاره‌ی میدیای تورک به‌رامبه‌ر به که‌رکووک خاڵێکی ئه‌رێنییه له‌سیاسه‌تی حکومه‌تی تورکیا و ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌سه‌ر رای گشتی تورکیا ده‌بێت، چونکه به بۆچوونی مه‌سعود ته‌ک "میدیای تورک کاریگه‌ری زۆری له‌سه‌ر رای گشتی تورکیا هه‌یه".

مه‌سعود ته‌ک، سه‌رۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان ئه‌و نه‌رمی نواندنه‌ی میدیای تورک به خاڵێکی ئه‌رێنی وه‌سفده‌کات و بۆ (رووداو) ده‌ڵێت "ئه‌گه‌ر میدیای تورک نه‌رم بێت، له‌قازانجی کورددایه، چونکه له‌تورکیا میدیا خزمه‌تی رژێم ده‌کات، ئه‌گه‌ر نه‌رمی بنوێنێت، ئه‌وا زه‌مینه‌ی چاره‌سه‌ری کێشه‌کانیش به‌دیالۆگ و دانوستاندن ده‌ڕه‌خسێنێ". ته‌ک، بۆچوونی وایه، ئه‌و که‌ناڵانه‌ی له‌تورکیا ئێستا له‌به‌رامبه‌ر پرسی کورد، به‌تایبه‌تیش مه‌سه‌له‌ی چاره‌نووسی شاری که‌رکووک نه‌رمی ده‌نوێنن، زیاتر له AKP و پارته چه‌په‌کانی تورکیاوه نزیکن.

ئه‌و بێده‌نگییه‌ی میدیای تورک به‌رامبه‌ر به پێشهاته‌کانی ئه‌و دواییه‌ی شاری که‌رکووک، حکومه‌تی تورکیای رووبه‌ڕووی ره‌خنه‌ی هه‌ندێک له نووسه‌ر و رۆژنامه‌نووسه‌کانی تورک کرده‌وه، ته‌نانه‌ت سیاسه‌تی حکومه‌ت له‌باره‌ی که‌رکووک به‌سیاسه‌تێکی بێ به‌رهه‌م ناو ده‌به‌ن.

بولوند یگیت، له‌نووسینێکیدا له‌رۆژنامه‌ی وه‌ته‌نی تورکی، که وه‌ک ئۆرگانێکی نه‌ته‌وه‌په‌رسته توندڕه‌وه‌کان ناسراوه، شه‌قامی سیاسی تورکیا به‌دوور له‌رووداوه‌کانی که‌رکووک وه‌سفده‌کات و ده‌ڵێت "سیاسه‌تی حکومه‌تی تورکیا له‌باره‌ی که‌رکووک بێ به‌رهه‌مه، تورکمانه‌کانی که‌رکووکی بێ هیوا کردووه، تورکمانه‌کان ده‌ڵێن تورکیا پشتی تێکردووین". هه‌روه‌ها رۆژنامه‌نووس فه‌رای تینچ له‌بابه‌تێکیدا له‌ژێر ناوی (تا دێت قه‌یرانی که‌رکووک ئاڵۆز ده‌بێت) له رۆژنامه‌ی حوڕیه‌تی تورکی ئاماژه به‌رووداوه‌کانی ئه‌و دواییه‌ی که‌رکووک ده‌کات، به‌تایبه‌تیش ره‌تکردنه‌وه‌ی یاسای هه‌ڵبژاردنی پارێزگاکان له‌لایه‌ن سه‌رۆکایه‌تی کۆماری عێراقه‌وه، تینچ پرسیار ده‌کات "دوای ره‌تکردنه‌وه‌ی یاساکه، سه‌رۆک کۆماری عێراق به‌بیانووی چاره‌سه‌ری گه‌یشته ئه‌مه‌ریکا، ئایا ئه‌م چوونه‌ی له‌رووی سیاسییه‌وه چ واتایه‌ک ده‌به‌خشێت".

فه‌رای تینج له‌وتاره‌که‌یدا، شتێکی تازه ئاشکرا ده‌کات و ده‌ڵێ "هه‌ندێک نووسه‌ر داوا له‌حکومه‌ت ده‌که‌ن به‌رامبه‌ر رووداوه‌کانی که‌رکووک بێده‌نگی بنوێنێ و وای بۆ ده‌چن ئه‌گه‌ر که‌رکووک بگه‌ڕێته‌وه سه‌ر ئیداره‌ی باکووری عێراق زیاتر له‌به‌رژه‌وه‌ندی تورکیا دایه". هه‌رچه‌نده نووسه‌رانی تورک، حکومه‌تی تورکیا له گۆڕانی سیاسه‌ته‌که‌ی به‌رامبه‌ر که‌رکووک ئاگادار ده‌که‌نه‌وه‌و به‌رده‌وام هۆشداری ده‌ده‌نه حکومه‌ت، به‌ڵام ئه‌و گۆڕانه نه‌بووه‌ته جێگه‌ی گه‌شبینی سیاسه‌تمه‌دارانی کورد، ته‌نانه‌ت له‌و باوه‌ڕه‌ش دانین سیاسه‌تی تورکیا به‌رامبه‌ر به‌که‌رکووک بگۆڕێت.

مه‌سعود ته‌ک له‌و باره‌یه‌وه ده‌ڵێت "حکوومه‌تی تورکیا ئه‌گه‌ر خوازیاریش بێت سیاسه‌تی له‌به‌رامبه‌ر که‌رکووک بگۆڕێت ئه‌وا ناتوانێت، چونکه سیاسه‌تی تورکیا به‌رامبه‌ر به‌که‌رکووک سیاسه‌تی ده‌وڵه‌ته، ده‌وڵه‌تیش که‌رکووک به‌به‌شێک له‌خاکی خۆی ده‌زانێت و له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش سیاسه‌تی خۆیان داده‌ڕێژن". به‌پێی میساقی میللی تورکیا، ویلایه‌تی موسڵ که که‌رکووکیش ده‌گرێته‌وه تاوه‌کو ئێستا به‌شێکه له "خاکی وڵاتی تورکیا".

به پێچه‌وانه‌ی بۆچوونی مه‌سعود ته‌ک، به‌هرۆز گه‌لاڵی ده‌ڵێت "بێجگه له‌حکومه‌ت، هه‌ڵوێستی ده‌وڵه‌ت به‌گشتی و داو و ده‌زگاکانی دیکه‌ش نه‌رمونیانیان پێوه دیاره".

سه‌فین دزه‌یی، به‌رپرسی په‌یوه‌ندییه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، پاش رووداوه‌کانی مانگی ته‌مموزی که‌رکووک سه‌ردانی تورکیای کرد، له چاوپێکه‌وتنێکیدا له‌گه‌ڵ (رووداو) گوتی سیاسه‌تی تورکیا



**تورکیا پشتگیری له‌چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی که‌رکووک له‌سه‌ر بنه‌مای ته‌وافوق ده‌کات**

نوێنه‌ری یه‌کێتی له تورکیا

ئه‌وه‌نییه وه‌ک پێشووتر پشتیوانی له‌رایه توندڕه‌وه‌کانی به‌ره‌ی تورکمانی بکات.

مه‌سعود ته‌ک ئاماژه به‌وه ده‌دات سیاسه‌تی تورکیا به‌رامبه‌ر به‌که‌رکووک به‌سه‌ر دوو تێڕوانیندا دابه‌شبووه "یه‌که‌میان ده‌وڵه‌تی توندڕه‌وه که زۆر به‌توندی پشتگیری له‌به‌ره‌ی تورکمانی ده‌کات له‌که‌رکووک، به‌ڵام تێڕوانینی دووه‌م ده‌ڵێت ده‌بێ ئێمه واقیعبین بین ته‌نیا تورکمان له‌که‌رکووکدا نییه، ده‌ڵێن کورد فاکته‌رێکی به‌هێزن ده‌بێت ویستی ئه‌وانیش له‌به‌رچاو بگیرێت".

به‌هرۆز گه‌لاڵی، نوێنه‌ری یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان له‌ئه‌نقه‌ره، ئاماژه به‌گۆڕانکاری له سیاسه‌تی تورکیا به‌رامبه‌ر به‌که‌رکووک ده‌کات، له‌هه‌مانکاتیشدا ده‌ڵێ تێڕوانینی ئه‌نقه‌ره و به‌غدا له‌باره‌ی چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی که‌رکووک زۆر لێک نزیکن "تورکیا پشتگیری له‌چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی که‌رکووک له‌سه‌ر بنه‌مای ته‌وافوق ده‌کات، له‌و باره‌یه‌وه جیاوازیه‌کی ئه‌وتۆ له‌نێوان تێڕوانینی تورکیا و سیاسه‌تمه‌دارانی به‌غدا نییه". ئه‌و ته‌وافوقه‌ی بۆ چاره‌سه‌ری کێشه‌ی که‌رکووک باسی لێوه ده‌کرێ ده‌رچوونێکه له مادده‌ی 140 به‌مه‌به‌ستی دانانی چاره‌سه‌رێکی دیکه.

رۆژنامه‌نووسانی تورک مه‌ترسییه‌کانی خۆیان له‌مه‌ڕ ئاینده‌ی شاری که‌رکووک به‌تایبه‌تیش ئه‌نجامدانی ریفراندۆم ناشارنه‌وه‌و هه‌ر بۆیه‌ش حکومه‌ت له‌ئاینده‌ی شاره‌که ئاگادار ده‌که‌نه‌وه.

رۆژنامه‌نووس ئومێد ئۆزداغی له‌وتارێکیدا به نێونیشانی (سیاسه‌تی تورکیا له‌عێراق و که‌رکووک)، ده‌ڵێت "به‌م ره‌وشه‌ی ئێستا ئه‌نجامه‌کانی ریفراندۆم ئاشکران، چونکه کورده‌کان له‌ساڵی 2003 وه تاوه‌کو ئێستا نزیکه‌ی 235 هه‌زار هاووڵاتیان له‌که‌رکووک نیشته‌جێکردووه، له‌به‌رامبه‌ریشدا فشاریان خستووه‌ته سه‌ر عه‌ره‌ب و تورکمانه‌کان بۆ ئه‌وه‌ی که‌رکووک به‌جێبێڵن".

عه‌بدوڵڵا یوکوری سه‌رۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ له تورکیا، له‌چاوپێکه‌وتنێکیدا له‌گه‌ڵ گۆڤاری (باران)دا، هه‌مان بۆچوونی هه‌یه و ده‌ڵێ کورد دوای رووخانی سه‌دام 600 هه‌زار کوردیان له که‌رکووک نیشته‌جێکردووه، له‌و چاوپێکه‌وتنه‌دا که له ژێر نێوی (له که‌رکووک خوێن ده‌رژێ ) ده‌ڵێ "بۆ ئه‌وه‌ی ریفراندۆم بتوانێت له‌هێنانه ئارای چاره‌سه‌ریدا رۆڵ ببینێ، ده‌بێت زه‌مینه‌ی پێش ریفراندۆم ئاماده‌بکرێ و ره‌وشه‌که ئاسایی بکرێته‌وه".



## ئەرەن کەسکین:
## هەر دەڵێم کوردستان

ڕووداو-DIHA

◆ پارێزەر و چالاکڤانی مافی مرۆڤی کورد، ئەرەن کەسکین لەسەر ئەوەی لە دوو بۆنەدا دەستەواژەی (کوردستان)ی لە قسەکانیدا بەکارهێناوە، لەلایەن داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا سکاڵای لەدژ تۆمارکرا، بەو سکاڵایەش ژمارەی سکاڵا لە دژ تۆمارکراوەکانی گەیشتە 21 سکاڵا. ئەرەن کەسکین گوتی " چەند جارێک لەسەر دۆزی کورد و ناوهێنانی کوردستان زینداندانیکراوم، بەڵام هەر بەردەوام دەبم لەسەر گوتنەوەی ناوی کوردستان".

## عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی سکرتێری گشتی پژاک:

# ئێمە باوەڕمان بە خەباتی چەکداری نییە

ڕۆژنامەوانی ناسراوی فەرەنسی کریس کۆچێرا، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سکرتێری گشتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، حاجی ئەحمەدی سازکردووەو لە دوا ژمارەی سێپتەمبەری 2008 ی گۆڤاری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست The Middle East کە گۆڤارێکە لە لەندەن دەردەچێت بڵاوکردووەتەوە:



عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی لەساڵی 1941 لە دێیەکی نزیک مەهاباد لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، لەدایکبووە . بە درێژایی ژیانی هەمیشە هەر پێشمەرگە بووە، لەکۆتایی شەستەکاندا لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملو بەشداری لەنوێکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا کردووە. لەسەرەتای هەشتاکان راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووە، تا لەساڵی 1986 وازی لەو پارتە هێناوە.

دوای نزیکەی بیست ساڵ ژیان لە هەندەران لەئەڵمانیا، گەڕایەوە کوردستان بۆ دووبارە خەباتکردن لە دژی ئێران لە پێناو مافەکانی کورد . لەیەکەم کۆنگرەی پژاکدا لە مانگی ئیپریلی 2004 بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

**The Middle East – کریس کۆچێرا**

**کۆچێرا:ئایا پژاک یش وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی کورد نییە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە جیاوازین لەوانی دیکە، چونکە دوای ئامادەکارییەکی زۆر لەلایەن ڕۆشنبیرو خوێندکارانی کورد لە ئێران وئەوروپا پارتی ئێمە هاتە دامەزراندن. کە ژن بەشدارییەکی بەهێزی تێدا دەکەن. ئێمە پارتی لاوانین کە زۆربەیان تەمەنیان لەخوار چل ساڵیەوەیە.

**کۆچێرا:ئامانجە ستراتیجییەکانی پژاک چین؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە لە پێناو ئێرانێکی دیموکراتی خەبات دەکەین، کە ڕێز لەمافی هەموو نەتەوەکان بگرێت و کوردستانیش کۆنفیدراڵ و عەلمانی بێت و یەکسانی ڕەگەزی و ئازادی ئایینی و کولتووری تێیدا فەراهەم بێت.

**کۆچێرا: چۆن هەوڵدەدەن ئەم ئامانجانە بەدەست بێنن؟**

**حاجی ئەحمەدی:** لە ڕێگەی سیاسی وئایدیۆلۆجی بەدەستیان دێنین، هەوڵدەدەین هێزە بەرهەڵستکارەکان لە دەوری یەک پلاتفۆرم وبەرنامە کۆبکەینەوە . ئێمە باوەڕمان بەخەباتی چەکداری کۆن وکلاسیک نییە بۆ بزاڤی نیشتمانیمان، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بوارێک بۆ ئەوە نییە بە ئازادی کاربکەین بۆیە ناچارین بەرگری لەخۆمان بکەین . گەریلاکانمان قسەو گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی گوندەکان دەکەن، ئەگەر هێرشیان کرایە سەر بێگومان بەرگری لەخۆیان دەکەن، بەڵام ئەو بەرگریکردنە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سەربازی نییە. چونکە ئێمە لە پێگەی هێرشبردندا نین . بۆ ئەوەی ڕوونترو راشکاوانتر قسەبکەم دەڵێم ئێمە باوەڕمان بەخەباتی چەکداری نییە بۆ باشترکردنی بارودۆخ وهەلومەرجی ژیانمان.

**کۆچێرا:تا ئێستاهیچ ناوچەیەکتان ئازاد کردووە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە دەمێکە ناوچەی ئازادمان هەیە لە قەندیل لە هەردوو ڕووی سنووری عێراق و ئێران. بەڵام ئامانجمان ئەوەنییە ناوچەو شاری ئازادکراومان هەبێ، ئێمە بەشێکین لەخەڵک ودەمانەوێ هەر لەنێوخەڵکدا بژین.

**کۆچێرا:دۆست وهاوپەیمانتان هەن؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە ڕێکخراوێکی نوێ وگەنجین . بەرنامەمان هەیە کە دۆست پەیدا بکەین، بەڵام ئاسانیش نییە، بەڵام هەموو ئەو هێزانەی دژی ڕژێمی ئێرانن بە هاوپەمانی خۆمانیان دەزانین.

**کۆچێرا:پەیوەندیتان لەگەڵ کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات چۆنە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** حیزبی دیموکرات وکۆمەڵە وەک پێشان نەماون، چونکە ئەو حیزبانە پارچەبوون، ئێستا چەندین ڕێکخراو بەهەمان ناو هەن. یەکێک لە حیزبە دیموکراتەکان دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ ئێمە هەبێت. کۆمەڵەش بەسەر چەندین ڕێکخراو دابەشبووەو پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانیش هەیە.

**کۆچێرا:ئەدی لایەنەکانی دیکە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** لە کۆنگرەی دووەممماندا کەلەنێوان 10-20/5/2006 بەسترا بڕیارماندا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، لەگەڵ عەرەب وبەلووچ وئاشووری و ئەوانیتر ببەستین.

**کۆچێرا:پەیوەندی ئێوە لەگەڵ PKK چییە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە دوو ڕێکخراوی دەستەخوشکین، بەڵام ئێمە لە دوو ناوچەی جیاواز چالاکی دەکەین، PKK لەتورکیا و پژاکیش لە ئێران. بەڵام هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا ئۆپەراسیۆن وشاڵاوی هاوبەش لەدژی ئێمە ئەنجامدەدەن.

**کۆچێرا:هەندێ خەڵک دەڵێن پژاک هەر ناوێکی دیکەی PKK یە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆین، بەرنامەی خۆمان هەیە وخۆمان تاکتیک وستراتیجی خۆمان دەستنیشان دەکەین وستراتیجی ئێمەش لەهی PKK جیاوازە . PKKدەیەوێ لە تورکیا دان بەناسنامەی کورد دابنرێت لەدەستووردا، بەڵام ئێمە ئێرانێکی دیموکرات وکوردستانێکی ئازاد وکۆنفیدراڵمان دەوێ. ئێمە خەبات لە پێناو گۆڕینی ژێرخانی سیاسی دەکەین لەئێران.

**کۆچێرا: چالاکییە سەربازییەکانتان چۆن ڕێکدەخەن، چەکدارەکانتان ناویان پێشمەرگەیە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** پژاک لەلایەن مەجلیسێکەوە بەڕێوەدەچێت کە 21 ئەندامی هەیەو دەستەی کۆردیناسیۆنیش11 ئەندامە لەگەڵ سکرتێری گشتی . ئێمە کوردستانی ئێرانمان بەسەر سێ بەش دابەشکردووە باشوورو باکوور وناوەڕاست، هەریەکەیان فەرماندەییەکی بچووکی هەیە . ئێمە هێزەکانمان بە گەریلا ناودەبەین نەک پێشمەرگە .گەریلاکانمان 100% لە ڕووی سەربازییەوە پرۆفیشناڵن وشارەزان و مووچە وژن ومنداڵیان نییە،چونکە لەشاخەکان دەژین وئەرکی جۆراوجۆر بەجێدەگەیێنن . لە گوندەکانیش هەڵمەتی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدەن و بەرنامەو کارنامەی پژاکیان بۆ ڕوونده‌کەنەوە . ژمارەی چەکدارەکانمان کارێکی نهێنی و نایدرکێنین، بەڵام 35% گەریلاکانمان ژنن و 8 ژنیش ئەندامن لە مەجلیسە 21 کەسییەکە.



## ئێمەو PKK دەستەخوشکین بەڵام ستراتیجمان جیاوازە

**کۆچێرا:پەیوەندیت لەگەڵ پارتی ویەکێتی چۆنە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەو دەسکەوتانەی لە کوردستانی عێراق بەدەستهاتوون لە پەرلەمان وحکومەت هی پارتی ویەکێتی نین بەڵکو هی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردن . ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ پارتی ویەکێتی نییە، ئێمە نامانەوێت کێشە بۆ ئەوان دروست بکەین، ئەوان پەیوەندی سیاسی وئابووری خۆیان هەیە لەگەڵ ئێران وتورکیا .

**کۆچێرا: ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمەریکا؟ زۆر پروپاگەندە هەن کە تۆ سەردانی ئەمریکات کردووە؟**

## 35%
## گەریلاکانمان ژنن

**حاجی ئەحمەدی:** من چوومە ئەمەریکا بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەوێ دروستبکەم . هیچ دانیشتن وپەیوەندییەکم لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا نەبوو، ئەو قسانەی دەکرێن هەمووی پروپاگەندەی ڕژێمی ئێرانن وەک هەوڵێک بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان پژاک وهێزە ئۆپۆزسیۆنەکان.

**کۆچێرا:ئەدی ئەگەر ئەمەریکا ویستی پەیوەندیت لەگەڵ ببەستێ؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێمە لەگەڵ هەموو پەیوەندییەکین کە لە بەرژەوەندی گەلی کورد وئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بێت،بەڵام ئەمەریکا هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئێران نییە، ڕۆژێک دەیانەوێ لە ئێران بدەن ڕۆژێکی دیکە نایانەوێت، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نییە. بەڵام هەر پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئەمەریکا هەبێت ئێمە هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر ڕژێمی ئێران ناگۆڕین و بەردەوامدەبین لە بەرهەڵستیکردنی . ئامانجمان بەدەستهێنانی مافە سیاسی وکولتوورییەکانی گەلەکەمانە.

**کۆچێرا: بۆچی پەیوەندی نێوان PKK وئێران تێکچوو؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئێستا پەیوەندی نێوان تورکیا وئێران باشە ئەمەش کاریگەری لەسەر کێشەی کورد هەیە. ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان لەدژی کوردە، چونکە بوونی حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراق ترسێکی زۆری لە لای ئێران وتورکیا وسوریا دروستکردووە ئەمەش هۆکاری هاوپەیمانێتی نوێی نێوانیانە.

# یەکێتی ئەوروپا ڕۆژئاوای کوردستانی لەبیر کردووە

هێمن خۆشناو
ڕووداو-هەولێر

لەکاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی سوریا، بەتایبەتیش کورد، ڕۆژانە ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجەدان دەبنەوە، سەردانی بەرپرسانی ئەوروپایی بۆ سوریا بەردەوامە، بەبێ ئەوەی هیچ فشارێک لە سەردانەکانیاندا بخەنە سەر سوریا.

ژمارەی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بە 2 ملیۆن کەس مەزندە دەکرێ، زیاتر لە300 هەزار کەسیان لەساڵی 1962 ڕەگەزنامەی سووریان لێوەرگیراوەتەوە و ئێستا ژمارەیان لە 500هەزار کەس تێپەڕیوەو هیچ مافێکی خوێندنی زانکۆ و دامەزران و موڵکدارییان نییە.

ئەمریکا سوریای وەک وڵاتێکی پشتیوانی تیرۆر ڕاگەیاندووەو مامەڵەیەکی گەرمی لە گەڵ سوریادا نییە تاوەکو ئێستا، بەڵام سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا زوو زوو دەچنە سوریا، بەڵام کورد لەئەجێندای ئەوان بەدەرە و لەکاتێکدا حکومەتی سوریا، سوورە لەسەر نکۆڵیکردن لەمافی ئەو دوو ملیۆن کوردە .هەرچەندەبەر لە سەردانی سارکۆزی سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە (2008/9/2) بۆ سوریا، ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، کە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییە و بارەگا سەرەکییەکەی لە نیویۆرکە، داوای لە سارکۆزی کرد بۆ هەڵگرتنی فشاری سەر کوردان، گفتوگۆ لەگەڵ بەشار ئەسەدی سەرۆک کۆماری سوریا بکات.

یەکێتی ئەوروپا ڕۆژی 2008/9/20دا، داوای لە دەوڵەتی سوریا کرد گرتن و ڕاوەدوونانی بەرهەڵستکارانی رابگرێت، بەڵام بە ناوهێنان ناوی کوردی نەهێنا.

20 حیزبی کوردی کوردانی سوریا لە نێوخۆو دەرەوە هەن و ئێستا سەرۆکی سێ لەو حیزبانە لە زیندان دان .

خەمگین دێرکی، سیاسەتمەداری ڕۆژئاوای کوردستان، پێیوایە ئەوروپا هیچ کاتێک بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دەست لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەرنادات"ئەوروپا بۆ بەرژەوندییە ئابوورییەکانی ڕوو لەهەرێمەکە دەکات، نەک بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، هەربۆیەش تا ئێستا لە دانیشتنەکانیاندا لەگەڵ سوریا باسی مەسەلەی کوردیان نەکردووە" .

ناوبراو پێیوایە یەکێک لەهۆکارەکانی پشتگوێخستنی کورد لەلایەن ئەوروپا پەیوەندی بەخودی کوردەوە هەیە "تێکۆشانمان ئەوەندە بەهێز نەبووە بۆ ئەوەی کاریگەریمان لەسەر ئەوروپا هەبێ" .

بەبۆچوونی خەمگین، دوای ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە بەر ڕەخنە و هێرش، بۆشاییەکی سیاسی دروستبووە، هەر بۆیە ئەوروپا دەیەوێت ئەو کەلێنە سیاسییە پڕ بکاتەوە، بۆیەش بەرپرسانی ئەوروپایی زوو زوو سەردانی سوریا دەکەن " چونکە سوریا کلیلی کردنەوەی کێشەکانە، دەروازەی دەست خستنە هەرێمەکەش بەناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل تێدەپەڕێت، ئەمەش پەیوەستە بەسووریاوە و کلیلەکەی لەدەست سووریادایە بۆیەش دەبێ سەردانی سوریا بکەن".

یەکێتی ئەوروپا تاوەکو ئێستا ئامادە نییە تورکیا بەئەندامی خۆی وەربگرێت، ئەویش بەبیانووی دانەنانی تورکیا بەمافی کورد، سوریای دراوسێی تورکیاش نەک دان بەکورد دانانێت تەنانەت تا ئێستا سەتان هەزاریشیان بەهاووڵاتی سووریا قبول ناکات، ئەوانەی ناسنامەی سوریشیان هەیە وەک عەرەب تۆمارکراون.

ماوەیەک لەمەوبەر سارکۆزی، سەرۆکی فەرەنسا، کە لەهەمانکاتدا سەرۆکایەتی ئەو گەڕەی ئێستا یەکێتی ئەوروپا دەکات بەسەردانێک گەیشتە سووریا، ئەوەی لەدیداری نێوان بەرپرسانی سوریا و سارکۆزیدا باسی لێوە نەکرا، مەسەلەی کورد بوو، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە بەر لەسەردانەکە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پەیامێکی ئاراستەی سارکۆزی کردبوو تاوەکو باس لەکێشەی کورد بکات لەسوریا.



دیمەنێک لە ڕاپەڕینی قامیشلۆ ساڵی 2004

هەرچەندە چاودێران لەو باوەڕەدابوون ئەو سەردانەی سارکۆزی، هۆکارێک بێت بۆ بەرگرتن بەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەسوریا، بەتایبەتیش بەرامبەر کورد، بەڵام کەم تازۆر ناوی کورد لەدانیشتنەکاندا نەهات، تەنیا ئاماژە بەدەستگیرکردنی بەرهەڵستکارانی عەرەب لە سوریا کرا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە سێ سەرکردەی کورد بەناوەکانی محەممەد موسا، مشعەل تەمۆ و تەلال محەممەد لەزیندان دان.

محەممەد عەبد حەمۆ، 25 ساڵ، قوتابی قۆناخی سێی ڕاگەیاندنە لەزانکۆی سلێمانی و دوای کۆمەڵکوژی و ڕاپەڕینی ساڵی 2004ی قامشلۆ و ڕۆژئاوای کوردستان بەگشتی ڕووی کردووەتە باشووری کوردستان، پێیوایە سەردانی بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپا ئەوەندەی پەیوەندی بەمەسەلەی پچڕاندنی پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ ئێران هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بەو پێشێلکارییانەوە نییە کە لەلایەن سوریاوە ئەنجامدەدرێن "ئەوروپا هاوپەیمانی ئێرانە، بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لەوە دایە کە ئێران گۆشەگیر بکرێت و بە تەنیا بمێنێت، سووریاش لەو ڕووەوە ئەڵقەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئێران، چونکە سووریا ئەڵقەی گەیشتنە بەحیزبوڵلا و ئەو بزووتنەوە فەلەستینیانەی کە ئێران پشتگیریان دەکات".

ئەو پێیوایە ئەو هەڵوێست و بێدەنگییەی ئەوروپا بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کاتییە " ئەوروپا باش دەزانێت ڕەوشی مافی مرۆڤ لەسووریا چۆنە، بەڵام خۆیان سڕ کردووە بۆ ئەوەی لەکاتێکی گونجاو زەقی بکەنەوە".

ئەو قوتابیە کوردە گوتی لەکاتی سەردانەکەی سارکۆزی داوای لە بنەماڵەی زیندانە سیاسییە بەنێوبانگەکانی سووریا کردبوو کە چاوی پێیان بکەوێت، بۆ ئەوەی بزانێت ڕەوشی ئەو زیندانییە سیاسیانە چییە، بەڵام بنەماڵەکان لە ترسی ئەوەی ئەگەر چاویان بەسارکۆزی بکەوێت ڕەوشی زیندانیەکانیان بەرەو خراپی دەڕوات ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە.

بەدیدی کوردانی ڕۆژئاوا سەردانەکەی سارکۆزی نەک نەبووە ڕێگر لەبەردەم پێشێلکارییەکانی سوریا بەرامبەر کورد، بەڵکو گوڕوتینی زۆرتری دایە سوریا کە زیاتر بیانچەوسێنێتەوە، چونکە سوریا دوای ئەو سەردانە هەستدەکات، گۆشەگیرکردنەکەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەرەو تەواو بوونە، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی گفتوگۆیەکانی لە گەڵ ئیسرائیل.

ئیبراهیم خەلیل موراد، یەکێکە لەو خوێندکارانەی لەدوای ڕاپەڕینی 2004،سووریای بەجێهێشتووە و ڕووی کردووەتە باشووری کوردستان و ئێستا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کار دەکات. ئەو لەو باوەڕەدایە بەهۆی لاوازی پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوا کورد ناتوانێت فشار بخاتە سەر فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا تاوەکو بۆ ڕاگرتنی پێشلکاریەکانی بەرامبەر کورد کار لە سوریا بکات.

ئیبراهیم دەڵێت "سەردانەکەی سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا بۆ سوریا هێزی بە ڕژێمی سووریا دا بۆ ئەوەی دەستدرێژیەکانی بۆ سەر کورد زیاتر بکات، گرتنی محەممەد موسا، ڕفاندنی مشعەل تەمۆ و تەلال محەممەد ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن". ئیبراهیم گوتیشی "بەگوێرەی لێدوانەکانی سارکۆزی لەسوریا، کێشەی کورد لەسوریا کێشەیەکی ناوخۆییە".

محەممەد موسا- سەرۆکی پارتی چەپی کورد، مشعەل تەمۆ- سەرۆکی ڕەوتی دوارۆژی کورد، تەلال محەممەد- سەرۆکی ڕێککەوتنی دیموکراتی کورد لەسووریا، ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن کاربەدەستانی سووریاوە ڕاپێچی زیندان کراون، بەڵام سارکۆزی تەنیا بایەخی بە زیندانییە سیاسییە عەرەبە بەرهەڵستکارەکانی سوریا دا، دوابەدوای سەردانەکەی ئەویش هەر یەک لە عارف دەلیلە و ڕەبیع دیمەشقە کە دوو دەستگیراوی عەرەب بوون، ئازاد کران.

ڕووبەری باشووری ڕۆژئاوای کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بچووکترە و تەنانەت ژمارەی دانیشتوانیشی لەپارچەکانی دیکە کەمترە، بەڵام زۆری ژمارەی پارتە کوردییەکانی ئەو پارچەیە و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوانیاندا بە هۆکارێکی نەهاتنە پێشی کێشەی کورد لە سوریا دادەنرێ .عەبدولباقی یوسف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لەسوریا، نەبوونی هەماهەنگی لەنێو پارتەکانی ڕۆژئاوا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوەومێژووی ئەوناهەماهەنگییەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو "ئەوکات بزووتنەوەی کوردی لەژێر کاریگەرییە فیکرییەکاندابووبەتایبەتیش فیکری مارکسی، لە حەفتاکانیشدا کەوتە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی کوردی باشووری کوردستان، لەهەشتاکانیشدا PKK دەستتێوەردانێکی بەهێزی کرد لەبزووتنەوەی کورد لەسوریا" .

جگە لەمەش عەبدولباقی، ئیستخباراتی سوریا بەهۆکارێکی دیکەی ئەو پارچە پارچە بوونەی بزووتنەوەی کوردی دادەنێت لەڕۆژئاوای کوردستان.

بەرپرسانی کورد لەسوریا تاوەکو ئێستا هاوڕا نین، لەتێڕوانینیان بۆ کێشەی کوردی بندەستی سوریا، هەر یەکە و بۆچوونێکی جیای هەیە، عەبدولباقی یوسف دەڵێت "هەندێکیان کێشەکە بەکێشەیەکی سیاسی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن، بەشێکیشیان بەکێشەی هاوڵاتیبوون، ئێمەش کێشەی کورد لە سوریا وەکو پارچەیەکی کوردستان تەماشا دەکەین، هەندێک پارتیشمان هەن دوو ڕوویی دەکەن کێشەی کورد لەناو گەل وەکو کێشەی نەتەوەیی وخاک بەناو دەکەن، لەگەڵ حکوومەتیش کێشەکە وەک کێشەی هاوڵاتییبوون بەناو دەکەن، ئەم ڕەوشەش وا دەکات پارچەبوونمان بەردەوام بێت و نەتوانین بەرەیەکی کوردی دابمەزرێنین".



دوو کوردی ڕۆژئاوای کوردستان

# تاراوگە

## لە ماوەی هەشت مانگدا 12هەزار پەنابەری عێراقی چوونەتە ئەمریکا




ڕووداو- واشنتن

◆ بە پێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە وێنەیەکی لێ دراوەتە (ڕووداو) لە هەشت مانگی ئەمساڵدا ژمارەی ئەو پەنابەرە عێراقییانەی، چوونەتە ئەمریکا گەیشتووەتە 12118 هەزار پەنابەر تێپەڕی و بڕی یارمەتییەکانی حکومەتی ئەمریکاش بۆ ئەو پەنابەرانە 318ملیۆن دۆلاری تێپەڕاند لە گواستنەوەو نیشتەجێکردنیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە لە 11مانگی ڕابردوودا ڤیزای ئەمریکا دراوەتە 870عێراقی .

### تاکە کوردی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا

## دیپلۆماتکار هێرۆ مستەفا بەرپرسی پەیوەندی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا:

# گرووپێکی ئیسلامی لەموسڵ داوایان لێکردم سەرم داپۆشم

هێرۆ مستەفا ، کچی هاوکارمان عەبدولقادر حەمەدەمین خاوەنی هەفتەنامەی (بارزان)ە، تاکە دیپلۆماتکاری ئەمەریکایی بە ڕەسەن کوردە کە ئێستا بەرپرسی بەشی پەیوەندییە سیاسییەکانە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا . چەندین پۆستی گرینگی لە وەزارەتی دەرەوەو لە باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا پێسپێردراوە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش بۆ ماوەی ساڵێک بەرپرسی فەرمانگەی مەدەنی ئەمەریکا بووە لە شاری موسڵ ویاریدەدەری پۆڵ بریمەری دەسەڵاتداری ئەوکاتی ئەمەریکا بووە لەعێراق.
بەم دواییانە ژیان وچیرۆکی سەرکەوتنی هێرۆ بووە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بەناوی "هێرۆی ئەمەریکا "American Herro کەلەلایەن دەرهێنەری ئەمەریکایی کیرک ڕوس بەرهەمهاتووە وبڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە. وەرزنامەی Middle East Report لە دوا ژمارەی هاوینی 2008 ئەم دیدارەی لەگەڵ هێرۆ کردووە:
ڕووداو – واشنتن



**هێرۆ مستەفا**

- **–ساڵی 1973لە هەولێر لەدایکبووە .**
- **–لە 1974 بنەماڵەکەیان ئاوارەی ئێران بوون ولە1976 وەک پەنابەر لە ئەمەریکا وەرگیراون.**
- **–ماستەری لەپەیوەندییە نێودەولەتییەکان لە زانستگەی برینستن–ی ئەمەریکا تەواوکردووە .**
- **–لە ساڵی1999ەوە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ووەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە و دیپلۆماتکاریووە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەسیناو بەیروت.**
- **–لە حوزەیرانی–2003 تەمموزی 2004 بەرپرسی فەرمانگەی مەدەنی ئەمەریکا بووە لەموسڵ ویاریدەدەری پۆل بریمەری دەسەڵاتداری ئەوکاتی ئەمەریکا بووە لە عێراق.**
- **–زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، ئیسپانی دەزانێت.**
- **–فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیان وپێگەیشتنی لە ئەمەریکا دروستکراوە بەناوی (هێرۆی ئەمەریکا American Herro ) کە کۆندالیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بەشداری تێداکردووە .**
- **–ئێستا بەرپرسی بەشی پەیوەندییە سیاسیەکانە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا .**

**MER: تۆ و بنەماڵەکەت کەنگی و لەچ بارودۆخێکدا عێراقتان بەجێهێشت؟**

**هێرۆ:** لەساڵی 1974 بنەماڵەکەمان لە عێراق هەڵات و ڕوومانکردە ئێران . باوکم بەشداری لە بەرهەڵستیکردنی ڕژێمی سەدام حوسێندا کردبوو . حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەی لەگەڵ کورد دەکرد، بۆیە ناچار بووین ڕابکەین . ئێمە واماندەزانی ئەو ڕۆیشتنەمان کاتییەو بارودۆخی کورد ئەوەندە باش دەبێت دەتوانین بگەڕێینەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە خراپتربوو . سەرەنجام بۆماوەی ساڵێک لە شاری شنۆی ئێران ژیاین، پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ باشووری ئێران بۆ ماهان وکرمان ولەوێش کەمتر لەساڵێک ژیاین ولە ساڵی 1976 وەک پەنابەر لەئەمەریکا وەرگیراین.

**MER: لەئەمەریکا لەکوێ جێگیربوون وژیانتان چۆن بوو؟**

**هێرۆ:** ئێمە لە شارێکی بچووک بەناوی مینۆت Minot لە باکووری داکۆتا وەرگیراین کە ژمارەی دانیشتووانی30 هەزار کەس دەبوون و زۆرینەیان بە ڕەسەن سکەندەناڤی بوون . ئێمە یەکەمین کورد و ئەوەندەی بزانم یەکەمین خێزانی موسڵمانیش بووین لەوشارە نیشتەجێ ببین . خۆشبەختانە لەباوەشیان گرتین و شارەکەش ڕێژەی تاوانی تێدا نزم بوو . خێزان و خوێندن زۆر گرنگ بوون و لەپێش هەموو شتێکەوە دەهاتن . دایک و باوکم هەر زوو هەریەکەیان دەستیان بە سێ ئیشکرد . زۆرجاران ئێمەیان لەماڵەوە بەجێدەهێشت و ئێمە نووستبووین و ئەوان کاریان دەکرد .ئێمە خۆمان لەگەڵ ژیانەکە گونجاند بەتایبەتیش چونکە بەبێ ترس دەژیاین.

**MER: کاریگەری ناسنامە کوردییەکەت لە ژیانت لە ئەمەریکا چ بوو؟**

**هێرۆ:** دایک وباوکم زۆر بەلایانەوە گرنگ بوو لەماڵەوە بەکوردی قسە بکەین، کە خێزانی کوردیش هاتنە باکوور وباشووری داکۆتا، باوکم هەوڵیدەدا زوو زوو هاتووچۆیان بکەین . خانووکەشمان هەمیشە پڕبووە لە خواردن ومیوزیکی کوردی . بەڵام ئەو ڕووداوەی کە زۆر کاریگەری تێکردم وەک کوردێک کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو لەساڵی 1988 . بنەماڵەکەمان بەشداری لە خۆپێشاندانی ناڕەزایی کرد لە بەردەم ڕۆژنامەی Minot Daily News، ئێمە هەرچەندە بەژمارە کەمبووین، بەڵام دەمانویست هەواڵەکە لەهەموو باکووری داکۆتا بڵاوببێتەوە . دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کردو دەستم بەکار کرد و بەر لەوەی لەساڵی 1999 لە وەزارەتی دەرەوە کاربکەم، سەرۆکی سەنتەری بەدلیسی بووم بۆ لیکۆڵینەوەی کوردی کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویست بوو و ئامانجی پەرەپێدانی کولتوور و توێژینەوەی کوردی بوو لە ئەمەریکا. بەڵام بەڕاشکاوانە دەیڵێم گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم پەرەپێدانی کولتوور و توێژینەوەی کوردی، کورد خۆیان بوون، چونکە کورد پارچە پارچە بوون و، لەچوارچێوەی بەرنامەی پارتە سیاسییەکانیش دەجولانەوە، بەڵام دوای پێکهاتنەوەی پارتی و یەکێتی بارودۆخەکە باشتربوو.

**MER: باسی گەڕانەوەی خۆت بکە بۆ باکووری عێراق وەک بەرپرسێکی ئەمەریکایی، ئەوە چۆن بوو؟**

**هێرۆ:** بەڕاستی شتێکی زۆر خۆشبوو کە وەک نوێنەری ئەو وڵاتەی ئازادی پێبەخشیم گەڕامەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی لە دایکبووم . لە موسڵ لەگەڵ عەرەب و کورد وکریستیان و تورکمان کارم دەکرد . لەوێ زانیاری لە بارەی ئێزدی و شەبەک و کەمینەکانی دیکە فێربووم . من دەمتوانی ڕۆژانە بە عەرەبی و کوردی قسە بکەم . پێموایە توانیم لە خەڵکی ئەوێی بگەیێنم کە ئێمە لە عێراق چیمان دەوێ . بۆ نموونە ئێمە توانیمان ژن بەشداربکەین لە ئەنجوومەنی پارێزگە، ئەو پێشنیازە ئەگەرچی لەدەرەوە کرا، بەڵام لەلایەن ژنانی پارێزگاکە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا . ژنەکان زۆر تامەزرۆی کارکردن بوون لە بواری سیاسی و زۆریان خۆیان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبژارد و دەریشچوون . بەڕاستی جێی دڵخۆشی بوو کە دەستپێشخەریەکە سەرکەوت و ژن لە ئەنجوومەنی پارێزگا وەرگیران و پێشوازیان لێکرا، تەنانەت لەلایەن ئەو پیاوانەی کە سەرەتا دژیش بوون.

**MER: ئەرکەکانت وەک بەرپرسێکی باڵای مەدەنی ئەمەریکا لە موسڵ چ بوون؟**

**هێرۆ:** من لەمانگی حوزەیرانی 2003 تا مانگی تەمموزی 2004 وەک یاریدەردەی پارێزگار لە موسڵ بووم، ئەرکەکانم هەموو ئەو ئەرکانە بوون کە پارێزگارێک بەجێیان دەگەیێنێ، بەشێوەیەک کە پەیوەندی پارێزگاکە لەگەڵ بەغداو پارێزگاکانیتر بە باشی بەڕێوەبچێت . بۆ نموونە من بەرپرس بووم لەوەی ئەو کتێبانەی کە پروپاگەندەیان بۆ سەدام حوسێن دەکر بە کتێبی دیکە بگۆڕدرێنەوە لە قوتابخانەکان، پارە لەنێوان بەغداو موسڵ بە ئاسانی هاتووچۆبکات، ناوچەکانی دەوروبەری شار بەباشی بەشداربن لەئەنجوومەنی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگاش نوێنەرایەتییەکی باشی هەبێت لەبەغدا . من هەمیشە وام هەڵسوکەوت دەکرد کە عێراقییەکان خۆیان بەرپرسن و کاری ئێمە ئەوەیە کە دڵنیابین کە ئامرازی پەیوەندییان لەگەڵ بەغداو پارێزگاکانی دیکە هەیە و پەیوەندی لەنێوان خەڵک ببەستین.



هێرۆ عەبدولقادر: عەرەبەکانی موسڵ وەکو کورد تەماشایان دەکردم وکوردیش منیان زیاتر وەک ئەمەریکاییەک دەدیت

**MER: ئەو ماوەیەی لە موسڵ بووی چ ڕووبەڕوونەوەیەک وکارێکت لە هەموو شتێک سەختتر بوو؟**

**هێرۆ:** موسڵ پایتەختی پارێزگای نەینەوایە و یەکێکە لە فرە کولتوورترین پارێزگاکانی عێراق و ژمارەیەکی زۆر کورد وعەرەب وکەمایەتی ئاینی ونەتەوەیی لێدەژین . موسڵاوییەکان بەشێوەیەک دابەشن کە لەلایەک لەقازانجی شارەکەدایە و لەلایەکی دیکەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لەبەردەم یەکگرتنی بەرپرس وسەرکردەکانی ئەو پارێزگایە . ئەمەش بۆ من سەختترین شت بوو، چونکە من وەکو ئەمەریکاییەک لە وڵاتی ئەوان بووم و وەکو پارێزگاری شارەکەش وابووم . سەختییەکی دیکە ئەوەبوو عەرەبەکانی موسڵ وەکو کورد تەماشای منیان دەکرد و کوردیش منیان زیاتر وەک ئەمەریکاییەک دەبینی هەتا کورد . بەڕاستی سەختی دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ناسنامەی خۆم لەوێ یەکێکبوو لە ڕووبەڕوونەوەو ئاستەنگەکانی بەردەمم، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوە کارەکەی سەرنجڕاکێشتر و خۆشتر کردبووم. هەروەها من وەکو ژنێکیش ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بوومەوە. بۆ نموونە جارێکیان گرووپێکی ئیسلامی لەموسل سوور بوو لەسەر ئەوەی وەختێک من دەچم بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێ سەرم داپۆشم و لەچک لەسەربکەم . ڕاستە من ژنێکی موسڵمانم، بەڵام بڕیارم نەداوە لە کۆبوونەوە گشتییەکان لەچک بکەم، ڕاستە ئەگەر بچمە مزگەوتێک یان ماڵێکی تایبەت جێی خۆیەتی لەچک بکەم وسەرم داپۆشم، بەڵام بەکارێکی بەجێم نەدەزانی لەکۆبوونەوەیەکی گشتیدا قژم داپۆشم، دوای ڕەتکردنەوەی داواکەیان گرووپەکە ڕێزیان لە بڕیارەکەم گرت. هەروەها زۆرجار من تاکە ژن بووم کۆبوونەوەم لەگەڵ 150 سەرۆک عەشیرەت وپیاوی ئاینی یان 200 پیاوی خەڵکی گوندەکانی پارێزگای موسڵ دەکرد کە هەموویان پیاو بوون ومن تاکە ژن بووم لەنێویاندا، ئەوانە هەموو سەختییەکی کارەکەم بوون لە موسڵ، بەڵام بەهۆی زانینی زمان و شارەزایی لەکولتووری ناوچەکە بەسەر زۆر لەو سەختیانەدا زاڵبووم. موسڵ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام دەسەڵاتەکە زیاتر لە دەست پارێزگای نەینەوایە کە کێشەی سنووری لە گەڵ هەرێمی کوردستانداهەیە، زۆرجارانیش وەک بەرپرسێکی مەدەنی ئەمەریکایی ناچاربووم لەبارەی ئەو کێشە سنووریانە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببمەوە . ئەوکات هەموو جەختی حکومەتی عێراق لەسەر ناوەند بوو، واتە هەرێم وپارێزگاکان بەپلەی دووەم دەهاتن لە گرینگیپێداندا . یەکێک لەکارە سەختەکانم ئەوەبوو کە بەرپرسانی عێراق لەبەغدا ڕازیبکەم کە بێن سەردانی موسڵ بکەن و تێیانبگەیێنم کە حکومەت بەڕێوەبردن مانای ئەوەیە گوێ لە خواست و داخوازییەکانی ناوچەو پارێزگاکانی دەرەوەی بەغداش بگیرێت . بەڵام بەغدا زۆر بەئاسانی گوێی لەدەنگی ئەو ناوچانە نەدەگرت. هەروەها کارێکی سەختی دیکەم ئەوەبوو باوەڕ بە بەرپرسە هەرێمییەکان بکەم کە سەردانی بەغداو پارێزگاکانی دیکە بکەن و بەیەکەوە کاربکەن.



هێرۆ عەبدولقادر، ئەو کاتەی بەرپرسی فەرمانگەی مەدەنی ئەمریکا بوو لە موسڵ، لەگەڵ بریمەر دا

# هندەک ژ کوردێن ئەوروپا بەری ڕۆژ ئاڤابوونێ فتارێ دکەن

**کاژین و شەرمین بەرواری**
**ڕووداو- ئەڵمانیا، نەرویج**

پتریا کوردان موسڵمانن و پێگیری سروت (گگوس) و ئەرکێن ئاینینە، هەژمارا مزگەفتێن کوردستانێ ژی، بەڵگەیەکا دیارە ل سەر ڤێ چەندێ، ئەو مزگەفت و بەر دەرێن وان ژی ژ نڤێژکەران پڕ دبن. هەروەسا د دەما فتارێ دا ل مەها ڕەمەزانێ، جاددە و کولانێن باژێر و گوندێن وەلاتی ڤالە و بێدەنگ دبن، هەر وەک کەس تێدا نە. لێ ڕەمەزانا کوردێن ئەورووپا ب وێ شێوەیێ نینە و مەرجێن گرتنا ڕۆژیێ ژی ل هەڤناهێن. لەوما پتریا گەنجێن کوردان کو دخوینن یان کار دکەن، ڕۆژیا ناگرن. زۆربەیا کەسێن کو دگرن ئەوێن دانەعەمرن، یان ژی ژ شەرما مالباتا خوە دا دگرن.

سەردار گەلیکی، پیاوەکێ کوردێ 34 سالییە و خودیێ سێ زارۆکانە و ل وەلاتێ ئەڵمانیا دژیت و دبینیت کو ڕۆژی گرتن ل ڤێرە ژ کوردان ڕە، گەلەک ب زەحمەتە، ب تایبەت ئەو کەسێن کو کار دکەن، ژ بەرکو پڕانیا وان ل ڕێستۆرانت و خارنگەها کار دکەن نەک ل فەرمانگەهێن حکومی کو دەمێ چۆن هاتنا وان یا دیار بە "هەروەسا بهێنڤەدانا ددەما کاری دا ژی نە ب دەستێ وانە کو دەما پاشیڤێ یان فتارێ بۆ خوە بکەنە بهێنڤەدان". ئەو ڕەمەزانا کوردستانێ ب بیرا خوە تینە و ڤێ ل ئەوروپا نابینی"خوەشییا ڕەمەزانێ ئەوە کو مالبات ب هەڤرە ل سەر سفرێ ڕوونێت و پاشیڤ و فتارێ بخۆن، ئەڤ تشتە ژێ ل ڤێرە ب زەحمەتە، ژ بەر هندێ ئەز ڕۆژیا ناگرم".

هندەک کەس ژی هەنە ب شێوەیەکێ دی ل ڕەمەزانێ دنێڕن و هیچ ئاستەنگان ژێ ل بەر ڕۆژیگرتنێ نابینن. فەهیما بەرواری، ژنەکا چل سالییە و پتری دوازدە ساڵانە ل ئەڵمانیا دژیت و ب پێویست دبینیت کو کورد ڕێزێ ل دابونەریتێن ئاینێ خوە بگرن " ل ڤان وەلاتان هەموو تشت ل بەر دەست هەیە، مزگەفت هەنە، مارکێتێن کو تشتێن حەلال دفرۆشن هەنە و ئەم ب خوە بۆ کڕینا گۆشتێ حەلال دچینە باژارەکی ب ناڤێ بۆتروپ کو 40 کیلۆمەتران ژ مە دوورە".

فەهیما بەرواری کو دایکا 7 زارۆکانە، هەڤبەرکرنێ دناڤبەرا ڕەمەزانا ئەوروپا و کوردستانێ دا دکەت و دبێژی"ڕەمەزانا ڤێرە گەلەک خۆشتر و ب ساناهیترە ژ یا کوردستانێ، ل ڤێرە کارەب، ئاڤا گەرم و سار بیست و چوار دەمژمێران یا هەی، خوارنێن 100% ساخلەم یێن هەین ". د وەختەکیدا شەڤ و ڕۆژان ل کوردستانێ سێ دەمژمێرا کارەبا نیشتیمانی و 8 دەمژمێران کارەبا مولیدا هەیە، هندەک جهێن وەک سلێمانێش د بێ ئاڤن.

ئەمین نوری، پیاوەکێ کوردێ 42 سالییە و پتری پازدە سالانە ل ئەورۆپا دژیت. وی باوەری ب ڕەمەزانێ نینە و د بینیت کو ڕۆژیگرتن دیاردەکا نەساخلەمە، چونکی چ جارا دکتۆر نابێژن مەعیدەیا خوە بهێلە ڤالا، بەلکو هەموو دەمان شیرەتا ل خەلکی دکەن کو دڤێت یا تژی بیت، ژ بۆ مرۆڤ بشێت کار و داهێنانێ بکەت و هزرا مرۆڤ نەمینیت ل سەر خوارنێ "دئەنجاما ڕۆژی گرتنێدا هەیڤەک ژ سالێ بەلاش دەربازدبیت".



### ل نەرویج وانە ل سەر ڕەمەزانێ

حکومەت و گەلێن وەلاتێن ئەورووپی و سازیێن جودا یێن وان ژی، ڤێ هەیڤێ ب بیرتینن و دخوازن پتر ب ڕەمەزان و پەیرەوێن ئیسلامێ ئاشنا ببن، سەرۆکێن ئەمریکا ژی هەر ساڵ پیرۆزباهیا هاتنا ڕەمەزانێ ل موسڵمانان دکە.

کارین عەلی، کچەکا کورد یا هەژدە سالییە و ل وەلاتێ نەرویج دژیت، ئەو دبێژی ل قوتابخانەیا وان، وانە ل سەر ڕەمەزانێ دهێن پێشکێشکرن، هەروەسا ل گەلەک جهێن کاری ژی ددەما پاشیڤ و فتارێدا، هاریکارییا ڕۆژیگران دهێت کرن.

د سەر هندێ ڕا کو باب و پتریا خزمێن وێ ڕۆژیا ناگرن، لێ دیسان ژی ئەو و دایکا خوە ب ڕۆژی دبن و دبێژیت"وەک ڕێزگرتن بۆ ڕەمەزانێ من دەرسووک کرییە سەرێ خوە، لێ ب شێوەیەکێ کوردەواری نە وەک عەرەبا، من گرێدایە". هەروەسا کارین عەلی دبێژی کو پتریا کوردان ل نەرویج ڕۆژیا دگرن و پشتی فتارێ ژی پیاو قەستا مزگەفتان دکەن کو ل هەموو باژاران هەنە.

ل پتریا وەلاتێن ئەوروپا دەما ڕۆژیگرتنێ، ئانکو ژ ڕۆژهەلاتێ تا ڕۆژئاڤابوونێ ژ 15 دەمژمێران پترە . ل هندەک جهان ژی وەک باژارێ ترۆمسۆ یێ باکوورێ نەرویج، ڕۆژ قەت ئاڤانابیت یان بۆ چەند خولەکان دنیا پیچەک تاری دبیت . لەوما کورد و موسلمانێن وێرێ 15 دەژمێرێن خوە تەمام دکەن و فتارێ دکەن، بێی کو ڕۆژئاڤاببیت. ئانکو د پتریا جاران دا پاشیف و فتارەیان ب ڕۆژ دکەن و ب گۆر دەما ئۆسلۆ یا پایتەختا وی وەلاتی.

# 16هەزار قوتابی دەرچووی ئامادەیی و پیشەییەکان لەکۆلێژ و پەیمانگاکان وەرناگیرێن

**ڕووداو– هەولێر**

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕایگەیاند ئەمساڵ 33 هەزار قوتابی لە شەشی ئامادەیی و ئامادەییە پیشەییەکانەوە دەرچوون، بەڵام زانکۆکانی کوردستان تەنیا توانای وەرگرتنی 17 هەزار قوتابییان هەیە. بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقیش ڕایگەیاند، باڵیۆزخانەی ئەمریکا پەیمانگایەک لە هەولێر دەکاتەوە بۆ ئەو قوتابیانەی لەزانکۆ و پەیمانگاکان وەرناگیرێن.

بەپێی پلانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا کە لەسەرەتای مانگی هەشتی ئەمساڵدا دانراوە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان توانای وەرگرتنی 15918 قوتابیان هەیە بۆ ساڵی خوێندنی 2008– 2009.

جوان جەلال شەریف، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان، دەڵێت"وەزیری خوێندنی باڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەوڵبدرێت زۆرترین قوتابی وەربگیرێن، بۆیە بڕیاریداوە ژمارەی ئەو قوتابییانەی لە زانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێن زیادبکرێت بۆ 17 هەزار ".

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان، ئەم ساڵ 45 هەزار قوتابی شەشەمی ئامادەیی و پیشەیی هەبووە، بەڵام بەشێک لەو قوتابیانە نەچوونەتە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەو تەنیا 33 هەزار قوتابی دەرچوون.

جوان جەلال، ڕوونیکردەوە کە ئەوان تەواوی وردەکارییەکانیان ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە "لەکوردستاندا 17 هەزار کورسی خوێندنمان هەیە، بەڵام 33 هەزار قوتابی دەرچووی ئامادەیی و پیشەییمان هەیە، لەکاتێکدا بۆ پیشەییەکانیش تەنها ئەوانەمان ئەژمار کردووە کە نمرەکانیان لە 70% بۆ سەرەوەیە"، ئەو بەرپرسەی وەرگرتنی قوتابیان دەڵێ زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان "توانای وەرگرتنی هەموو دەرچوانی زانستی و وێژەیشیان نییە، ئەگەر لەسەرەوە بڕیارێک نەدرێت".

ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی ترس و دڵەڕاوکێیەکی تازەی لای قوتابیان دروستکردووە، بەتایبەتیش ئەو قوتابیانەی کە نمرەیان کەمە. دڵدار عەزیز، دەرچووی پۆلی شەشەمی وێژەییە و کۆی گشتی نمرەکانی 57% ـە ئەو بێ هیوایە لەوەی کە ئەمساڵ بتوانێت لە زانکۆ یان پەیمانگایەک وەربگیرێت"لەو کاتەوەی ئەنجامی خوێندنی ئەمساڵم وەرگرتووەتەوە هەست بەبێ هیواییەکی زۆر دەکەم "، ئەو کە زانیویەتی هەموو دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا جێگەیان نابێتەوەو وەرناگیرێن دەڵێ " پێویستە چارەیەک بۆ ئێمەش بدۆزرێتەوە".

هۆکاری سەرەکی جێنەبوونەوەی دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هۆڵەکانی خوێندن، بەهۆی زۆربوونی ساڵ بە ساڵی ژمارەی قوتابیانی دەرچوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە ساڵانی ڕابردووشدا ژمارەیەکی زیاد لە ڕادەی ئاسایی قوتابیان لەهۆڵێکدا وانەیان دەخوێند و ئەمەش کاری لە ئاستی فێربوونی قوتابیان کردووە.

د.تەلعەت ئیسماعیل، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پەروەردە زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، باسی ئەو گرفتە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێ "دوو ساڵی ڕابردوو بۆ هەریەک لە بەشەکانی: بایۆلۆجی، کیمیا، فیزیا، بیرکاری، کۆمپیوتەر، داوای 35 قوتابیمان کردبوو چونکە جێگەمان نەبوو، بەڵام ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بڕیاریدا کە دەبێت هەریەک لەو بەشانە 70قوتابی وەربگرێ".

د.تەلعەت، نەبوونی هۆڵی خوێندن بەگرفتێکی گەورە دادەنێت و گوتی ئەگەر هۆڵی پێویستیان هەبوایە دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر قوتابی وەربگرن "چونکە مامۆستامان زۆرە".

سەنعان محەممەد، مامۆستایە لەبەشی بیرکاری کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، زۆر نیگەرانە لەقەرەباڵخی هۆڵەکانی خوێندن "ساڵی ڕابردوو بۆ قۆناغی یەکەم 80 قوتابیمان هەبوو کردمانە دوو پۆل، ئەم قەرەباڵخییە وادەکات مامۆستا ئەوەی دەیزانێ نەتوانێ بیگەیێنێتە قوتابییەکان، چونکە دەبێت هەر هۆڵێکی خوێندن لە25 قوتابی زیاتری تێدا نەبێت".

بەڵام قوتابیانی تازە دەرچوو وەرنەگرتنیان بە پاساوی نەبوونی هۆڵی خوێندن، بە "بیانووێکی لاواز" دادەنێن و بە ئەرکی حکومەتی دادەنێن کە هۆڵی خوێندن دروستبکات. ئارام عوسمان کە ئەمساڵ لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەربەندیخانی تێکەڵاو دەرچووە، هەرچەندە لایەنگیری ئەوەنییە کە ژمارەیەکی زۆر قوتابی لەهۆڵێکدا بن، لە هەمانکاتیشدا دەڵێ "ئەرکی حکومەتە هۆڵی پێویست بۆخوێندن دروستبکات، نەک قوتابی قوربانی بدات".

هەرچەندە ڕێژەی وەرگرتنی قوتابیان کەمکراوەتەوە، ئەوەش بووەتە جێی گلەیی تازە دەرچووان، لەولاشەوە ڕاگرایەتی کۆلیژەکان گلەیی لە ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان دەکەن کە هەمیشە زیاتر لە ڕێژەی گونجاوی خۆیان قوتابیان بۆ دەنێرێت.

ئیدریس ڕەمەزان، بڕیاردەری بەشی بانک و دارایی لەکۆلێژی کارگێڕی و دارایی زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت"ساڵی ڕابردوو بەشێکی تازەمان لە کۆلیژەکەمان کردەوە بەناوی بەشی دارایی و بانک، داوای 80 قوتابیمان کرد، بەڵام ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتریان بۆ ڕەوانە کردین". ئەو بڕیاردەرە گلەیی ئەوە دەکات کە هۆڵیان هەیە 60 قوتابی تێدایە لەکاتێکدا دەبێ 25– 30 قوتابی تێدابێ.

کێشەی نەبوونی شوێنی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکان شارەکانی عێراقیشی گرتووەتەوەو ساڵی ڕابردوو نزیکەی 15 هەزار دەرچووی ئامادەیی لەخوێندنی زانکۆ بێ بەشبوون لە عێراق، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ساڵی ڕابردوو ئەو کێشەیە چارەسەرکرا، بەهۆی یارمەتیدانی قوتابیان بۆ خوێندن لە کۆلیژەکانی ئێواران و زیاد وەرگرتنی قوتابیان. د.سەلام خۆشناو، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، لەو باوەڕە دایە ئەمساڵیش هەمان گرفت دووبارە ببێتەوە"لە بەغدا ئەمساڵ هەموو قوتابییەک وەرناگرین".

سەلام خۆشناو، کە پێش ئەوەی بکرێتە جێگری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق، ڕاگری کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەحەلادین بوو دەڵێ"لەهەموو دونیا شتی وانییە هەموو دەرچووانی ئامادەیی لەزانکۆی حکومی وەربگیرێن، لە وڵاتان زانکۆی ئەهلی هەن و قوتابی دەچێتە زانکۆی ئەهلی، یان دەنێردرێنە پەیمانگا تەکنیکییەکان بۆ ئەوەی ببنە کرێکارێکی شارەزا".

لەبارەی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، بۆ ئەو قوتابییانەی لەزانکۆ و پەیمانگاکان وەرناگیرین، د. سەلام خۆشناو گوتی "باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەیەوێت پەیمانگایەک لەهەولێر بکاتەوە، لەسەر شێوازی ئەو پەیمانگایەی لەئەفغانستان کراوەتەوە، کە دەرچووانی شەشەمی ئامادەیی، ئامادە دەکات و بەشێوەیەکی تەکنیکی کادری ناوەندیان لێ دروستدەکات".

گوتیشی ئەمریکییەکان پلانی ئایندەییشیان بۆ ئەو پەیمانگایە هەیە کە لە هەولێر دەیکەنەوە " بڕیاریانداوە بەتێپەڕبوونی کات پەیمانگاکە بکرێتە پەیمانگایەکی ئەمریکی هەمیشەیی لە هەولێر".

## لە 33 هەزار قوتابی تەنیا 17 هەزاریان وەردەگیرێن



بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان : جگە لە دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان توانای وەرگرتنی هەموو دەرچوانی شەشەمی ئامادەیشیان نییە



جێگری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق : ئەمساڵ لە بەغداش هەموو دەرچووانی ئامادەیی وەرناگیرێن

قوتابییەک : نەبوونی هۆڵی خوێندن بیانوویەکی لاوازە و حکومەت دەبێ دابینیان بکات

ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی زانستەکان: ئەگەر هۆڵی خوێندن دروستبکرێن مامۆستای زیادمان زۆرن

ڕاگری کۆلیژەکان: ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان هەمیشە زیاد لە پێویست قوتابیمان بۆ دەنێرێ



گرافیک و زانیاری: ڕووداو

# دامەزراندن بۆ چۆمان و مێرگەسۆرە

## دەرچوویەکی زانکۆ: ئەگەر ڕەوانەی چۆمان و مێرگەسوورم بکەن مامۆستایەتی ناکەم

**ڕووداو–هەولێر**

دامەزراندنی مامۆستایان بۆ مەڵبەندی پارێزگاکان نییە. لەسنووری پارێزگای هەولێریشدا بۆ ناوچەکانی مێرگەسۆرو چۆمانە. بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەڵێت حەقە ئەو مامۆستایانەی دەچنە ئەو ناوچانە مووچەکەیان دوو ئەوەندی مووچەی ئاسایی بێت.

ئەمیر ئەحمەد، خۆی و خێزانەکەی سەرەتای ساڵی ڕابردوو لەناحیەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر وەک مامۆستا دامەزران، پاش دوومانگ دەوامکردن بڕیاریاندا خۆیان بۆ قوتابخانەیەکی ناحیەی گۆڕەتووی سەر بە قەزای مێرگەسوور بگوازنەوە، لەکاتێکدا زۆربەی مامۆستا تازە دامەزراوەکان مەرجی سێ ساڵ دەوامکردن لە شوێنە دوورەکان وەک مەرجێکی قورس تەماشا دەکەن.

ئەمیر، دەڵێت" لەخەبات کرێنشین بووین، بەڵام ئێستا لە ناحیەی گۆرەتوو خانوویەکی تایبەتی بێ کرێمان پێدراوەو خەڵکی ناوچەکەش زۆر باشن بۆمان، مووچەی خۆم و خێزانەکەم نزیکەی یەک ملیۆن و 100 هەزار دینارەو خەرجییەکی زۆر کەمیش دەکەین".

لەساڵانی شەست و حەفتاکاندا، مامۆستا لە گوند وەک کەسێکی زۆر ڕێز لێگیراو تەماشا دەکرا و، بە هەموو شێوەیەکیش هاوکاری دەکرا، بەڵام ئێستا هەندێ لە مامۆستا تازە دامەزراوەکان کە گوێیان لەو ڕێزگرتن و هاوکارییەی پێشان دەبێ، گلەیی دەکەن کە ئێستا مامۆستا لە گوند وا نییە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر بۆ ئەمساڵی خوێندن، داوای دامەزراندنی 3046 مامۆستای بۆ قۆناخی بنەڕەتی و 1000 مامۆستای بۆ قۆناخی ئامادەیی کردووە.

ئەمیر ئەحمەد و هاوسەرەکەی، کە تازە خێزانیان دروستکردووە پێیوایە ئەگەر بێت و بچنە ناوچە دوورەکانی وەک چۆمان و حاجی ئۆمەران لەماوەی چەند ساڵێکدا دەتوانن گۆڕانکاری لەرەوشی ژیانیاندا بکەن"بەتایبەتی ئەوانەی خێزاندارن بناخەیەکی مادی زۆرباش بۆ ژیان دادەنێن".

ژیانی مامۆستایی لەو ناوچانەی کەدوورە لەمەڵبەندی شارەکانەوە بۆ ئەوانەی ژن و مێردن ڕەنگە تارادەیەک کارێکی ئاسان بێت، بەڵام بۆ ئەو کوڕە گەنجانەی کەهێشتا ژیانی هاوسەرییان پێکەوە نەناوە کارێکی دژوارە.

شارەزا ئەبوبەکر، ماڵی لەگەڕەکی مەنتکاوای هەولێرە، ساڵی ڕابردوو بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووەو ئێستاش لەگوندی مەڕانەی ناوچەی مێرگەسۆر مامۆستایە، دەڵێت"سەرەتا کە هاتمە ناوچەکە مانەوەم کارێکی ئەستەم بوو، بەڵام ئێستا لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا ڕاهاتووم، خەڵکی ئێرە ڕێز لەمامۆستا دەگرن و خزمەتێکی زۆرباشی دەکەن".

ئەو مامۆستایە پێیوایە مانەوە لەو گوندانەدا دەرفەتێکی باشە بۆ پاشەکەوتکردنی پارە " 510 هەزار دینار وەردەگرم و خەرجییەکی ئەوتۆش ناکەم".

بەگشتی ژیانی لادێ کەم خەرجترە، جگە لەوەش بەهۆی هاوکاریکردنی مامۆستایان لەلایەن خەڵکی گوندە بە بەروبوومە وەرزییەکان، مامۆستاکان لە گوند خەرجییان کەمترە و مووچەشیان کەمێک زیاترە.

بەهۆی کەمی میلاکی مامۆستا لە شوێنە دوورەکان، دامەزراندنی مامۆستایان لەناو مەڵبەندی پارێزگاو ناوچەکانی دووربەریشیدا کارێکی ئەستەمە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر بەشێکی زۆری مامۆستایان بۆ پەروەردەکانی مێرگەسۆرو چۆمان دەنێرێت.

پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر، دەڵێت"خاوەن شەهید و ئەنفال، ئەو ئافرەتانەش کە خێزانیان هەیە لە ناوچە نزیکەکان و دەوروبەری هەولێر دادەنرێن کە ڕۆژانە دەتوانن هاتووچۆ بکەن، ئەوەشی ئەو مەرجانەی نییە ڕاستەوخۆ لەپەروەردە دوورەکانی وەک چۆمان و مێرگەسۆر دادەمەزرێندرێت".

بەشێک لەو مامۆستایانەی لەشوێنە دوورەکان دادەمەزرێندرێن گلەیی لە کەمی مووچەکانیان دەکەن و دەڵێن بەشێکی مووچەکەیان بۆ هاتن و چوون دەڕوات.

پاکیزە تەلعەت، وێڕای ئەوەی ئەو مووچەیەی دەدرێتە مامۆستایانی تازە دامەزراو بە"موچەیەکی کەم دەزانێت"، پشتیوانی لە زیادکردنی مووچەی ئەو مامۆستایانە دەکات کە لە شوێنە دوورەکان دەوام دەکەن "پێویستە مووچەی ئەو مامۆستایانە بکرێتە دوو ئەوەندەی ئێستا، ئەوکاتە ئەوانیش دەتوانن لەجیاتی 3 ساڵ 6 ساڵ بمێننەوە".

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەڵێ بۆ مەبەستی یارمەتیدانی ئەو مامۆستایانە نووسراوی بۆ وەزارەتی دارایی کردووە، کە جگە لەو دەرماڵە نوێیە، دەرماڵەیەکی تایبەتیش بۆ ئەو مامۆستایانە خەرجبکرێ کە لە شوێنە دوورەکان دەوام دەکەن بەمشێوەیە : بۆ شوێنە هەرە دوورەکان 200 هەزار دینار، بۆ شوێنە دوورەکان 150 هەزار دینار، 100 هەزار دیناریش بۆ پەروەردەکانی دەوروبەری هەولێرخەرجبکرێت.

بەهۆی نەبوونی ژمارەی پێویستی مامۆستایانیئینگلیزی،دەرچوانیبەشەکانی دیکە بۆ ئەم پسپۆرییە ڕادەهێنرێن، بەڕێوەبەری گشتیی پەرەوەردەی هەولێریش، دەڵێت"ماوەی ساڵێک و 10 مانگە پارێزگاری هەولێر لەسەر بودجەی خۆی 50 مامۆستای بۆ ڕاهێناوین بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای ئینگلیزی و ڕاهێنانی هەر مامۆستایەکیش 3 هەزار دۆلاری تێچووە".

هەرچەندە دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاکان زۆرجار گازندەی ئەوە دەکەن کە دانامەزرێن، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەڵێت"ئەوانەی خوێندنیان تەواوکردووە خۆیان نایێنە پێش بۆ دامەزارندن، لەبەشە زانستییەکان قوتابییەکی زۆرکەم دەرچووە، دەرچووانی بەشی ئینگلیزییش زۆر بەکەمی داوای دامەزراندن دەکەن، دەرچووانی کۆمەڵناسی و کوردی و عەرەبی داوای دامەزراندن دەکەن، ئێمەش زۆر پێویستمان بەو پسپۆرییانە نییە".

پاکیزە تەلعەت،ڕوونیکردەوە کە دەرچووانی 2002 بۆ سەرەوە دادەمەزرێن، بەمەرجێک دەرچوانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و پەیمانگای تەکنیکی بەشی کۆمپیوتەر بن، لە دەرچووانی کارگێڕی و ئابووریش تەنها بەشی ئامار بە مامۆستا دادەمەزرێن، هەروەها دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە، زانست و کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی دادەمەزرێندرێن.

ئارام حەسەن، ساڵی ڕابردوو بەشی بیرکاری لەکۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووەو بەمەبەستی دامەزاراندن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێری کردبوو، دەیگوت"ئەگەر ئەمساڵیش بزانم دەڵێن بڕۆ بۆ چۆمان و مێرگەسۆر مامۆستایی ناکەم".

قوتابیان بۆ دامەزراندنیان پێویستە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانەوە مامەڵەی دامەزراندن بکەن و پاشان کارەکانیان دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەووەردە تاوەکو دوایەمین بڕیار لەسەر شوێنی دامەزراندنەکەیان بدرێت.

پاکیزە تەلعەت، دەڵێت"بەشێکی زۆری ئەوانەش کەدێن، بەخزمایەتی و ناسراوی لە پەروەردەکانەوە نووسراومان بۆ دێنن کە ئەو کەسە گرفتی هەیەو ناتوانێت بچێتە ناوچە دوورەکان، ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین ناتوانین یەک مامۆستا بنێرینە شوێنە دوورەکان".

### ئەوانەی دەتوانن وەک مامۆستا دابمەزرێن:

– دەرچووانی 2002 بۆ سەرەوە دادەمەزرێن، بەمەرجێک دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و پەیمانگای تەکنیکی بەشی کۆمپیوتەر بن.
– دەرچووانی کۆلیژەکانی پەروەردە، زانست و پەروەردەی بنەڕەتی.
– دەرچووانی بەشی ئامار لە کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری.

### پەرەووەردەی هەولێر داوای دەرماڵەیەکی تایبەتی بۆ مامۆستایانی شوێنە دوورەکان دەکات

بەڕێوەبەری گشتیی پەرەووەردەی هەولێر لە نووسراوێکدا بۆ وەزارەتی دارایی داوای کردووە کە جگە لەو دەرماڵە نوێیەی بڕیاردراوە بدرێتە مامۆستایان، دەرماڵەیەکی تایبەتیش بۆ ئەو مامۆستایانە خەرجبکرێ کە لە شوێنە دوورەکان دەوام دەکەن بەمشێوەیە :

– بۆ شوێنە هەرە دوورەکان 200 هەزار دینار.
– بۆ شوێنە دوورەکان 150 هەزار دینار.
– بۆ پەروەردەکانی دەوروبەری هەولێر 100 هەزار دینار.



### ئەوانەی لەشوێنە دوورەکان دەبنە مامۆستا پێویستە مووچەکەیان بکرێتە دوو بەرامبەر

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر

# ئەوپیاوەی بەکلاشینکۆفێکەوە سوپای عێراقی راوەستاند



ئەوزاد مەحمود

nawzad2000@yahoo.com

**روودلو–تەکیە–چەمچەماڵ**

"چیت بۆبگێڕمەوە". ئەو بۆیە دەپرسێت، تا بزانێت تۆ چیرۆکی کام برینە گەورەی دڵیت دەوێ."حاجی ئەحمەدی پیاوم یان حەمە لاوی کوڕم، جەیش و جاش یان ئەشکەوتەکە؟".کە گوتم هەمووی، ئەوکات زانی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەنفال، ئینجا بۆ مێردە سەربڕاوەکەی و شەوە شومەکانی ئەشکەوتەکە. دەستی بەو حیکایەتە رەش باوانە کرد، کە ماوەی 12ساڵە

دەکردو بەقوربانی دەبووم".

20 ساڵ لەمەوبەر رەوە کوللەی ئەنفالچییان بەسەر ئاوایییەکەی نافیەدا دابارین، بەڵام ئێستاش کە چیرۆکی وێران بوونی خێزانەکەی دەگێڕێتەوە، وادەزانی باسی دوێنێت بۆ دەکات " ئەو خەڵکەی کە بەبێ یەکتری نان و ئاویان پێنەدەخورا، بەهاتنی لەناکاوی ئەو نەعلەتیانە وای لێهات، دراوسێ بەسەر تەرمی دراوسێدا بازی دەدا، کەس لەکەسی نەدەپرسی، لە زۆرکەس پاڕامەوە جەنازەی کوڕە شیرینەکەم جێنەهێڵن، کەس بەهاوارم نەهات". لەناو پاشماوەکانی ئەنفال، لە بیابانی عەرعەر، نوگرەسەلمان و تۆپزاوادا، ئەو جۆرە بنیادەمانەی، کەحکومەتەکەی خۆیان تائێستاش چرایەکی فانۆسی بەنەوتەوە نەبردووەتە کەلاوەی تاریک داهاتووی دڵیانەوە، نێوچاوانیان بووەتە تەختەڕەشی دارا دوو داری دی حیکایەتی ستەمەکانی ئەنفال. نافیە هەر ئەوکات نەیهێشت تەرمی کوڕەکەی بکەوێتە بەر دەستی سوپا ئەنفالچییەکەی سەددام، کەچی سێ ساڵ دوای ئەوە، سوپا فاشستەکەی سەدام سەری مێردی نافیەیان بە چەقۆ لە لاشەی کردەوە.

ئەو ژنە تەمەن 75 ساڵە، ئەوەندە بەدیار چرای کزی بێهاوەدمییەوە گریاوە، ئێستا تەنگەنەفەسی بواری قسەکردنی پێنادات. "حەمەلاوی



### دوو شەو لەئەشکەوتدا

حەمەلاو، ناوێک بوو، خۆشەویستی خەڵکی ئەو ناوەی پێ بەخشیبوو. هاوسەرەکەی حەمە لاو دەڵێت "ئەو خۆی ناوی عەبدولرەحمان بوو، بەڵام خەڵک زۆر خۆشیان دەویست و پێیاندەگوت حەمەلاو". ئەو حەمە لاوە لە کاتی ئەنفالەکاندا خۆشەویستی خۆی بۆ خەڵک چەند بارە سەلماندەوە، بەڵام خەڵکەکە لەتاو خۆیان بەسەر لاشەکەیدا بۆ دایکەکەی بەجێیان هێشت.

ئەوەی زامی دڵی دایکی حەمەلاو دێنێتەوە سۆ، بەجێهێشتنی تەرمی حەمەلاوە، لەکاتێکدا ئەو لە رەوە گورگی ئەنفالچییان دووری خستبوونەوە."تاکە کەسێکیش نەهاتە سەر تەرمەکەی، خۆم بەتەنیا مامەوە، تاتاریکی داهاتنی ئێوارە لەلای جەنازەکەی مامەوە بەڵکو کەسێک یارمەتیم بدات، ئیدی ناچار جەنازەکەم بە کێشەکێش گەیاندە ئەشکەوتەکە، ئەشکەوتێکی چۆڵ و هۆڵ و تاریک، ئەوکات رەمەزانیش بوو، خواردنی چی و خواردنەوەی چی؟".

ئەو ژنە درێژ دەبێتەوە سەر جێگەکەی، تا مەینەتییەکانی ئەشکەوتنشینی خۆی زیاتر بگێڕێتەوە"دووشەو بەتەنیا جەنازەی ئەو کوڕەم لاواندەوەو گریام بەسەریا، دوایین شەو، چەند لایتێکم بینی کە لەدەوری ئەشکەوتەکەوە بوون، تومەز ئەوانە بۆ من دەگەڕێن، هەرچۆن بوو لایتەکان هاتنە نزیک ئەشکەوتەکەو بەبانگکردن یەکتریمان دۆزییەوە، خۆم و جەنازەکە ئەشکەوتەکەمان جێهێشت و رۆیشتین، ئیتر نازانم چیمان بەسەر هات و کەوتینە کوێوە". وەک سەتان خێزانی ناو مەحشەری ئەنفال، خێزانەکەی نافیەش لەیەکترازاون "کوڕ بۆ لایەک و بووک و منداڵ بۆ لایەک و کەسنەکەسێک بوو، ئەو سەری دیار نەبێت، رەببی ئەو موسیبەتانە روو لەهیچ بونیادەمێک نەکەن و نەیێنەوە".

### هاتنەوەی سوپای ژەهر

دوای ئەوەی خێزانەکەی حاجی ئەحمەد سەعید، بەبێ حەمەلاو یەکدەگرنەوە، هەریەکەو بەشێکی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو لەمەینەتییەکانی یەک تێدەگەن. هەواڵی مردنی حەمەلاو، زەمین لەرزەیەک لەرۆحی حاجی ئەحمەدی باوکیدا دروست دەکات، کە تاوەکو ئەوساتەی سەریان لە لاشەی جیاکردەوە، داخی دەدایە دەست داخ و بەعس لەبەر چاوانیدا قیزەونتر دەبوو. لەدوای راپەرینی 1991، بڕیاریدا تەکیە جێبێڵێت و بچێتە چەمچەماڵ و لەوێ لەنزیک کەلاوە خۆڵەمێشییەکانی ئەنفال نیشتەجێ ببێت. هەرچەند مانگێک دوای راپەرین، کە سوپای رژێمی رووخاو دەیەوێت بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان بگەڕێتەوەو

## لەکاتی ئەنفالدا تەرمی کوڕەکەم راکێشایە ناو ئەشکەوتێک و دوو دانە شەو بەتەنیا، کە گەڵاش نەبوو بیخۆم، هەر بەگریان دەملاواندەوەو، ماچم دەکردو بەقوربانی دەبووم

هاوسەری حاجی ئەحمەد

لەسەر جێگەی نەخۆشی خستوویانە.

20 ساڵ لەمەوبەر، نافیە رەشید، هێندە بەهێزو گوڕ بوو، کە خۆی بە تەنها تەرمی کوڕە 31 ساڵەکەی بە کۆڵی داداو بردییە ئەشکەوتێکی چۆڵ، تاوەکو نەکەوێتە دەست سوپاو جاشە ئەنفالچییەکانی بەعس. ئێستا ئەو ژنێکی رەشپۆش و پەککەوتەیە، دوا رۆژەکانی تەمەنی، لەگەڕەکی شۆڕشی چەمچەماڵ، لەگەڵ بووکەکەی بەسەردەبات "دوو دانە شەو بەدیار تەرمی کوڕەکەمەوە لەئەشکەوتێکدا مامەوە، کە گەڵاش نەبوو بیخۆم، هەر بەگریان دەملاواندەوەو، ماچم

کوڕم دەیویست بەتراکتۆرەکەی خۆمان، خەڵکەکە لەچنگی جەیشە ئەنفالچییەکەی سەددام رزگار بکات، عارەبانەی تراکتۆرەکەی پڕ پڕ کرد بوو لەخەڵک، دڵنەوایی دەداینەوە، دەیگووت هیچ مەترسن، دەتانبەم بۆ شوێنێک کەس دەستی نەگاتێ، شوێنەکە، ئەشکەوتێک بوو لەو شاخە، کە شاخی گەورەیان پێدەگوت، نەیدەزانی کە جەنازەکەی خۆی دەچێتە ئەشکەوتەکە، زۆر بەپەلە تراکتۆرەکەی لێدەخوڕی، مەکینەکەی لەنزیک تەوەکەڵ وەرگەڕاو خۆی تیاچوو، بەکوردییەکەی مرد".

## سوپای عێراق سەری حاجی ئەحمەدیان بە کوژراوی بە چەقۆ لێکردەوە

خزمێکی حاجی ئەحمەد

هێزی پێشمەرگە ناتوانێت بەرگەی بگرێت و پاشەکشە دەکات، حاجی ئەحمەد سەعید خۆی بۆ فیداکاری یەکلایی دەکاتەوە. خۆیی و کلاشینکۆفەکەی، تاک لایەنە سەنگەرێک لەبەرامبەر سوپا زەبەلاحەکەی سەددام دروست دەکات.

ناهیدە رەزا حوسێن، هاوسەری حەمەلاو،

بەسەلامەتی بڕوات، نزیکەی 45 خولەک حاجی شەڕی کرد بوو، ئیتر بەگوللەیەکی قەناس پێکابوویان، کە حەمە شوکری براشی زانیبووی حاجی کوژراوە، هەر ئەوەندەی پێکرابوو چەکەکەی هەڵگرێت و بڕوات، وەک باسیشی دەکەن، حاجی توانیبوی سەرباز و ئەفسەرێک بکوژێت".

کەریم بە داخ هەڵکشانێکی بۆ ئەو



حاجی ئەحمەد

## لە زۆر کەس پاڕامەوە تەرمی کوڕەکەم جێنەهێڵن کەس بە هاوارمەوە نەهات

دایکی حەمەلاو

نزیکترین شاهید عەیانی ئەو پاڵەوانێتییەیە، کە خەزوری لەبەرامبەر بەعس نواندی. ناهیدە دەگێڕێتەوە "پێشتر وەزعەکە شێواو بوو خەڵک دەترسان، کۆڕەو دەستی پێکرد، کۆپتەرەکە هات، گوتم ئەوە شەڕە، ئەوان بەگومان بوون، خەزوورم لەبەردەم دەرگای حەمامەکە وەستابوو، گوتی ئەوە جەیشەو بۆ ئێرە دێت، کۆپتەرەکە رێگەی نەدەدا خەڵک بڕوات و رابکات، خەزوورم و حەمە شوکری برای، چوونە دەرەوە بۆ کۆڵانەکە تاهەولێک بۆ دەربازکردنی خەڵکەکە بدەن".

### پاڵەوانێکی بێ پەیکەر

ناهیدە وتی"کەئێمە چووینە دەرەوە تا رابکەین، تەقەمان لەسەربوو، تەقەو کۆپتەر نەیاندەهێشت کەس بڕوات، ئەوجا خەزورم و حەمەشوکری برای دەستیان کرد بەتەقەو ئەوان لەو لاوە بوون، ئەوان بەتەقە کردن جەیشەکەیان مەشغوڵ کرد، تا خەڵکەکە بڕوات، پاش ماوەیەکی کەم، زانیمان کە حاجی پێوەبووەو کوژراوە".

کەریم رەشید محەممەد،برای ژنی حاجی ئەحمەد رۆشنایییەکی زیاتر بەو داستانە 45 دەقەقەیەکەی پیاوێک دەدات، کە بەکلاشینکۆفێکی ژەنگاوییەوە سوپای بەعس لەپێ دەخات و گیانی سەتان کەس لەچنگی مردن دەردێنێتەوە "حاجی و براکەی لەشوێنی خۆیانەوە لەبەردەم دەبابەو جەیشەکە راوەستابوون و مەبەستیان تەنها ئەوە بوو، پێشڕەوی سوپاکە دوا بخەن، تاخەڵکەکە

پیرە پاڵەوانە گوم ناوەی نەتەوەی کورد، گەیشتنی سوپاکە بەتەرمی حاجی دێنێتەوە یاد "زۆر بەداخەوە، کە سوپا گەیشتبووە سەر تەرمەکەی، بەچەقۆ سەریان لەلاشەی کرد بووەوەو سەرەکەیان بیست مەتر لەو لای لاشەکەیەوە، فڕی دابوو".

ناهیدەش کە دووکوڕو دووکچی لە حەمەلاوی هاوسەرییەوە بۆ بە جێماوەو لەژێر چەتری بێوەژنیدا، بەدرێژایی ساڵان دەستی دڵی لێبەرنەداون، گوتیشی"بەپەلە حەمەشوکر هات و شڵەژابوو، وتی یاڵڵا بابڕۆین، کەچەکەکەی حاجیمان پێ بینی، زانیمان حاجی کوژراوە، دواتر کە هاتینەوە، لاشەی بێسەری حاجیمان بینی".

ئەگەر فیداکاری حاجی ئەحمەد سەعید، لەگەڵ ئەو پاڵەوانانە بەراورد بکرێت، کەحیزبەکان لەباشووری کوردستان شانازی پێوەدەکەن، ئەوا زۆر لەو پەیکەرانە بێمانا دەبن، کە حیزب بۆ هەندێک لە شۆڕشگێرەکانی خۆی دروستی دەکات. کەس پەیکەرێکی بۆ حاجی ئەحمەد دروست نەکرد ؟! ئەو پیاوەی بۆ ماوەی زیاتر لە نیو کاژێر، ئەو شەڕەی درێژە پێدا، کەهێزی پێشمەرگە پێی نەکرا. ئەو پاڵەوانەی بە خەڵکی گوت" ئێوە خەمتان نەبێ دەرباز دەبن، من تا ماوەیەک سوپای دوژمن رادەگرم".

حاجی ئەحمەد، مووچەی شەهیدی سەنگەری لەلایەن پارتییەوە بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام داستناکەی ئازایەتییەکی باسنەکراوە تاوەکو ئێستا. کەریم رەشید دەڵێ "حاجی



حەمەلاو

خۆی مەیلی بۆ پارتی هەبوو، وابزانم هەر پارتیش بوو، بەڵام بەداخەوە کەس لەو پیاوەی نەپرسییەوەو ئەوە ئێوەن پاش ئەو هەمووساڵە لەخێزانەکەی دەپرسنەوە، ئەگینا لەشەهیدانەیەک زیاتر، هیچی بۆ نەکراوە".

وەک چۆن حاجی پاش 15 رۆژ هەواڵی شەهیدبوونی حەمەلاوی کوڕی بیستووە، نافیەی خێزانی حاجیش، لەوکاتەدا لەتەکیە نەبووە، کە حاجی شەڕی کردووە"من نازانم ئەو شەڕە چۆن بووە، بەڵام دوایی بۆیان گێڕامەوەو باسی کوژرانی حاجیان بۆ کردم" نافیە گوتیشی "حاجی پیاوێکی هەژارو بەستەزمان بوو کرێکاری دەکرد".

ئێستاش لەنێو خزموکەسەکانیدا باس هەر باسی نەبەردی و ئازایەتی حاجییە، ناهیدەی بوکی حاجی دەڵێت "دەگێڕنەوە کە حاجی شەڕی لەگەڵ حکومەت کردووەو هیچیش نەترساوە"، کەریم رەشیدیش گوتی"زۆرکەس کاتی خۆی باسی ئازایەتی حاجیان دەگێڕایەوە، دەشیانگوت، کە سێ جوندی و ئەفسەرێکی سوپای عێراقی کوشت، ئینجا کوژراوە".

# کەرکووک نەبووە بەهەشتی ئاوارە گەڕاوەکان

## ئاوارەیەکی کوردی یاریگەی کەرکووک: خۆزگە بمتوانیبایە بگەڕێمەوە رومادی

**نیکۆلاس سپلانگەر، محەممەد دلێمی**

قادر عەبدوڵلا رەسوڵ ئێستا لەگەڵ نزیکەی 2500 کوردی دیکە لە نێو قوڕوخۆڵی یاریگەی وەرزشیی کەرکووک دەژی و بەشێوەیەکی نافەرمی سەرۆک شارەوانیی ئەوێیە. قادر دەڵێ " ئێمە داوای لێبووردن لە لاوانی کەرکوک دەکەین چونکە ئێرە جێگەی یاریکردنە، بەڵام هیچ شوێنی دیکە هەیە ئێمە بۆی بچین؟".

وەڵامەکە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کاتی هیچ شوێنێکی دیکە نییە. پێنج ساڵ دوای بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ، لانیکەم ئێستا کەرکوک لەژێر کۆنترۆڵی کورددایە و بووەتە جێی مشتومڕ لە عێراقدا ئاخۆ دەچێتە پاڵ ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کوردستان یان حکومەتی ناوەندی.

ئەو خەڵکانەی لە یاریگاکە دەژین یاریکەرێکی بچووکی مشتومڕ و گفتوگۆیەکەن، کورد دەڵێن ئەوانە قوربانی دەستی حکومەتی ناوەندین، عەرەب وتورکمانیش دەڵێن ئەوان داشی دامەو بارمتەن بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک. وەک قادر دەڵێ تا ئێستا خۆی ودراوسێکانی هەر زیانیان پێکەوتووە" من

گلەییم لە ئەنجوومەنی پارێزگە و پارێزگار وحکومەتی ناوەندی هەیە".

حکومەتی سەدام حوسێن لەساڵی 1997 رەسول و خێزانەکەی لەکەرکووک دەرکرد، ئەمەش بەشێک بوو لە ستراتیژی حکومەتی ناوەندی بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکە. هەفتەیەک دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە 2003، قادرو خێزانەکەی خانووە کرێکەیان لە رومادی بەجێهێشت و گەڕانەوە و دەیان هەزار کوردی دیکەش بەهەمان شێوە گەڕانەوە بۆ شارەکە.

بەڵام قادر گەڕایەوە بۆ هیچ، چونکە وەک خۆی دەڵێ " من لەو باوەڕەدابووم پارچە زەوییەک وپارەمان دەدەنێ کەچی کەس تەنانەت بە ئێمەی نەگوت مەرحەبا".

ئەوماڵەی کاتی خۆی ئەو تێیدا دەژیا بە شۆفڵ وبلدۆزەر تەختکرا. ئەو 10 ملیۆن دینارەی (8،534 دۆلار) کە چاوەڕێی وەرگرتنی بوو، بەر ئەو نەکەوت چونکە ئەو پارەیە بۆ ئەو کەسانەیە کەلە سەرژمێری 1957 لە کەرکووک ژیابن، بەڵام وەک قادر دەڵێ ئەوکاتە باپیری لە سلێمانی ژیاوە، بەڵام قادر و باوکی هەموو ژیانیان لە کەرکووک بەسەربردووە.

قادر مووچەیەکی وا لە کارەکەی کە مامۆستایە وەرناگرێت کە بتوانێت خانوویەکی پێ بکرێت، نرخی خانوو بەرزبووەتەوەو تەنانەت ئەو توانای بەکرێگرتنی خانوویەکیشی نییە. بۆیە وەک چارەسەرێکی کاتی ژوورێکی یاریگاکە

بووەتە ماڵی قادرو خێزانەکەی و6 منداڵەکەیان. کوڕێکی قادر وازی لە قوتابخانە هێناوەو لەکارگەیەک کار دەکات، کوڕێکی دیکەشی کێشەی بینینی هەیەو لەوانەیە بەهۆی تۆزوباوە بێت. قادریش خەریکی دەمەقاڵییە لەگەڵ ژنەکەی. هەموو ئەو ژن ومێردانەی ئەو دەیانناسێت دەمەقاڵێ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

دراوسێکان قادریان وەک نوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە، لانیکەم چونکە بڕوانامەی پەیمانگەی تەکنیکی هەیە. قادر بەردەوام دەچووە سەر سەروگوێلاکی بەرپرسانی ناوخۆیی تا دواجار بۆڕی ئاویان بۆ راکێشان و ئێستا هەر هەشت رۆژ جارێک دوو کاژێر ئاویان بۆ دێت. هەروەها بەرپرسانی تەندروستیشی ناچارکرد کە کلۆر بخەنە ناو ئاوەکە وتانکی ئاویان بدەنێ.

بەڵام قادر تا ئێستا نەیتوانیوە خانوو بۆ خۆی و دراوسێکانی دابین بکا" زیاتر لەدەجار چوومەتە لای پارێزگار و پەرلەمان وحکومەتی کوردستان، بەڵام هیچ چارەسەریەکیان بۆ نیشتەجێبوونی ئێمە نەدۆزییەوە و ئێمە تا ئێستا لەم نێوانەدا ماوینەتەوە.خۆزگە بمتوانیبایە بگەڕێمەوە رومادی".

ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگەی



قادر عەبدوڵلا

کەرکووک دەڵێن بەرپرسارێتی چارەسەری کێشەی ئەوانەی لە یاریگاکە نیشتەجێبوون لە ملی وەزارەتی ئاوارەو پەنابەرانی حکومەتی فیدراڵە. عەلی موسەوی جێگری وەزیری ئاوارەو پەنابەرانی عێراقیش دەڵێ " ئەگەر ئەوانە دەرکراوو راگوێزراوبن بێگومان هەندێ بیرۆکەمان هەیە بۆ یارمەتیدانیان".

لە رۆژنامەی McClatchy ئەمەریکاییەوە
2008/9/10



یاریگای کەرکوک بووەتە شوێنی ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک

(فۆتۆ:فازڵ نەجیب)

## میسال ئالووسی سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی:

# دزەکان سەردانی منیان بۆ ئیسرائیل وا گەورە کرد

**سەردانی دووەمی میسال ئالووسی، سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، وەک جاری یەکەم گۆبەندێکی سیاسی دروستکرد، جاری یەکەم دوو کوڕی کوژران کە ئەسعەد هاشمی وەزیری ڕۆشنبیری عێراق، کە لەسەر لیستی تەوافق بوو، دوای ڕاکردنی سزای لەسێدارەدانی لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچوو بەهۆی دەست هەبوون لە کوشتنی دوو کوڕەکەی ئالوسی لە شوباتی 2005 دا، ئەمجارەش حەسانەی پەرلەمانی لەسەر هەڵگیرا بۆ ئەوەی بدرێتە دادگا.**
**لەسەر لێکەوتەکانی سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل، (ڕووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد:**



**ڕووداو: هەڕەشەی ئەوەتکردووە کە مەسەلەی هەڵگرتنی حەسانە لەسەرت لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەدەیتە دادگای فیدراڵی، ئایا کێشەکەت داوەتە ئەو دادگایەو چ چاوەڕوانییەکت لێی هەیە؟**

**ئالووسی:** با ناوی لێنەنێین هەڕەشە، من هەڕەشەم نەکردووە، من کەسێکم بڕوام بە یاساو دەستوورە، بەڵێ ئیعتیرازێکی یاساییم داوەتە دادگای فیدراڵی و متمانەی تەواویشم هەیە کە دادوەرانی عێراق خەڵکی یاسایی و دەستوورین و خەڵکی شارەزان و لەسەر ئەو بنەمایە لە داواکە دەکۆڵنەوە. ئاگاداریش کراومەتەوە کە دادگا بۆ گوێگرتن لە ڕای ئەنجوومەنی نوێنەران نووسراوی فەرمیی ئاراستە کردوون.

**ڕووداو: تۆ بەرامبەر ئەم مکووڕبوونە لەسەر داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل و بەردەوامیدان بە پەیوەندی و سەردانی ئیسرائیل باجێکی گەورەت داوە، دوو کوڕت بەوهۆیەوە تیرۆرکران، ئەم مکووڕبوونەت لەپای چییە؟**

**ئالووسی:** من یەکەمجار لە ساڵی 2004 بۆ بەشداریی لە کۆنگرەیەک چوومە ئیسرائیل، ئەمجارەش بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی هەشتەمی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چوومەوە، ئاشکراشە عێراق لەڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە گیرۆدەی تیرۆر بووە. قاعیدەو غەیری قاعیدە ڕۆژانە کاری تیرۆرو تەقینەوە دەکەن، بۆیە من وەک سیاسییەک پەیوەستم بەو کێشەیە، جگە لەوە ئێمە خەریکی بنیاتنانەوەی دەوڵەتین، دەوڵەتیش بە سۆز بینا ناکرێ، زۆربەی وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، خودی فەلەستینییەکان دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن و هیوام وایە ئەو دانوستانە سەرکەوێ و ئارامی و سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێتەوە. ئێمە نامانەوێ و، پێموایە هەموو عێراقییەکانیش لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، کە ناکرێ ئێمە شەڕی بەوەکالەت بۆ فەلەستینییەکان بکەین، بەڵام خەڵکێک هەن ناوێرن بەئاشکرا ئەمە بدرکێنن. ئێمە دەمانەوێ دەوڵەتێکی مەدەنی دابمەزرێنین و هاووڵاتیانی خۆمان لەو هەموو سەروەت و سامانەی وڵاتی خۆمان بەهرەمەند بکەین، بۆیە من پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە پێویستمان بە سیاسەتێکی بابەتیانەی عەقڵانیانەی میانڕەو هەیەو دەبێت خۆمان لە سیاسەتی توندو فاشیانە بەدووربگرین.

**ڕووداو: هەڕەشەی ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەس و لایەنانەت کرد کە بەنهێنی سەردانی ئیسرائیلیان کردووە و دەکەن، لەسەر ئەوهەڵوێستە سووری کە ئاشکرایان بکەی؟**

**ئالووسی:** بڕواتان هەبێت مەسەلەی ئەم سەردانەی من زیاد لەپێویست گەورە کراوەتەوەو هێندەی نەدەهێنا ئەو قەبارە گەورەیەی بدرێتێ. ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی ئێران کاردەکەن و خەریکی دزینی موڵکی گشتین و خەریکی بەقاچاخ ناردنەدەرەوەی نەوتن و بودجە دەدزن و خەریکی

## پەرلەمان بە یاسایەکی سەردەمی سەدام منی تۆمەتبار کرد ئەوەش ئابڕووچوونێکی گەورە بوو

گەرمکردنی شەڕی تایفین دەیانەوێ بەگەورەکردنی سەردانەکەی من بۆ ئیسرائیل کردەوەکانیان پەردەپۆش بکەن. من سیاسەتڤانم و بە لۆژیک و عەقڵی پراگماتی کاردەکەم، بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە کێ دەچێت و کێ ناچێت.

**ڕووداو: باشە، بەڵام تۆ هەڕەشەت کرد، ئایا هیچ سیاسییەکی عێراقی هەیە سەردانی ئیسرائیلی کردبێت؟**

## ناکرێ ئێمە شەڕی بەوەکالەت بۆ فەلەستینییەکان بکەین

**ئالووسی:** ئەوەی پێیدەڵێن دڵی ئوممەی عەرەبی، مەبەستم کۆماری میسرە ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. دڵی دووەمی ئوممەی عەرەبی کە سوریایە ئێستا خەریکی دانوستانی ئاشتییە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەوانەی لەعێراقیشدا بانگەشەی نەتەوەخوازی دەکەن پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە هەیەو ئەوان بە پاڵپشتی خۆیان دەزانن، بۆیە ئەو مەسەلەیە بەڕاستی ئەو گرنگی و بەهایەی جارانی نەماوەو لێرەوە داوا لە سیاسییەکانی عێراق دەکەم با ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی فەرمی و بابەتی و عەقڵانی بخەینە بەرباس و بپرسین بەرژەوەندییەکانی ئێمە لەکوێدان، نەک دوایین کەس بین بە هەڵوێستێکی لاوازەوە بێینە پێشەوە. ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە مەترسییە ئیسرائیل نییە ئێرانە، کە سیاسەتێکی سەرکێشانەی هەیە. من باسی گەلانی ئێران ناکەم و پێموایە دەبێت پەیوەندییەکی ئاشتیانەمان لەگەڵ ئێرانییەکان هەبێت، بەڵام هەر ئەو ئێرانە ئێستا ڕۆژانە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکات و دەستدرێژیی دەکاتە سەرخاکی عێراق، ئێمە پێویستیمان بەئاشتییەکی ڕاستەقینە هەیە بۆئەوەی بپەرژێینە سەر بنیاتنانەوەی عێراق.

**ڕووداو: تۆ دەڵێی ئێران لەپشت وروژاندنی ئەم سەردانەی منەوەیە بۆ ئیسرائیل، ئایا بەڕاستی ئێران ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر بەرپرسانی عێراقدا هەیە کە بڕیار بدات چ بورووژێ و چ نەورووژێ؟**

**ئالووسی:** بەڵێ ئێران لەپشت وروژاندنی مەسەلەی سەردانەکەی منەوەیە بۆ ئیسرائیل و بەڵگەشم هەیە. من ساڵی 2004 بەئاشکرا بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی شەشەمی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چوومە ئیسرائیل و لەوکاتەوە هەتا دوو هەفتە لەمەوبەریش هەمووسەرکردە سیاسییەکانی عێراق بە سەرکردەکانی ئیئتیلافی عێراقیشەوە دەرگایان بەڕووی میسال ئالووسیدا والا بوو، من کە باسی ئیئتیلاف دەکەم دەزانم هەندێ کەسایەتی سیاسیی عێراقییان تێدایە کە شایانی هەموو ڕێزێکن هەرچەندە ناکۆکیش بین، ئێستا کە ئەمجارە بۆ بەشداریی لەهەمان کۆنگرەی جیهانی چوومەوە، هۆکاری گەورەکردنەکەی ئەوەیە کە من لەوێ کاتێک باسی پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسی عێراقم کرد، گوتم ئێستا لەعێراق دیموکراسی هەیەو فرە حیزبی هەیەو هەڵبژاردن هەیە، بەڵام بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی و ستراتیژی پێویستە بەر بە مەترسیی ئێران بگیرێت. بەداخەوە لەم مەسەلەیەدا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) لەیەک کاتدا خۆی کردە پۆلیس و دادوەریش، هەرچی گەڕان جگە لە یاسای سەردەمی سەدام شتێکیان نەدۆزییەوە منی پێ تۆمەتبار بکەن. ئەمە عەیب و ئابڕووچوونێکی گەورەیە، بەڵام من هێشتاش لە برایانی خۆم لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەران تووڕەنیم، بەڵکو دەڵێم پێویستە لەم خۆبێدەنگکردنە هەستینەوەو ڕابین و لەجیاتی ئەمە خەریکی لێپێچینەوە بین لەگەڵ ئەو وەزیرانەی ناوبانگی عێراقیان زڕاندووە، بۆئەوەی ئەرکی پەرلەمانتاریی خۆمان بەباشی بگێڕین.

**ڕووداو: هەموو لیست و فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان دەنگیان دا بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەرت؟**

**ئالووسی:** نەخێر، وەکو برادەرێکیش گوتی ئەگەر میسال میلیشیای هەبووایە کەس جورئەتی نەدەکرد هیچی پێبڵێت. کێشەکە ئەوەیە دادگاو دەسەڵاتی دادوەری عێراق، دادگای باڵای عێراق لەمێژە داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات حەسانە لەسەر هەندێ لە ئەندامانی بەرەی تەوافوق هەڵبگیرێ کە تۆمەتبارن بە ڕشتنی خوێنی خەڵکی عێراق، کەس جورئەتی نەکرد حەسانە لەسەر کەسێک هەڵبگرێ کە تۆمەتبارە بەئەنجامدانی تاوان، بۆیە ئەوە جێی پێکەنینە بگوترێ کوتلەکان دەنگیان دا، ئەوەی کرا، بە هۆی گوشاری ئێرانەوە بوو.

**ڕووداو: پێش نیسانی 2003 زۆرکەس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە عێراق ئیدی پێ دەنێتە قۆناخێکی سیاسی نوێ، بەڵام پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ هێشتا ڕژێمێکی دیموکراسی و فیدراڵی نەچەسپاوە کە دەستوور حوکمی بکات، تۆ ترسی ئەوەت نییە کە عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاران و هەر لەشوێنی خۆیدا گێرە بکات؟**

**ئالووسی:** تاکە چارەسەر ئەوەیە کە نابێت چیدی بە تیۆرییەکانی چاخی بەرد بیربکەینەوە، دەبێت بیر لەهاووڵاتیبوون بکەینەوەو ڕێزی دەستووری خۆمان بگرین، ئەو ڕەشەکوژی و کوشتارەی بەرامبەر کورد کراوە لەسەردەمی پێشوودا نابێت بەهیچ شێوەیەک دووبارە ببێتەوە، مەعقول نییە ئێمە هەر خەریکی کوشتار بین و بڵێین قائیدی زەرورەو سەرکردەی مێژووییمان هەیە، ئەم شتانە مایەی شەرمن و نابێت لەمێژووی ئێمەدا دووبارە ببنەوە. من پێموایە پرۆسەی سیاسی بەئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا دەڕوات، بەڵام پێویستمان بەوەیە لەکەشێکی ئارامدا بیربکەینەوەو خەیاڵی خۆمان بەرفراوان بکەین و نەبینە ئامرازی دەستی ئێران و سوریاو وڵاتانی دیکەی ئیقلیمی.

**ڕووداو: بۆچی هێندە ڕووی تاوانبارکردنت لە ئێرانە ئایا وڵاتانی دیکەی دراوسێ دەست لەکاروباری عێراق وەرنادەن؟**

**ئالووسی:** من تەنیا باسی ئێرانم نەکردووە، چەندین جار گوتوومە کوێت دەست لەکاروباری بەسرە وەردەدات، گوتوومە کەسانێکی تاوانبار هەن گیراون نازانین بۆ بەرژەوەندی حکومەتی کوێت کاردەکەن یان نا، باسی سعودیەم کردووە، بەڵام جیاوازیی کێشەکە لەگەڵ ئێران ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران سوورن لەسەر درێژەدان بەو دەستێوەردانەو بەئاشکراش بەمافی خۆیانی دەزانن، واتە وەختێک ئەحمەدی نەژاد دەڵێت ئێمە دەمانەوێ بۆشایی عێراق پڕبکەینەوە، ئەمە دەریدەخات کە ئێران سیاسەتێکی ئاشکراو ڕاگەیێندراوی هەیە، بەڵێ وڵاتانی دیکەش دەست لەکاروباری ئێمە وەردەدەن، بەڵام کاتێک بەرەوڕوویان دەبیتەوە نکوڵیی لێدەکەن، ئێران نکوڵیی ناکات و بەئاشکرا دەڵێ لەناو خاکی عێراقەوە شەڕی ئەمریکا دەکەین.

**ڕووداو: سەبارەت بە کوتلە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان، تۆ پێشتر کوتبووت تەنیا کوتلەی ئیئتیلافی یەکگرتوو دژایەتیت دەکات....؟**

**ئالووسی:** نەخێر من شتی وام نەگوتووە، کوتلەی ئیئتیلاف خەڵکی ڕەسەنی عێراقن، لەکاتی دەنگدانیشدا هەموویان دەنگیان بە هەڵگرتنی حەسانە لەسەر من نەدا، هەندێکیان دەنگیان نەداو هەیانبوو هۆڵەکەی بەجێهێشت.

**ڕووداو: ئەی ئەندامانی هاوپەیمانیی کوردستان چی؟**

**ئالووسی:** لە هاوپەیمانیی کوردستان هەندێک هەبوون دەنگیان نەدا، بەڵام مافی خۆیشیان بوو دەنگ بدەن، ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراسییە. بەڵام بەداخەوە کەسانێکی وەک عەلی

## ژمارەیەک لە ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی شیعە دەنگیان لە دژی من نەدا

ئەلئەدیب و هادی عامری و عەبدولکەریم عنێزی کە لە حیزبی دەعوەن پەنایان بردە بەر تەزویرکردنی یاساو پێشێلکردنی دەستوور، بەڕاستی ئەوەی جێگای مەترسییە کوتلەی سەرۆکی حکومەت لە پەرلەماندا بەوشێوەیە دەستوورو یاسا لە ژێر پێ بنێن، ئەمە ئاماژەیە کە ئیدی هەموو شتێکی دیکەشیان لێ دەوەشێتەوە.



وتەبێژی پێشووی حکومەتی عێراق دەڵێ ئەو کاتەی ئالووسی لە دەزگای ئەمنی عێرا ق بوو بەدەستی خۆی منی ئەشکەنجە دا





وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری عێراق، بە تاوانی دەست هەبوون لە تیرۆرکردنی دوو کوڕەکەی ئالووسی دا بە سێدارەدان حوکمدرا

# پەرلەمانتاری ڕاونراو

**عەدنان ئەبوزێد-ئیلاف**

**میسال ئالووسی لە دوو سەردانی ئیسرائیل کە قورس بە سەریدا شکایەوە، یەکەمیان لە 2004دا بووە** مایەی کوشتنی هەردوو کوڕەکەی لە بەر چاوی خۆی کاتێک بە مەبەستی تیرۆر کردن لە بەغدا هێرشی کرایە سەر. ئەوی دیکەشیان لە 2008دا، کە حەسانەی پەرلەمانیی لەسەر هەڵگیرا. بەر لەوەش ماڵەکەی لە گەڕەکی جامیعە لە شاری بەغدا بە بۆمب تەقێندرایەوە، لەگەڵ پەرلەمانتاری سەر بە حیزبی دەعوە عەبدولکەریم عنێزیشدا لەبەر هەمان هۆ، سەر و پۆتەڵاکی یەکدییان کوتا.

کەواتە ڕێیەکی ئاڵۆز و تەمومژاوییە، بەڵام ئەو ڕایدەگەیێنێ "ئەگەر بەرژەوەندیی عێراق لە دۆزەخیشدا بێت دەچم". ئەمە قسەی (میسال حوسێن ئەحمەد ئالووسی)یە کە دامەزرێنەری پارتی نەتەوەی عێراق و، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، هەروەها دەڵێ سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل لە بەرژەوەندیی عێراقدایە، کەچی بەرهەڵستانی دەڵێن، ئالووسی لە پڕ پەیدا بوو و بەدوای ناوبانگدا دەگەڕا بۆیە چوونەکەی بۆ تەلەبیب ئاشکرا کرد، لە کاتێکدا ئەو دەزانێ سەردانی ئیسرائیل کار لە هەستی عێراقییەکان دەکات.

جا ئایا ئالووسی پاساوی دایە دەست نەیارانی تا هێرشی بکەنە سەر و لەسەر ڕێی خۆیانی لاببەن؟

ئالووسی نموونەی ڕەوشتی بەرزە، کەسێکی عەلمانییە، سیاسەتمەدارێکی دەنگ بڵند و بوێرە لەسەر پشتی ئەسپێکی تیژڕەوی سم ئاسنینە، بیرۆکەکانی مایەی مشتومڕن و بە دڵی ئیسلامییانی سوننە و شیعە نییە و، توندڕەوانیش لێی ناڕازین، نە لەگەڵ چەپدا کۆکە و نە مەرایی بۆ ڕاست دەکات، ڕەخنە لە تێکڕای وڵاتانی دەوروبەر دەگرێت و، بەرهەڵستی سیاسەتی پەرلەمانتارانی سوننەش دەکات بە پێدا هەڵدانی "تیرۆریستان" تۆمەتباریان دەکات.

ئالووسی بۆیە لە لای میانڕەو و ڕۆشنبیرانی سوننە و شیعە کەسێکی جەماوەرییە چونکە خاوەن بۆچوونی بوێرانە و واقیعییە و کەسێکی ئاشکرابێژ و لەڕووگۆیە. ئەو کەسێکی پراگماتییە و، دژی بەکارهێنانی ئایینە وەک کارتێکی سیاسی، ڕەخنە لە هەڵەکانی حکوومەت و پەیوەندیی بەرپرسانی عێراق بە وڵاتانی بیانی دەگرێت، دوایین هەڵوێستی لەم بارەیەوە بەشەڕ هاتنی بوو لە نێو هۆڵی پەرلەماندا لەگەڵ هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، کە تانەی ئەوەی لێدا کە سەر بە ئێرانە، سەرباری چەندین کەسی دی کە لە نێویاندا خەڵکێکی مەندیل و مێزەر بەسەر هەبوون.

هەروەها لە ململانێیەکی تاڵیشدایە لەگەڵ عەدنان دلێمیی پەرلەمانتار و سەرۆکی بەرەی تەوافق، کە ئالووسی بەوە تۆمەتباری دەکات کە یەکێکە لە داڕێژەرانی پلانی تیرۆر کردنی هەردوو کوڕەکەی.

ئالووسی پێشتر بەعسی بووە، لە حەفتاکاندا کارمەندی دەزگای ئەمنی عێراق بووە، تەنانەت (لەیس کوببە) گوتەبێژی حکوومەتی ئیبراهیم جەعفەری بەوە تۆمەتباری کرد کە لەسەری دەستی ئەو ئەشکەنجە دراوە! بەڵام لە نێوەڕاستی نەوەدەکاندا عێراقی جێهێشت و پاشان چووە ریزی کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەحمەد چەلەبی. لە ساڵی 2002دا بە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی عێراق لە بەرلین تۆمەنبار کرا و، بڕیاری دەستگیر کردنی درا. پاش ڕزگار کردنی عێراق لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا گەڕایەوە عێراق بە هیوای ئەوەی پۆستێکی بەرز وەربگرێت و، بە بەڕێوەبەری لیژنەی ڕیشەکێش کردنی بەعس دامەزرا.

ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن بە سیخوڕی دادەنێن کە نەیتوانی سیخوڕایەتییەکەی خۆی بشارێتەوە، چوونەکەشی بۆ ئیسرائیل بە تەپکە و داوێک دادەنێن کە خۆی پێوە گیرۆدە کرد. هەرچەندە کەسێکی میانڕەویشە، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا لە نێوەڕاستی 2007دا ماڵەکەیان پشکنی.

هێرشی بەردەوام و بێ بنەمای بۆ سەر هەمووان، باکوور و باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ناوخۆ و دەرەوە، دوور و نزیک، وڵاتانی دوور و دراوسێ دەگرێتەوە، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی هیچ هاوپەیمانێکی سیاسیی نەبێت کە بەرەو ناوەندی بڕیاردان پاڵی پێوە بنێ.

لە سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل لە ئەکادیمیای هرتسیلسا، داوای کرد وڵاتانی ناوچەکە دژ بە ئێران هاوکاریی یەکدی بکەن و گوتی: ئێران سەرچاوەی بەڵایە، زۆرینەی گەلی عێراقیش لەگەڵ ئێراندا نییە.

ئالووسی دەڵێ: بەهەشت بانگی خۆم و هەردوو کوڕە شەهیدەکەم دەکات.



## جەمشید گۆرانی بۆ کوردستان دەڵێت

تایبەت بەڕووداو

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەندی کوردی سنەیی، جەمشید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە جەمشید لەنوێترین ئەلبوومیدا کە لە 10 گۆرانی فارسی و 2 گۆرانی کوردی پێکهاتووەو ناوی(یەکەمین نیگا) یە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە،گۆرانییەکی بۆ کوردستان گوتووە و ناوی گۆرانییەکەش (کوردستان)ە. جەمشید کە پێشتر گۆرانییەکی بەسەر ئێران دا گوتبوو، دوای سەردانی ساڵی رابردووی بۆ باشووری کوردستان بەڵێنیدا کە گۆرانییەکیش بۆ کوردستان بڵێ.

### بیلە دەمیرتاش

# ئەستێرەیەکی کوردی لە ئاسمانی سینەمای جیهانیدا





سیروان حەجی بەرکۆ
sirwan@amude.com

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

بەر لە 24 ساڵ لە پاریس دەرهێنەر و ئەکتەری سینەمایی بەنێوبانگی کورد یێڵماز گیونەی کۆچی دوایی کرد، کە تا ڕۆژی ئەمرۆ وەک "باوکی سینەمای کوردی"ناوەزد دەکرێت. یەکێک کە ڕێچکەی ئەوی گرتووە بیلە دەمیرتاشە. بیلە دەمیرتاش، ئەکتەری ئەڵمان-کورد یەکێکە لەو کەسە دەگمەن و بە ڕەسەن کوردانەی کە توانیویەتی بوونی خۆی لە ئەڵمانیادا بسەپێنێ. ئەو لە ساڵی 2007ەوە توانی ڕۆڵی سەرەکی لە زنجیرەی پۆلیسیی KDDدا ببینێ، کە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ZDFدا پەخش دەکرێت.

بیلە دەمیرتاش لە ساڵی 1977 لە ئیستەنبووڵ لەدایکبووە. دایک و باوکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری مێردینی باکووری کوردستانن. هێشتا بیلە دوو ساڵان بوو، ماڵباتەکەی بەرەو ئەڵمانیا کۆچی کرد و لە شاری بۆخومدا گیرسانەوە.

بیلە دەمیرتاش لە منداڵیدا بە ئاواتەوە بوو ببێتە یاریزانێکی تێنس، لێ خواستەکەی نەهاتە دی. چونکە لە شانۆدا دەستی بە نواندن کرد. ئەو لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو کە بۆ یەکەمین جار لە سەر تەختەی شانۆدا دەرکەوت. بیلە دەمیرتاش لە شارەکانی ئێسن، بۆخوم و ئۆبەرهاوزنی ئەڵمانیا بۆ ماوەی چوار ساڵ نمایشی شانۆیی پێشکێش کرد. لێ خەونی لەوێدا کۆتایی نەهات، هەر وەک خۆی دەڵێ:" لە پێشدا بۆم ڕوونبووەوە کە دەمەوێ ڕوویکەمە فیلم و تەلەفزیۆن".

بە مەبەستی بەدیهێنانی خەونە مەزنەکەی خۆی، مامۆستایەکی ئەکتەری بۆ خۆی پەیدا کرد و بۆ ماوەی دوو ساڵ کۆششی لەگەڵدا کرد. هەر لەو ماوەیەدا یەکەمین کورتە فیلمی خۆی هێنایە بەرهەم. بۆ ئەوەی بتوانێ وەک ئەکتەرێک بناسرێت، ئەو فیلمەکەی خۆی بۆ گەلێ لە ئاژانسەکانی ئەکتەران نارد. پاش چەند هەفتەیەک یەکێ لە ئاژانسەکان بە بیلەی گوت کە ئەوان دەیانەوێت ئەو کاریان لەگەڵدا بکات. بەم بڕیارە بیلە دەمیرتاش وەک ئەکتەرێک پەسند کرا. ئیدی ئەو ئاژانسە ئەوی بۆ پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردنی ئەکتەران دەنارد بۆ بەشداری کردن لە فیلم و زنجیرەی درامیدا. ئەم شتەش بۆ ئەو بووە پاڵپشتییەک کە بتوانێ چەند ڕۆڵێکی بچووک لە چەند پرۆژەیەکدا بەدەست بهێنێ، وەک ڕۆڵی لە زنجیرە درامای ناسراو "بالکۆ"دا، کە ئەوکات لە کەناڵی (ئارِ تی ئێڵ)دا پەخش دەکرا.

پاش سەرکەوتنی ئەو لە پرۆژەی بچووکدا، بیلە دەمیرتاش لە ساڵی 2003دا بەشداریی لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی ئەکتەر بۆ فیلمێکی سینەمایی گەورەدا کرد. دەرهێنەری فیلمی (پیاوانی وەک من) هێندە لە نواندنی بیلە ڕازی بوو، کە ڕۆڵێکی پێ دا. لەو فیلمەدا، کە لە ساڵی 2004دا لە سینەماکانی ئەڵمانیا پیشان درا، بیلە دەمیرتاش ڕۆڵی کەباب فرۆشێکی نێربازی دەگێڕا. ئەم فیلمە نەک هەر تەنیا لە ئەڵمانیا بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە زنجیرە درامای (کەی دی دی)دا بیلە دەمیرتاش ڕۆڵی پۆلیسێک دەگێڕێ.



بیلە دەمرتاش لە دوو دیمەنی دوو فیلمی ئەڵمانیدا



ئەو زنجیرە درامایە هێندە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا، کە دواتریش ژمارەیەک خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەست هێنا.

بیلە دەمیرتاش ئێستا خۆی بۆ بەشی سێیەمی دراماکە ئامادە دەکات، کە دەبێ ساڵی دادێ لە تەلەفزیۆندا پەخش بکرێت. بیلە دەڵێ، ئەو زۆر شانازی بە ڕۆڵەکەی خۆی دەکات. لێ ئەو دەشڵێ کە زیاتر حەز بە ڕۆڵی ئەکتەری (قەلەماچان) و دزی بانک دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکترین ڕۆڵ لە دڵی ئەوەوە ڕۆڵێکی دیکەیە:"مەزنترین خەونی من ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆژێک کەسێک ژیانی یڵماز گیونای بکاتە فیلم، هەر کەسێکیش ئەو فیلمە بێنێتە بەرهەم، دەبێ ڕۆڵێکی منی تێدا هەبێت."

تا بیلە دەمیرتاش گەیشتووەتە ئاستی ئێستای، ڕێیەکی درێژی بڕیوە. لە پێناوی ئەوەی لە خەباتی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەو بۆ ماوەیەک لە (ستۆدیۆی ئەکتەری فیلمی جیهانی)دا لەشاری سینەمای ئەمریکایی لە لۆس ئەنگلس وانەی ئەکتەریی خوێندووە. هەرچەندە ئەو بە تەمەنی سی و یەک ساڵیی خۆی هێشتا گەنجە، لێ ئەو دەتوانێ بە ساڵانێکی کەم لە بواری فیلمدا ناوبانگێک بۆ خۆی پەیدا بکات.

سەرکەوتنی ئەو دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانێ لە سایەی بەری ڕەنجی خۆیدا خۆش بژێت. لێ کارێکی ئاسان نییە مرۆڤ ببێتە ئەکتەری سینەمایی، وەک بیلە دەمیرتاش دەڵێ:"کەسێکی کە لەو بڕوایەدایە، کە مرۆڤ بووە ئەکتەری سینەمایی، ئیدی ژیانێکی خۆش دەژی و هەردەم بە سەر ڕایەخی سووردا دەڕوات و پارەی زۆریش قازانج دەکات، هەنگین هەموو شتێ زوو تێپەڕ دەبێت و مرۆڤ بەسەر پێڵاوی خۆیدا دەکەوێت." ئەکتەری کورد بیلە ڕوونی دەکاتەوە کە هەر کەسێک دەتوانێ لەم بوارەدا سەرکەوێت. لێ سەرکەوتن هەر لە خۆڕا نایەت:"دەبێ مرۆڤ باش هەوڵ بدات و باوەڕی تەواویشی بە خۆی هەبێت. زۆر زۆر زەحمەتە، مرۆڤ بتوانێ هەر تەنیا بە ئەکتەری بژێت."

بیلە دەمیرتاش بە گەشبینییەوە باسی سینەمای کوردی دەکات. ئەو دەمێکە فیلمی کوردیی پەسند کردووە و لەگەڵ دەرهێنەروفیلمسازانی کورددا تێکەڵیی هەیە. بیلە لەو بڕوایەدایە کە سینەمای کوردی هەیە،"لێ ئەو جارێ لە قۆناخی دەسپێکی خۆیدایە". بە بۆچوونی ئەو، دەبێ زیاتر فیلمی دوور لە سیاسەت بێتە بەرهەم، تاکوو بە

### سینەمای کوردی هەیە، بەڵام لە قۆناخی دەستپێکدایە

تایبەتی گەنجان بتوانن تەماشایان بکەن. بیلە دەمیرتاش دەخوازێ لە فیلمێکی کوردیدا بەشدار بێت. هەوڵی ئەو لەم بوارەدا بەردەوامە و هیچ دوور نییە کە ئێمە لەم نزیکانەدا ئەو لە فیلمێکی کوردیدا ببینین.

بیست و چوار ساڵ لە پاش مردنی، یڵماز گیونای چەندە لە گۆڕەکەیدا خۆشحاڵە. چونکە ئەو خەباتەی ئەو دەستی پێ کرد، لە لایەن نەوەی نوێوە و بە ڕێچکەکەی ئەودا درێژەی پێ دەدرێ.



دیمەنێک لە فیلمەکە

### "لەحەشارگەی شێردا"

# یەکەمین قوربانی سینەمای کوردی

**ڕووداو – هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تەواوبوونی قۆناخی وێنەگرتنی فیلمی (لەحەشارگەی شێردا)، دەرهێنەرو بەشێک لەستافی فیلمەکە لەگەڕەکی بەختیاری هەولێر لەسەر ئەرکی خۆیان خانووێکیان بەکرێ گرتووە و چاوەڕێی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانن بۆ وەرگرتنی بوودجەی دیاریکراو تا فیلمەکەیانی پێ تەواو بکەن، بەڵام "تا ئێستا هەر لەچاوەڕوانیداین".

فیلمی (لەحەشارگەی شێردا)، کە ناوێکی سەرەنجڕاکێش وئاشنایە لەسینەمای ئەمەریکی و کەنەدیدا، یەکەم ئەزموونی فیلمی درێژی فکری بەرۆژی و یەکەمین فیلمە لەکوردستان بە سیستەمی HD کە تازەترین سیستەمە وێنەی گیراوە، بەڵام زیاتر لەساڵێکە بەهۆی ڕەزامەندی نەکردنی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەو بەشەی کە لەبوودجەکەدا ماوە، لەدوای قۆناخی وێنەگرتن فیلمەکە وەستاوە.

بۆ دروستکردنی ئەو فیلمە بەرۆژی داوای بڕی 350 هەزار دۆلار لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات، بەڵام بڕی 200 هەزار دۆلار ڕەزامەندی لەسەر دەکرێت، دەرهێنەر دەڵێت "بەداخەوە فایلەکەم بۆ ماوەی 5 مانگ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری شاردرابووەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بودجەی فیلمەکەم ببێتە 200 هەزار دۆلار کە ئەمەش تەنیا بەشی قۆناخی پێش وێنەگرتن و وێنەگرتنی کرد، لەمانگی 8ی ساڵی رابردوو وێنەگرتنەکەمان تەواوکرد و50 هەزار دۆلارم لەگیرفانی خۆم خەرجکردووە".

ئەو دەرهێنەرە لەبەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دڵی بریندارە و توند قسە دەکات، تا ئەو ڕادەیەی دەڵێت ئەگەر من لەجیاتی حکومەت بم ئەو وەزارەتە هەڵدەوەشێنمەوە، لەساڵۆنی خانووەکەیان دانیشتووە قۆپچەی کراسەکەی لەگەرمان کردووەتەوە، دەڵێت"زۆر پەشیمانم کە لەگەڵ حکومەت کارم کردووە، تۆ حیساب بکە ئەمە وەک کارەساتێکە کە بەسەر تۆدا دێت، هەموو شتێکم بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی ئەو فیلمە تەواو بکەم".

چیرۆکی فیلمەکە کە هێڵە گشتییەکەی (ئەنتی شەڕە) بابەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مرۆییە لەسەر شاری موسڵ و دەوروبەری و ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان. لە 90 خولەکدا کێشەکانی دوای ڕووخانی سەدام بەگشتی باس دەکات بەتایبەت لە موسڵ، کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 3 ملیۆن کەس دەبێت و نزیکەی 400 کیلۆمەتر لەبەغدای پایتەختەوە دوورە.

ئێستا ئەو دەرهێنەرە پێویستی بە 150 هەزار دۆلارە بۆ تەواوکردنی فیلمەکەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەزامەندی لەسەر پارەکە کردووە و لەئەنجومەنی وەزیران وەستاوە، ئەویش بۆ تەواوکردنی چەندین قۆناخی دیکەی دوای وێنەگرتن بەتایبەتی مونتاژ کە لەدەرەوەی کوردستان دەکرێت. بەرۆژی دەڵێت "هەر چاوەڕێ دەکەم، تەنانەت ئەگەر حکومەتی تورک، فارس و عەرەب لێرە دەسەڵات وەربگرن هەر چاوەڕێ دەکەم، 20 ساڵی دیکەش بێ هەر چاوەڕێ دەکەم".

لەسەر کەڤەری دیڤیدیەکە بەم شێوەیە باس لە چیرۆکی فیلمەکە دەکرێ"دوو هەرزەکار، دوو کولتوور، دوو ڕێگەی زۆر جیاواز، لێکۆڵینەوە لەژیانی ئەو مێرد منداڵانەی کەوا لەشارە پڕ گیروگرفتەکان گەورە دەبن لەتووندوتیژترین کاتی ئەم شەڕە، لەشاری موسڵ لە 2004-2005 ئەم شارەی کەوا نیوەی دانیشتوانی لایەنگری پیاوێکن و نیوەکەی دیکە بەتەواوی ڕقیان لێیەتی ئەو پیاوەش بریتییە لەدیکتاتۆری پێشووی عێراق سەدام حوسێن".

دراماکە بە وردی چاودێری چالاکی ڕۆژانەی دوو گەنج دەکات (لەیس) کە کوڕە هەرزەکارێکی عەرەبە و خولیای فیلم و موزیکی ڕۆژئاواییە و برای دوو خوشکە، لەلایەن خانەوادەکەیان لەگەڵ چەند کوڕە گەنجێکی دیکە بەگەڵ گروپێکی چەکدار دەدرێت بۆ تۆڵە سەندنەوەی برا گەورەکەی، بەڵام هەر زوو ئەو کوڕە هەست دەکات ئەمە ئەو شەڕە نییە کە ئەو دەیەوێت.

(کاردۆ)ش کوڕە گەنجێکی کوردە یەکێکە لەئەندامانی هێزی پاسەوانی نیشتیمانی بەهۆی ئەوەی کە لەخێزانێکی پێشمەرگەی دێرینە، ئەم کوڕە لەناو هەستی نیشتیمانی و کۆتی خێزان و بۆچوونە فەلسەفیەکان داماوەو نازانی کامیان هەڵبژێرێت.

لەکۆتاییدا ئەم دوو ڕێگەیە بە شێوەیەکی دراماتیکی لەململانێیەکی توند بەریەک دەکەون لەبەر ئەوەی شەڕەکە بەرەو تەقینەوەی شەڕێکی ناوخۆ دەڕوات.

فکری بەرۆژی، دەرهێنەری فیلمەکە لەساڵی 1974 لەدەڤەری بەرۆژی ناوچەی بارزان لەدایکبووە، ماوەی 10 ساڵە کار لەسینەمادا دەکات، لەزۆربەی فیستیڤاڵە کوردییەکان وەکو بەڕێوەبەر و بەرپرسی هونەری و کارگێڕی کاری کردووە و چەندین کورتە فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری هەیە. فیلمی (لەحەشارگەی شێردا) یەکەم ئەزموونی فیلمی درێژی ئەو دەرهێنەرەیە کە تا ئێستا تەواو نەبووە.

هیسۆس ڕۆلدان، سینەماکارێکی مەکسیکییەو بۆ کارکردن لەچەند فیلمێکی دۆکیومێنتی ساڵی 2004 هاتووەتە کوردستان، بەکارکردنی لەکوردستان لەگەڵ چەندین سینەماکاری کورد ئاشنایەتی دروست دەکات، یەکێک لەوانە (فکری بەرۆژی)یە، بە یەکەوە بڕیار دەدەن کار لەوفیلمەدا بکەن و ستافێکی 5 کەسی لەئەمەریکاوە بانگێشت دەکەن، بەڵام ئەوەی ڕۆلدان ماندوو دەکات درەنگ کەوتنی ڕەزامەندی بوودجەکەیە.

ئەوسینەماکارە مەکسیکییە لەسەروەستانی فیلمەکە دڵتەنگە و گلەیی لەکەس ناکات کە ئەو پڕۆژەیە ئێستا وەستاوە، ئەو لەبەرامبەر شتێک داماوە و ترسی لەڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو هەیە، بەراشکاوییەوە هەستی خۆی بەم شێوەیە دەدەبڕێت "کارەساتێک ڕووبدات لەئەلفەوە تا یای پڕۆژەکە هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە جێگای سەرسوڕمانە بۆ من".

هیسۆس ڕۆلدان،کە قژێکی درێژی هەیە و لەدواوە بەستوویەتی، بەردەوام بەتیشێرت و کاوبۆیەکی ڕەشەوە دەبینرێت، هاوکارە بە نووسینی سیناریۆکە و کاری بەرهەمهێنان لەگەڵ فکری بەرۆژیدا، بەپێچەوانەی توورەییەکانی دەرهێنەر ئەو ئارامە و زۆر لەسەرخۆ قسە دەکات، بەڵام ئەویش هیچ دڵخۆش نییە کە دەبینێت فیلمەکە وەستاوە، بەڵام دەڵێت"تێدەگەم بارودۆخی کوردستان خراپە، سیاسەتیش زۆر کێشە دروست دەکات".




دەرهێنەر فکری بەرۆژی

فکری بەرۆژی، لەساڵۆنی خانووەکە بەرامبەر کۆمپیوتەرێک دانیشتووەو کارەبای نییە، جار جارە لەکاتی قسەکردندا کەڤەری دیڤیدیەکە دەکاتەوە و سەیری دەکات، بەڵام هیچ فیلمێکی تێدا نییە، کە لێی دەپرسیت ئێستا چاوەڕوانی چی دەکەیت، دەمێک دەوەستێت"چاوەڕوانییەکی بێ ئەنجام"، هەروەها گوتیشی "منم یەکەمین قوربانی سینەمای کوردی".



رۆژەڤ

**مامۆستایەکی ئەڵمان داوای لێبووردن لە کورد دەکات**

**رووداو- ئەڵمانیا**
◆ مامۆستایەک لە قوتابخانەیەکی شاری شترۆمباخ، بە دوو قوتابی کورد، مەعسوم گولەر، لەدایکبووی ئەڵمانیا1996- و مەرجان لە دایکبووی ئەڵمانیا- 1993 گوت "ئەگەر خواردنەکەتان برژێنن سزاتان دەدەم چونکە ئێوە کورد تیرۆریستن"، دوای ئەوەی خێزانی هەردوو قوتابییەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە دەکەن، مامۆستایەکە داوای لێبووردن دەکات. سەلما گولەری خوشکی مەعسوم دڵتەنگی خۆی بە(رووداو) راگەیاند و گوتی "نازانم چۆن منداڵانی ئێمە دەتوانن بە ئارامی لەبەر دەستی ئەو جۆرە مامۆستایانە بخوێنن".

## مزگەوتی گەورەی کۆڵن

# لە نێوان خۆشیی موسڵمانان و نیگەرانیی راسترەواندا

**بەکر شوانی**
**رووداو- کۆڵن**

ساڵێک و چەند مانگ لەمەوبەر کاتێک یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک لە کۆڵن پرۆژەی (مزگەوتی گەورەی کۆڵن)ی بۆ ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن بەرز کردەوە، بەشێک لە راسترەوەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دژ بە بیانی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام کەوتنە خۆ و بەسەرپەرشتی رێکخراوی راسترەوی "پرۆ کۆڵن – لە پێناوی کۆڵن" دەستیان بە چالاکی نواندن کرد.

راسترەوەکان لەناو جەماوەر و لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵنیش هەوڵیاندا تەگەرە بخەنە بەردەم پرۆژەی مزگەوتی گەورەی کۆڵن و لە گوتاری خۆیاندا ئاماژەیان کرد و دەکەن بۆ مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەڵمانیا و ئەوروپا .ئەوان لەو باوەڕەدان تورک هەوڵدەدەن بەسوود وەرگرتن لە دەستووری ئەڵمانیا و کەشی لێبوردەیی و دیموکراسیی وڵاتانی ئەوروپا ئیسلام لە یەکێتی ئەوروپا بڵاو بکەنەوە و تەنانەت دەڵێن ئەوەی سوپای عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم بۆی نەکرا و نەیتوانی بە شەڕ ئیسلام بەسەر ئەوروپادا بسەپێنێت، ئێستا خوازیارن بە شێوازی دیکە جێبەجێی بکەن.

راسترەوەکان لەسەر ئاستی جەماوەر تەنیا واژۆی 20 هەزار کەسیان لە دانیشتووانی شاری یەک ملیۆنیی کۆڵن بۆ کۆکرایەوە و لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی شارەوانیش چەند ئەندامێکی پارتی کرستیان دیموکرات نەبێت، هیچ پارتێکی دیکە پشتیوانی لە بیر و بۆچوونەکانیان نەکرد. بەمجۆرە ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن لە کۆبوونەوەی رۆژی 2008/8/28دا پرۆژەی بنیادنانی مزگەوتی گەورەی کۆڵنی پەسەند کرد و سنوورێکی دانا بۆ ئەو گفتوگۆیانەی کە ماوەی ساڵێک بوو لەمبارەیەوە بەردەوام بوون. نوێنەرانی پارتی سۆسیال دیموکرات و پارتی چەپی نوێ و سەوزەکان و، بەشێک لە نوێنەرانی پارتی کرستیان دیموکرات و هەر پێنج نوێنەرانی رێکخراوی راسترەوی (پرۆ کۆڵن) یش دژی پرۆژەکە بوون. فریتس شرامای سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانیش، ئەگەرچی بۆ خۆی سەر بە لیستی پارتی کرستیان دیموکراتە، بەڵام دەنگی دا بۆ بنیادنانی مزگەوتی گەورەی کۆڵن. شراما لە لێدوانێکدا بۆ هەواڵنێران لەو بارەیەوە گوتی:"مسوڵمانان مافی خۆیانە لە شوێنێکی شیاو نوێژ بکەن، نەک لە هۆڵی کارگە کۆن و داڕووخاوەکان".

بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن، رێکخراوی راسترەویی (پرۆ کۆڵن) بڕیاریدا لە رۆژانی 19 و 9/20 کۆنفرانسێک و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەژێر دروشمی "نا بۆ ئیسلامیزە کردن" و "نا بۆ مزگەوتی گەورەی کۆڵن" ساز بکات. لە بەرامبەر ئەمەش، رێکخراوەکانی چەپی توندڕەو و ئەنتی فاشیستەکان و مافپەروەران و کۆڕ و کۆمەڵەکانی نوێنەرانی رەوەندەکانی بیانی لای پۆلیسی کۆڵن داوای مۆڵەتی رێکخستنی 12 خۆپیشاندانیان کرد.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورکەوە ئامادە کراوە و بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن. یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک رێکخراوێکی نیوە فەرمیی ئایینی تورکییە لە ئەڵمانیا و بارەگای سەرەکیی دەکەوێتە بەشە شاری ئیرەنفێلد لە کۆڵن. ئەم رێکخراوە لە ساڵی 1984دا دامەزراوە و لە سەرانسەری ئەڵمانیا 800 مزگەوت و کۆمەڵە و یانەی ئیسلامی هەیە و لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتیی فەرمیی رێکخراودا هاتووە کە ئامانجی یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک بریتییە لە دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ مسوڵمانان بۆ پێکهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و هەروەها پێشکێشکردنی پرۆژەی جۆر بە جۆر بەمەبەستی گونجاندنی رەوەندی مسوڵمان لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا. یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک بانگەشەی ئەوە دەکات کە رێکخراوێکی سەربەخۆیە و لە رووی داراییەوە پشت بە کۆمەک و پیتاکی مسوڵمانی تورکی نیشتەجێی ئەڵمانیا دەبەستێت، بەڵام دەزگاکانی راگەیاندنی ئەڵمانیا زۆر جاران باسی ئەوە دەکەن کە ئەم رێکخراوە رێنمایی و بەشێک لە توانای دارایی خۆی لە حکوومەتی تورکیاوە وەردەگرێت.

مزگەوتی گەورەی کۆڵن گەورەترین مزگەوتە لە ئەوروپا و بڕیار وایە لە سەرەتای پایزی ئەمساڵەوە لە بەشە شاری ئیرەنفێلد دەست بە بنیادنانی بکرێت و لە ساڵی 2010دا دەرگا بۆ نوێژکەران بخاتە سەر پشت. پێشبینی دەکرێت سەرجەم پرۆژەکە 20 ملیۆن یوروی تێ بچێت و بەپێی راگەیاندنی یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک بەشێک لەم چەردە پارەیە لەناو رەوەندی تورک و مسوڵمانی دانیشتووی ئەڵمانیا کۆ دەکرێتەوە و بڕێکی دیکەیشی بە قەرز لە چەند بانکێک وەردەگیرێت. بەپێی ئەو دیزاینەی کە هەردوو ئەندازیاری بیناسازی ئەڵمان پاول بویم و پرۆفیسۆر گۆتفرید بویم ئامادەیان کردووە، مزگەوتەکە دوو منارەی دەبێت و هەریەکەیان 55 مەتر دەچن بە ئاسماندا و قوبەیەکی 37 مەتریشی هەیە و جێگای 2000 کەسی تێدا دەبێتەوە بۆ نوێژ کردن. سەرەتا بەرزیی منارەکان و قوبەی مزگەوتەکە قسە و گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کرا و خەڵکی بەشەشاری ئیرەنفێلد ترسی ئەوەیان هەبوو جۆرێک لە نامۆیی باڵ بەسەر شارەکەیاندا بکێشێت. بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن دەربڕینی رەزامەندیی خۆی بۆ بنیادنانی مزگەوتەکەی بەچەند مەرجێکەوە بەستەوە لەوانە: پێویستە مزگەوتی گەورەی کۆڵن کار بکات بۆ گونجاندنی مسوڵمانی کۆڵن لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا و هەروەها بەشێوەیەکی چالاک بەرەنگاری تیرۆر ببێتەوە. بەمەبەستی ئەوەی منارەکانیش زۆر بەرز نەنوێنن، بڕیار درا دوو نهۆمی مزگەوتە لەژێر زەویدا بنیاد بنرێت.

رۆژی 2008/9/19 یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک لە بەشەشاری ئیرەنفێلد و لەو شوێنەی کە بڕیارە مزگەوتی گەورەی کۆڵنی لێ بنیاد بنرێت، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی راسترەوەکان و دژبەرانی پرۆژەی مزگەوتی گەورە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی ساز کرد. ژمارەیەک ئەڵمان و تورک و کەسانی سەر بە رەوەندەکانی دیکەی نیشتەجێی کۆڵن ئامادەی ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە بوون. جگە لە دوو کوردی باکوور، کە هەردووکیان ئەندامی پارتی چەپی نوێی ئەڵمانیان و لەسەر داخوازیی پارتەکەیان بەشدار ببوون، من هیچ کورد و عەرەبێکم لەناو ئامادە بوواندا بەدی نەکرد. پێشتریش یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک لە راگەیێندراوێکدا داوای لە سەرجەم مسوڵمانانی نیشتەجێی کۆڵن و هەموو کەسانی دیموکرات و مافپەروەر کردبوو ئەو رۆژە لەوێ کۆببنەوە و پشتیوانی لە پرۆژەی مزگەوتی گەورە و لە مافی مسوڵمان بکەن.

مەمەد یلدرمی بەڕێوەبەری گشتیی یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دا سەبارەت بەوەی داخۆ ئەم مزگەوتە بۆ سەرجەم مسوڵمانانی نیشتەجێی شاری کۆڵنە یاخۆ تەنیا بۆ مسوڵمانانی تورکە، گوتی ئەوان لە ماوەی 24 ساڵی رابردوودا هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان مسوڵماناندا نەکردووە و دەرگایان بۆ هەموو مسوڵمانان لەسەر پشتە. یلدرم خۆی لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دزییەوە کاتێک لێمان پرسی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری رێکخراوەکەتان هەموویان تورکن و مسوڵمانی وڵاتانی دیکەی تێدا نابینرێت. ناوبراو پێشبینی کرد هەوڵەکانی رێکخراوی توندڕەوی (پرۆ کۆڵن) و راسترەوەکانی دیکە بۆ راگرتنی پرۆژەی مزگەوتی گەورەی کۆڵن سەر نەگرێت و بەپێی لێدوانی ئەو، "هەموو کار و پرۆگرامەکانی یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری ئەڵمانیادایە و لەبەرئەوە لە سەرکەوتنی پرۆژەکەمان دڵنیاین".

رێکخراوی (پرۆ کۆڵن) و راسترەو و توندڕەوەکانی نزیک لە پارتی نشتیمانی ئەڵمانیا NPD لەو باوەڕەدان بنیادنانی مزگەوتی گەورەی کۆڵن دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژموونی ئیسلام لە ئەڵمانیا و سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشن کە ژمارەی مزگەوتەکان لە ئەڵمانیا لە 3 مزگەوتەوە لە ساڵی 1991وە گەیشتووەتە 160 مزگەوت لە ساڵی 2008دا. لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی دانیشتووانی کۆڵن و هەموو کەسێکی دژبەری بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و بنیادنانی مزگەوتی گەورەی کۆڵن کراوە، رێکخراوی (پرۆ کۆڵن) نووسیویێتی:"لە سەرانسەری ئەڵمانیا وەک قارچک مزگەوت هەڵدەتۆقێت و شەقامەکانیشمان لێوانلێو بووە لە مەلا و ژنی سەرپۆش لەسەر". ئەم رێکخراوە رۆژی 2008/9/19 لەژێر دروشمی "نا بۆ ئیسلامیزە کردن" و "نا بۆ مزگەوتی گەورەی کۆڵن" لە هۆڵێکی داخراودا و بە بەشداریی چەند میوانێکی بیانی کۆنفراسێکی بەست. بەنیازیش بوو رۆژی دواتر لە مەیدانی هۆیمارکت کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بە بەشداری نزیکەی 40 هەزار راسترەو ساز بکات. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە چەپە توندڕەوەکانی ئەڵمان و رێکخراو و کۆمەڵەکانی دیموکراتخواز و دژبەرانی نازی لە ئێوارەی رۆژی 9/19وە سەرجەم کۆلان و دەروازەکانی مەیدانی هۆیمارکتیان داخست و نەیانهێشت راسترەوەکان بگەنە شوێنی کۆبوونەوەی خۆیان. دژبەرانی نازی لە بەیانی زووەوە لەسەر هێڵی ئاسنی ئەو شەمەندەفەرانەش راکشابوون کە چاوەڕێ دەکرا راسترەوەکان بگەیەننە ناوەندی شاری کۆڵن. بەشێکی زۆری خاوەن هوتێل و رێستورانتەکانی شاری کۆڵنیش وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر نازییە نوێیەکان و راسترەوان، دەرگایان بەرووی ئەو کەسانەدا داخست، بۆیە چەندین هەزار نازی، کە لە شارەکانی دیکەوە روویان لە کۆڵن کردبوو، لەژێر پرد و لەناو باخچەکاندا رۆژیان کردەوە.

بەمەبەستی ئەوەی رەوشەکە نەتەقێتەوە و کار نەگاتە ئەوەی راسترەوان و گرووپەکانی دژبەری ئەوان دەست بخەنە یەخەی یەکتر و جڵەوی ئاسایش لە دەست دەربچێت، پۆلیسی کۆڵن کاژێر 12:30 ی رۆژی شەممە 2008/9/20، بڕیاری قەدەخەکردنی کۆبوونەوەی راسترەوانی دا.

بە رواڵەت بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانیی کۆڵن لەمەڕ بنیادنانی مزگەوتی گەورەی کۆڵن هۆکاری سەرەکیی هەڵگیرساندنی خۆپیشاندانی راسترەوان و دیموکراتخوازەکانی ئەڵمان بوو لە کۆڵن، بەڵام ئەوەی بەدرێژایی رۆژی شەممەی رابردوو، 9/20 لە شاری کۆنی کۆڵن و لە قەراخ رووباری راین بەدی دەکرا، واتای زۆر قوڵتری لەوە لە خۆ گرتبوو. بەپێی رای چاودێران، جەماوەری کۆڵن و هەموو ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی دیکەی ئەڵمانیاوە هاتبوون، لەو رۆژەدا سووربوون و بڕوا پتەویی خۆیان لەمەڕ بەرەنگاربوونەوەی نازییە نوێیەکان و راسترەوان پیشاندا و بوون بە قەڵغان بۆ پاراستنی دیموکراسی و بەها مرۆییەکان و دەستووری ئەڵمانیا. جەماوەری کۆڵن جارێکی دیکەیش سەلماندیان کە کۆڵن شاری لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی زیاد لە 100 نەتەوەیە و شارێکە هەمیشە بە رەنگینی دەمێنێتەوە.



ژنێکی سەرداپۆشراوی تورک لە نێوان دوو ژنی سەماکەری ئەڵماندا، هەموویان پێکەوە پشتیوانی لە مزگەوتی کۆڵن دەکەن (فۆتۆ:رووداو)



وێنەی ماکێتی مزگەوتی کۆڵن کە جێگەی 2000کەسی تێدا دەبێتەوە



## هەموو کارەکانمان یاسایین

بەڕێوەبەری گشتیی یەکێتیی ئیسلامی و کاروباری ئایینی تورک بۆ (رووداو)

## لە سەرانسەری ئەڵمانیا وەک قارچک مزگەوت هەڵدەتۆقێت و شەقامەکانیشمان لێوانلێو بووە لە مەلا و ژنی سەرپۆش لەسەر

رێکخراوی پرۆ کۆڵن



کۆمەڵێک لە ژنانی کۆڵن بە سەمای رۆژهەڵاتی بەرەنگاری راسترەو و نازییەکان دەبنەوە (فۆتۆ:رووداو)




کچێکی ئەڵمان لەنێو خۆپیشاندانێکی دژی دروستکردنی مزگەوتی کۆڵن،پۆستەرێکی بەدەستەوەیە، کە سەربازێکی تورک پێی ناوەتە سەر سەری گەریلایەکی کوژراوی PKK و بە ئەڵمانی لەژێری نووسراوە: ئەمە فاشیزمە (فۆتۆ:رووداو)



## ژنێکی 50 ساڵی لە ئامێدی خۆی دەسووتێنێ

**رووداو-ئامێدی**

**شیرین حاجی، تەمەن 50 ساڵ و دایکی 7 منداڵ و داپیری 13 نەوە، کاژێر 12:05 لە رۆژی 2008/9/19 لە شارۆچکەی شیلادزێ ئاگری لە خۆی بەردا و سووتا . دراوسێیەکی ماڵی شیرین بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەو کاتەی شیرین خۆی سووتاند، ئەو و بووکەکەی بە تەنیا لە ماڵ بوون و تائێستا هۆی خۆ سووتاندنەکەی دیار نییە".ئەو دکتۆرەی لە نەخۆشخانە شیرینی دەرمانکردبوو بە (رووداو)ی راگەیاند کە "رێژەی سووتانەکەی 70% بوو، بۆیە دوای چارەسەرییە سەرەتاییەکان رەوانەی نەخۆشخانەی ئازادی دهۆکمان کرد "، بەوشێویە دوای 20 کاژێر لە نەخۆشخانەی دهۆک گیانی لە دەستدا.**

# ئاوات، بە ئاوات نەگەیشت

## "هیچ دەنگی تەقە نەهات، رەنگە ئاوات بە بەرد بارانکردن کوژرابێ"



**سۆران و زیاد**
**رووداو — بەحرکە**

دوای نیوەرۆی 2008/9/15 لەناحیەی بەحرکەی سەر بەپارێزگای هەولێر ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی ئاوات، لەلایەن ئەسکەندەری باوکییەوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەگوللە کوژراو تا ئێستا بکوژەکەی دەستگیرنەکراوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەرووداوەکە کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، باسی سەرەتای کێشەی نێوان ئاوات و بنەماڵەکەی کرد و گوتی"ئاوات 18مانگ لەمەوبەر لەلایەن دایکییەوە بەزۆر درایە کوڕی خاڵی، دوای مانگێک تەڵاقدرا، دایکی ئاواتیش گوتبووی مادام لەلای کوڕی برام نەحەوایەتەوە هەر بەکوشتنت دەدەم".

بەگوێرەی قسەی دراوسێیەکانیان، ئاوات ژنێکی رێکپۆش و رووخسار جوان بوو، ئەگەرچی بێوەژن بوو، بەڵام بەهۆی جوانییەکەیەوە جێی سەرنجی گەنجان بوو، هەر ئەو جوانییەش دواجار ئاواتی بەم رۆژگارە گەیاند.

دوای ئەوەی ئاوات تەڵاق دەدرێت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی خێزاندار دەبەستێت، ئەو پەیوەندییەش 6 مانگ بەر لەئێستا دروستدەبێت، کاتێک برا گەورەکەی ئاوات، کە تەمەنی 19 ساڵە، ژن دەهێنێت، ئیدی لەوە بەدواوە برای ژنی برا گەورەکەی ئاوات، کە شۆفێری تاکسییە پەیوەندی لەگەڵ ئاوات دەبەستێت، بەردەوام لەهەولێرەوە بۆ بینینی ئاوات دەچێتە بەحرکە.

بەگوێرەی قسەی هەمان سەرچاوە خۆشەویستەکەی ئاوات، دەیەوێ پەیوەندییەکی راست و ئاشکرا بۆ هێنان لەگەڵ ئاوات ببەستێ، بۆیەش چەند جارێک دەچێتە داخوازی ئاوات، بەڵام دایک و باوکی ئاوات رازی نابن بیدەنێ، چونکە براگەورەکەی ئاوات دوو مانگ پێشتر خوشکی ئەوی تەڵاق دابوو.

برا گەورەکەی ئاوات ژنێکی دیکەیشی پێشتر تەڵاقدابوو، کە بەمنداڵی لێی مارە کرابوو، بەڵام ئەویانی پێش گواستنەوە تەڵاقدابوو.

خۆشەویستەکەی ئاوات رێگایەکی دیکە تاقیدەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئاوات، ئەویش هەڵگرتنی ئاواتە، دوای ئەوەی هەفتەیەک ئاوات هەڵدەگرێت، لەژێر فشاری باوکی خۆی کچەکە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو پێی باشتر دەبێت کچەکە لەجیاتی بردنەوە بۆ ماڵی ئاوات، بیباتە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر و، هەرواش دەکات.

دوای ئەوەی ئاوات چەند رۆژێک لەلای یەکێتی ئافرەتان دەمێنێتەوە، دایک و باوکی داوای کچەکەیان دەکەنەوە. یەکێتی ئافرەتانیش دوای ئەوەی بەڵێننامەیان پێ پڕدەکەنەوە کە نەیکوژن.

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوە ئاگادارانەی باسی کێشەکەیان بۆ (رووداو) دەکرد، دایک و باوکی لەکاتی وەرگرتنەوەی کچەکەیان لە یەکێتی ئافرەتان بەڵێنیان دابوو، ئەگەر خۆشەویستەکەی ئاوات برە زێڕێکی بەرچاوی بۆ بکرێت ئەوا هەر ئەو شەوە لێی مارە دەکەن.

بەڵام، دوای هێنانەوەی ئاوات، لە یەکێتی ئافرەتان هیچ یەک لەو بەڵێنانە جێبەجێنەکران و دەیکوژن.

دوای دوو کاژێر هێنانەوەی، باوکی، ئاوات دەباتە چۆڵەوانییەکی دەوروبەری بەحرکەو لەوێ دەیکوژێت.

سالار مەحمود، کە ماڵیان لەدەرەوەی بەحرکەیەو کاتێک دەبینێت پۆلیس ناوچەکە دەپشکنن پرسیاری لێدەکەن ئاگاداری ئەو رووداوەی "شتی وام نەزانی بوو، چونکە هیچ دەنگی تەقە نەهات، دواتر ماتۆرسکیلێک بەسەر تەرمەکەدا چوو بوو، ئەو خەڵکی ئاگادار کردەوە، بەڵام هیچ کەسێکی نزیکی ناوچەکەش گوێی لەتەقە نەبووە، بۆیە رەنگە بە بەرد بارانکردن کوژرا بێت".

بەڵام، عەمید عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو کچە لەلایەن باوکییەوە بەگوللە کوژراوە"کوشتنی ئاوات لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، باوکی بردوویەتییە دەرەوەی بەحرکەو بەگوللە کوشتوویەتی، پاشان تەلەفۆنی بۆ یەکێک لەخزمەکانی کردووە کە کچەکەی لەفڵان شوێن کوشتووە، هەتا پۆلیس دەگاتە شوێنی رووداوەکە باوکی ئاوات ناوچەکە جێدەهێڵێت، تا ئێستاش دەستگیر نەکراوە". بەڵام هەروەک عەمید عەبدولخالق روونیکردەوە برایەکی ئاوات دەستگیرکراوەو لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، زانیاری زیاتری لەبارەی ئەو رووداوە دا بە (رووداو) و گوتیشی ئەو ژنە پێشتر تەڵاق درابوو "ئەو کێشەیە خێزانەکەیان گەورەیان کرد و دواتر کوشتیان".

نیهاد محەممەد ساڵح، 22 ساڵ، پاسەوانە لەکۆمپانیای ئاردن کە کاری گەڕانە بەدوای نەوتدا لەنزیک بەحرکە، نیهاد نزیکەی کیلۆمەترێک لەشوێنی کوشتنی ئاواتەوە دوور بووە، بەڵام تا ماتۆڕسکیلێک ئاگاداری نەکردووەتەوە ئاگای لە رووداوەکە و هیچ دەنگێک نەبووە، دەڵێت "ئەو تیمەی ئێمە پاسەوانی کۆمپانیایەکەی دەکرد کە خەڵکی بیانین لەپشت بەحرکە خەریکی پشکنین بوون، نزیک کاژێر 4 ی ئێوارە بوو، ماتۆرسکیلێک بەرەو لای شۆفێرێکمان هات و پێیگوتین تەرمی ئافرەتێکی کوژراو لەسەر لێواری ئەم شەقامە کەوتووە". ئەو جادەیەی ئەو ماتۆر سوارە ئاماژەی بۆ کردبوو، شەقامێکی خۆڵە و بەرەو گوندی براغ دەچێت .

دوای ئەوەی نیهاد رووداوەکە دەبیستێت لەگەڵ خاوەن ماتۆرسکیلەکە بەرەو شوێنەکە دەچن کە زۆر دوور نەبوو لەو شوێنەی تیمەکەیان کاری لێدەکرد "کە گەیشتینە شوێنەکە بینیم ئافرەتێک لەسەر سک راکێشراوە، پانتۆڵێکی رەش و کراسێکی شینی ئاسمانی لەبەر بوو، خوێنێکی زۆری لێ رۆیشتبوو، پشتی هەموو بەخوێن بوو، قژی پەرش و بڵاوببووەوە، هەندێک لەقژەکەی بڕابوو لەسەر زەویەکە کەوتبوو".

نیهاد کاتێک رووداوەکە دەبینێت لەبەر ئەوەی یەکەم جاری بووە دیمەنی لەو جۆرە ببینێت، سەرسام دەبێت "هەر زوو ئاسایشی کۆمپانیام ئاگادار کردەوە، ئەوانیش پەیوەندییان بەبنکەی پۆلیسی بەحرکەوە کرد، لەماوەیەکی کەم پۆلیس گەیشتە شوێنەکە، تەرمەکەیان گواستەوە".

بەهەمان شێوەی سالار، نیهادیش گوێبیستی تەقە نەبووە"لەبەیانییەوە ئێمە لەنزیک ئەو شوێنە بووین کە تەرمەکەی لێ بوو، گوێمان لەدەنگی هیچ تەقەیەک یان گوللەیەک نەبوو".

بەشدار تەحسین، هاوڕێی برای ئاواتە وەک خۆی باسیکرد لەکاتی رووداوەکە لەگەڵ براکەی ئاوات کە ئێستا دەستگیرکراوە لەبازاڕ پیاسەی کردووە"چووم پاکەتێک بکڕم تا من هاتمەوە گوتیان پۆلیس برادەرکەی تۆیان دەستگیر کرد، ئێستا لەلای پۆلیس بووم ئیفادەمدا لەکاتی رووداوەکە ئەو برایەی ئاوات لەلای من بووە، هیچ تاوانی نییە".

بەشدار باسی لەوە دەکرد کە هۆگر هیچ کات باسی ئەو کێشەیەی لەلای نەکردووە، بەڵام دەڵێت "بەهۆی نەچوونی بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەم دەمزانی کێشەیەکی گەورەیان هەیە".

یەکێک لەدراوسێیەکانی ماڵی ئاوات زۆر خەمبار بوو بە کارەساتەکە، دڵنیا بوو لەوەی کە ئاوات هیچی نەکردووەو بەنیگەرانییەوە گوتی"بەقورئان ئەو کچە هیچی لەسەر نەبوو، هەموو رۆژێک لێیاندەدا، دایکی زۆر کەللە رەقە، هەر دەیویست بەکوشتنی بدات، کێشەی بۆ هەموو ماڵیشیان دروستکردووە، دوا جار ژەهری خۆی رژاند".

تا ئێستاش شوێنی خۆشەویستەکەی ئاواتیش بزرە، دایکی ئاواتیش کە بەگوێرەی قسەی زۆربەی ئەو کەسانەی لێدوانیان بۆ (رووداو)دا هۆکاری کێشەکانی خێزانەکەیانە لەماڵی خۆیەتی و بەدوای کێشەکەوەیە، تەنیا کوڕێکی گیراوە، کە بەقسەی هاوڕێیەکی ئەو کوڕە نەک کوشتنی ئاوات، بەڵکو خۆیشی بەدەست خۆی نییە"بەزۆر ژنیان بۆ هێناو بە زۆریش پێیان تەڵاقدا".

بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر لەسەر کوژرانی ئاوات لەلایەن باوکییەوە، (رووداو) پەیوەندی کرد بەهەر یەک لەیەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بنکەی پۆلیسی بەحرکە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەوەزارەتی ناوخۆ کرد،بەڵام هیچ کامیان لێدوانیان لەسەر رووداوەکە نەدا.



### ئاوات لەلایەن باوکییەوە بە گوللە لە چۆڵەوانیدا کوژرا

بەڕێوبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر

---

## لە 7 مانگی رابردوودا
# 27 ئافرەت لە سۆران خۆیان سووتاندووە

**رەوەند محەممەد**
**رووداو-سۆران**

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتیی سۆران کە تایبەت دراوەتە (رووداو) لەماوەی 7 مانگی رابردووی ئەمساڵدا چەندین رووداوی جیا جیا لەقەزای سۆران روویانداوە و لەئەنجامدا 32 کەس بوونەتە قوربانی، سەرچاوە پزیشکییەکانیش ئاماژە بە کەمبوونەوەی رێژەی سووتانی ژنان دەکەن لە سۆران بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو.

ئامارەکە سەرجەم ئەو رووداوانەی تێدایە کە لە رۆژی 1/1-1/8/2008 روویانداوەو لە نەخۆشخانەی گشتی سۆران تۆمارکراون. کە بریتین لە 1255 رووداوی جۆراو جۆر و لە ئاکامدا 32 هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 558 ی دیکەش بریندار بوونە.

هەندێک لەرووداوەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو لەهەڵکشاندان، بەڵام رووداوەکانی سووتانی ژنان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زۆر کەمبووەتەوە.

لەماوەی 7 مانگی رابردووی ئەمساڵ لەسۆران 38 رووداوی بەرکەوتنی گوللە هەبووە، لەئەنجامیشدا 4 هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە ( 2 ژن و 2 پیاو). لەئامارەکەی نەخۆشخانەی سۆران ئاماژە بەوە کراوە "زۆربەی ئەو حاڵەتانەی تۆمارکراون هەوڵی خۆ کوژی بوونە". ساڵی رابردووش 92 حاڵەتی هەوڵی خۆکوکوشتن هەبووە کە لە ئاکامدا 12 کەس گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ئەو ئامارەی دراوەتە (رووداو)، بەدرێژایی ساڵی رابردوو لەقەزای سۆران، 624 حاڵەتی سووتان هەبووە، کە 40 حاڵەتیان خۆ سووتاندان بووە و لە ئەنجامیشدا 39 ژن گیانیان لەدەستدابوو، بەڵام لەماوەی 7 مانگی ئەمساڵدا رێژەکە زۆر دابەزیوە، بەجۆرێک لەماوەی ئەو 7 مانگەدا تەنیا 27 حاڵەتی خۆ سووتاندنی ژنان تۆمار کراوە، کە لەئەنجامدا 7 ئافرەت گیانیان لەدەستداوە.

هەرچەندە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو رێژەی خۆسووتاندنی ژنان لە دەڤەری سۆران کەمبووەتەوە، بەڵام ئاماری ئەمساڵیش رێژەیەکی زۆری سووتانی ئافرەتان نیشاندەدات.

هەڵاڵە قادر، بەرپرسی بەشی ئافرەتان لەفریاکەوتنی نەخۆشخانەی سۆران، ئاماژەی بەوەدا کە دیاردەی پەنابردن بۆ خۆسووتاندن لەسۆران کەمتر بووەتەوە "ئەمساڵ لەچاو ساڵەکانی دیکە دیاردەی خۆسووتاندن کەمبووەتەوە، ساڵی رابردوو لەرۆژێکدا 3تا 4 حاڵەتی سووتان هەبوو".

هەڵاڵە قادر، وێڕای ئەوەی ئاماژە بەکەمبوونەوەی حاڵەتی سووتانی ژنان دەکات، لەبەرامبەردا ئاماژەی بەزیادبوونی هەوڵی خۆکوشتنی ژنان دا لەرێگەی حەب و دەرمانی قەلاچۆکردنی زیندەوەرانی زیانبەخشەوە دەدات و، دەڵێ" ئەمساڵ پەنابردنە بەر خواردنی دەرمانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی بووەتە مۆدیلی تازەی خۆکوشتن".

هەروەک چۆن زۆر لە رووپێو و ئامارەکان گوندەکانی کوردستان بە مەترسیدارترین شوێنی پێشێلکردنی مافی ژنان ناودێنن، بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی سۆران دەڵێ "زۆربەی هەوڵە خۆکوژییەکان لەلایەن ئافرەتی گوندەکانەوە بووە".

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی ناوبراو لەماوەی ئەو 7 مانگەدا 40 هەوڵی خۆکوژی هەبووە، لەرێگەی حەب و دەرمانی قەلاچۆکردنی زیندەوەران. کە 34یان ئافرەت بوونە، دوای ئەوەی گەیێندراونەتە نەخۆشخانە شوشتنی گەدەیان بۆ ئەنجامدراوە. لەئامارەکە ئاماژە بەوە دراوە "بکەرەکان هانایان بۆ خواردنی دەرمانە ژەهراوییەکانی کشتوکاڵ و دەرمانی مشک بردووە". هەروەها بەدرێژایی ساڵی رابردووش 64 هەوڵی خۆکوشتن لەرێگەی حەب و دەرمانەوە هەبووە.

هەوڵی خۆ کوشتن، وێڕای ئەوەی زۆرجار مەرگی بکەرەکەی لێدەکەوێتەوە، شوێنەواری دەروونی خراپیش بەسەر خێزانەکەیەوە جێدەهێڵێت.

رەزوان محەممەد، لەساڵی 2005 رەیانی خوشکی لەهەوڵێکی خۆ کوژیدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، ئەو پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ ساڵ هێشتا ئامادە نییە هۆکاری خۆکوشتنی خوشکەکەی ئاشکرا بکات و تەنیا ئەوەندە دەڵێت "هەڵەی خێزان خوشکەکەمی لەناو برد".

رەزوان گوتیشی "هەوڵدەدەم لەگەڵ یەکێک لەو رێکخراوانە کاربکەم، کە کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەکەن، چونکە بەراستی کارێکی جەرگبڕە، کاتێ یەکێک لەئەندامەکانی خێزانەکەت بەو شێوەیە ماڵئاوایت لێدەکات".

مۆبایل جگە لەوەی لەو ساڵانەی پەیدابوونی لە کوردستاندا بووە هۆی زیاتربوونی و پەیوەندیکردن لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا لە هەمانکاتیشدا بووە سەرچاوەیەکی توندوتیژی لێکەوتنەوە دژی ئافرەتان، بەپێی ئامارێک لە دوای پەیدابوونی مۆبایل تاوەکو ئێستا 350 ئافرەت لەسەر بەکارهێنانی بۆ پەیوەندی لەگەڵ پیاوان کوژرون .

کەریم مەحمود، مامۆستایە لە یەکێک لەگوندەکانی ناحیەی سیدەکان، دەڵێ "پێش 15 ساڵ کوا ئەو هەموو خۆ سووتاندن و خۆ کوشتنە هەبوو، لەگەڵ هاتنی سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایل، ئەو دیاردانەش زیادیان کرد، پەروەردەش لەلای خۆیەوە ئاگرەکە خۆشدەکات، ئێستا نە خێزان پەروەردەیەکی تەندروستی هەیە، نە وەزارەتی پەروەردەش تەندروستە".

زۆربەی قوربانیانی کوردستان، قوربانی رووداوەکانی هاتووچۆن، رووداوەکانی هاتووچۆش لەشاری سۆران بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو بەرەو هەڵکشان چووەو ژمارەی قوربانیانیش زیاتر بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێڵ و خراپبوونی بەشێک لەرێگاو بانەکان.



# کۆمەڵایەتی



## لەسەر کوتان ژنەکەی تەلاقدا

خالد ئەحمەد -ڕووداو

کوێخای دێیەکی باکووری نایجیریا، ژنەکەی تەڵاقدا لەبەر ئەوەی درزی دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵانی لە کوڕەکەی دابوو .ئەو کوێخایە پێیوایە ئەم کوتانە منداڵان بێ هێز دەکات و کە گەورە بوون توانای منداڵ بوونیان نامێنێت و ئەمەشــی بە پیلانگێڕییەکی وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان دەزانێت .بە پێی ڕاپورتەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نایجیریا یەکێکە لەو چوار وڵاتەی جیهان کە زۆرترین ڕێژە ئەو نەخۆشییەیان تێدا بڵاوە .

# کچە بێ لەچکەکانی ڕەمەزان دەبنە جێی توانج لێگرتن





ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

ئەو کچانەی لەمانگی ڕەمەزاندا لەچک ناکەن لەلایەن کوڕانەوە دەبنە جێی توانج لێدان، بەمەش کچــان نیگەران دەبن و بە دیاردەیەکی ناشرینیشی دادەنێن. مەلا عەبدوڵڵا هەڵەبجەییــش دەڵێ "لەچک کردن پێویستە، بەڵام ئەگەر نەشکرێت ڕۆژو بەتاڵ ناکاتەوە".

شــۆخان کەریم، تەمەن 25 ســاڵ، تەنیا یەک ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزاندا بەبێ لەچک چووەتە دەرەوە. شۆخان لەو تاکە ڕۆژەی لە بیر ناچێتــەوە، لەبەر ئەوەی بەوهۆیەوە تاوەکو گەیشتووەتەوە ماڵەوە دەیان گەنج توانجی لێداوە. شۆخان ئەو جۆرە کەسانەی کە توانج لەکچان دەدەن بە "نەفس نزم" ناوبــردو گوتی "ئەگەر کەسێک بەڕۆژو نەبێت یان لەچک نەکات ئەوا پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، بەڕاستی زۆر عەیبە هەندێک لەکــوڕان دەکەونە توانج لێدان لەکچانی بێ لەچک ".

پێبەندبوون بە ســرووت (گەوس) ە ئاینییــەکان و تەنانــەت باوەڕهێنان و باوەڕنەهێنانیش بە هیچ ئاینێک، مافی تاکە کەســە لــە زۆر وڵاتــی جیهاندا، تەنانەت لە قورئانیشدا هاتووە کە ئایین بە زۆر بەسەر خەڵکدا نابێ بسەپێندرێ.

شۆخان زۆرنیگەرانە لەوهەڵسوکەوتەی هەندێ لە کوڕانی شــارەکەی کە ئازادی تاکە کەس دەخەنە ژێر مەترســییەوەو گوتی "نازانم مانگی ڕەمەزان مانگی ڕۆژو گرتن و عیبادەتکردنە یان مانگی توانج لێدان و دەســت بۆ بردنی ئافرەتان کە لەلایــەن هەندێک گەنجی نەفس نزمەوە دەکرێت".

بەهۆی زۆربوونی دیاردەی توانج لێدان دەســتبردن بۆ کچان، هەفتەی ڕابردوو قایمقامیەتی قەزای ســلێمانی لەســەر ڕاســپاردەی وەزیری ناوخــۆ لێژنەیەک بەســەرۆکایەتی قایمقام و بەشــداری پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان پێکهێنا.

هەرچەنــدە لێژنەکە زیاتــر بەناوی دەســتگیرکردنی ســواڵکەرەکانەوە پێکهێنراوە، بەڵام لیژنەکە لەچوارچێوەی کارەکانیدا ئەو کەســانەش دەســتگیر دەکات، کە لەبازاڕو شوێنە گشتییەکان دەســت بۆ کچان دەبەن، یان توانجیان لێدەگرن.

زانــا محەممــەد ســاڵح، قایمقامی قەزای ناوەندی ســلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانــد"دوای پێکهێنانی لێژنەکە 40 کەسمان لەســەر ئەو دیاردانە دەستگیر کــردووە، کە بۆ مــاوەی 5 ڕۆژ زیندانی دەکرێن دواتریش ئازاد دەکرێن".

مامۆســتایانی ئایینیــش لەبــارەی لەچکردن لەمانگی ڕەمەزان ڕای خۆیان هەیــە و دەڵێن لەچنەکردن نابێتە هۆی بەتاڵبوونــەوەی ڕۆژوو. مــەلا عومــەر چنگیانــی لەچاوپێکەوتنێکیــدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند"ئەگــەر ئافــرەت ســەرپۆش نەکات ڕۆژووەکــەی بەتاڵ نابێتەوە".

لە وڵاتانی عەرەبی و ئیســلامی زۆر ژن دەبینرێن کە بەبێ سەر داپۆشین بە ڕۆژوو دەبن.

ژینۆ مەحمود، تەمەن25 ســاڵ، کە پیشەی مامۆستایە دەڵێ "ڕۆژێک لەکاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵــەوە، ژمارەیەک گەنج کەوتنە توانج لێدانم، لەبەر ئەوەی لەچکم بەسەرەوە نییە".

ئەو پێیوایە ئەگەر ئەوگەنجانە وشیارو ڕۆشنبیر بوونایە توانجیان لەو نەدەگرت، دێنێــت، گرانبوونی نرخی شــتومەک و توانج گرتن لــە ئافرەتانی ســەر دانەپۆشراو.

ژیان، تەمەن 25 ســاڵ، یەکێکە لەو کچانــەی کــە لەناو

> "هەندێکیان توانجیان لێدەدام و دەیانگوت ڕەمەزان تەواو بووە، هەندێکیش دەیانگوت با لەچکەکەی بردووە"

مــەلا عەبدوڵــڵا مــەلا محەممــەد هەڵەبجەیی، ئەندامی یەدەگی ئەنجوومەنی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردســتان لــە ســلێمانی، لەوبارەوە بــۆ (ڕووداو) دواو گوتی " ئافرەت دەبێ ســەری داپۆشــراو بێ، بەتایبەتی ئەو کاتانــەی دەچێتــە دەرەوە، چونکــە هەر کەسێک ســەیری بکات، گوناهبار دەبێــت و گوناهەکە بــۆ ئافرەتەکەش حیســاب دەکرێ". بەڵام سەبارەت سەر دانەپۆشــینی ئافرەتــە ڕۆژووگرەکان گوتی"ئەوانەی لەچک ناکەن و بەڕۆژون، ڕۆژوەکەیان دروســتە، بــەڵام لەچەک نەکردنەکەی گوناحێکە".

ئــەو مەلایە کە سەداپۆشــینی ژنان بــە ئەرکێکی ئایینی دادەنێ، دەڵێ ئەو قوماشەی بۆ ســەر داپۆشین بەکاردێت دەبێ "قوماشێکی تەنک نەبێت".

مانگــی ڕەمەزان، لە کوردســتاندا هەمیشــە دوو دیاردە لەگــەڵ خۆیدا بۆیەش ئەو دیاردەیە بە نارۆشــنبیری ئــەو گەنجانــەی ئەو ڕەفتــارە دەکەن دەبەســتێتەوە، پێیوایە ئــەو دیاردەیە ئاماژەیە بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگە.

پەروا محەممــەد عەلــی، توێژەری کۆمەڵایەتی، دیاردەی توانج گرتن لەکچان بە دیاردەیەکی نەشــیاو دادەنێ کە "لە کۆنەوە تا ئێســتا بەردەوامە". بەهەمان شێوەی ژینۆ بەستییەوە بە ئاستی نزمی ڕۆشنبیرییەوە.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە دەڵێ "لە چککردن و باڵا پۆشی لای کچان شتێکە تایبەتی و کەسییە، توانج گرتنی کوڕان و پیاوان لە کچ و ئافرەتە بێ لەچکەکان پێشــێلکردنی ئازادی تاکە کەسییە و دەبێتە هۆی بریندارکردنیان".

بــازاڕدا بەهــۆی ئەوەی لەچکــی بەســەرەوە نەبــووە، کەوتووەتە بەر شــاڵاوی توانجی گەنجان، ژیان گوتــی "هەریەکەیان قسەیەکی دەکرد، یەکێکیان گوتی ڕەمــەزان تەواو بووە، یەکێک دەیگوت لەچکەکەی با بردوویەتی".

ئەو کچە پێیوایە لەچکردن شــتێکی تاکــە کەســییە و پەیوەندی بەخەڵکــەوە نییە "هەر کەس سەربەستە لەوەی بــەڕۆژوو دەبێت یان نا، لەچک دەکات یان نا، ئەوە پەیوەندی بەکەسەوە نییە، زۆر عەیبە بۆ ئەو گەنجانە بەو شێوەیە توانج لەکچان دەدەن".

ل ئامێدیێ

# ب هاریکاریا ئەمریکا سەنتەرێ بەرگریکرنێ ژ ئافرەتان هاتە ڤەکرن

عەبدوڵڵا نهێلی
ڕووداو-ئامێدی

ڕۆژا 2008/9/17 ســەنتەرێ پاراســتنا ئافرەتان ل توندوتیژیێ ل دەڤەرا ئامێدیێ، ب هەڤکارییا بالیۆزخانا ئەمریکا و تیما ئاڤەدانکرنا هەرێما کوردستانێ هاتە ڤەکرن.

شــیلان ئەحمەد، تەمەن 21 ســاڵ، کو دبینی دەڤەرا وان، ژ بــەر ئەگەرێن نەریتێن پاشکەفتی و عەشــیرەتگەری بوویە جهەکێ بــێ پەنا بۆ ئافرەتان، گرنگیــا ڤەکرنا ئەڤ ســەنتەرەی بو (ڕووداو) ددەت نیشــاندان و دبێژیت " ئەز گەلەکا کەیف خۆشــم کو ئەڤ سەنتەرە ل ئامێدیێ هاتە ڤەکرن و، پێتڤی بوو ئەڤ سەنتەرە ل مێژ ل ئامێدیێ هاتبا ڤەکرن چونکی کێشــێن خێزانی و کۆمەلایەتی ل ڤێ دەڤەرێ گەلەکن، ئەو ئافرەتێن ل ڤێ دەڤەرێ هاتینە سۆتن و کەفتینە بن گەفێن توندوو و تیژیێ ڤە ئەگەر ئەڤ ســەنتەرە هەبا رەنگە گەلەک ژ وان ئافرەتا داخازا خۆ گەهاندبا ڤی سەنتەری و ئاریشــێن وان ب ڕێکێن یاسایێ چارسەرببان".

حوســێن عەلــی، ڕێڤەبەرێ گشــتی یێ چاڤدێــری و گەشــەپێدانا کۆمەلایەتــی ل دهوکــێ، بــۆ (ڕووداو) دا خویاکرن کو " ب فەرمانــا وەزارەتا کارو کاروبارێن کۆمەلایەتی و بالیۆزخانا ئەمریکا، ئەڤ سەنتەرە ب ڕێکا ڕێکخراوا زێڕین هاتە ڤەکرن".

نەجات ئامێدی، بەرپرسا سەنتەرێ زێرین ل ئامێدیێ بۆ (ڕووداو) هاتە ئاخفتن و ئاماژە ب بەرفرەهیا دەڤــەرا ئامدیێ دا گۆت " ئەم د ئاگەهدارین کو گەلەک ئاریشــێن جڤاکی ل ڤێ دەڤەرێ روو ددەن"وێ دەستخۆشــی ل هەڤکارێــن خوە ل ســەنتەرێ زێڕین کر کو هەوڵدانێن وان گەیشتینە ئەنجام بۆ دروستکرنا ســەنتەرێ بەرگیریکــرن ل ئافرەتــان لڤێ دەڤەرێ.

بەپرسا ســەنتەرێ زێڕین بۆ (ڕووداو) دا ئاشکراکردن کو ڕێژا کوشتن و سۆتنا ئافرەتان ل دەڤەرا ئامێدیێ زێدەبوویە، ئەو دبێژی" مە گەلەک ئامارێن ب دەســت خۆڤە ئینیان کو ڕێژا ئەو ئافرەتێن تووندوتیژی ل ســەر تێتە کرن و کوشــتن و ســۆتن ئەڤ ساڵە پترە ژ سالێن چۆیی". ل گۆر باوەڕیا نەجات ئامێدی، ئەڤ سەنتەرێ کو تازە هاتییە ڤەکرن دێبیتە هۆکارەک بۆ کۆنترۆڵکردنا کوشتن و خۆسۆتنا ژنان ل دەڤەرا وان.

دکتۆر نەوزاد محەممــەد تاهر، ڕێڤەبەرێ نەخۆشــخانا گشــتی یا ئامێدیێ ل دۆر ڕێژا خوســتنێ ل وێ دەڤەرێ بو (ڕووداو) گۆت" خۆسۆتنا ئافرەتان ل دەڤەرا ئامێدیێ بەرەف زێدەبوونێ دچیت و ل 1/1 هتا 2008/8/1، 13 حالەتێــن خۆســۆتنێ ڕوویداینە و پڕانیا وان ئافرەتــان ل نەخۆشــخانا گیانێ خو ژ دەستدایە".

ڕێڤەبەرێ نەخۆشخانا ئامێدیێ داخوویاکرن کو ڕێژا خۆسۆتنا ئافرەتان ئەڤ ساڵە بلندترە ل ســاڵا بووری، کو ب درایژاییا ســاڵێ تنێ 11 حاڵەتێن خۆ ســۆتنا ئافرەتان ل دەڤەرا ئامێدیێ هاتبوونە تۆمارکرن.

ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاڤدێری و گەشەپێدانا کۆمەلایەتی ل دهوکێ، داخاز ژ ئافرەتێن دەڤەرا ئامێدیێ کر کو ل جیاتێ خۆ سۆتنێ پەنایێ بیننە بەر ئەڤ سەنتەرێ هان و خۆ ل سۆتنێ دوور بێخیت و ل ڤان سەنتەران ب دانوستانێ داوا مافێ خۆ بکەت . حوسێن عەلی بەردەوام بوو ل سەر بانگەوازیا خوە بۆ ئافرەتان و گۆت "داخازێ ژ هەمی ئافرەتێن کوردستانێ دکەم کو پەنایێ نەبەنە بەر خۆ کوشتن و سۆتنێ و هیڤی دکەم ئەڤ ئاریشە نەمینن و تێگەهشتن دناڤ خێزانی دا و ئافرەتان و زەلاما دا".

مشــیر ڕەشید ئیبراهیم، نوێنەرێ وەزارەتا کار و کاروبارێــن کۆمەلایەتی، گۆت "وەزارەتا مە چەندیــن کارێن گرنگ ئەنجامداینە ئێک ژ وان ڤەکرنا بەشێ پاراستنا ئافرەتانەو نووکە ل هەولێرێ و دهۆکێ و سلێمانیێ مە سەنتەرێن پاراستنا ئافرەتان یێن هەین".

هــەر دهەمان دەمێــدا دەستخۆشــی ل ســەنتەرێ زێڕین کر، کو ب هەڤکاری دگەل تیما ئاڤەدانکرنا هەرێما کوردستانێRRT، کو ژ ئەمریکی و کۆرییان پێکدهێت و ئەڤ سەنتەرە ئاڤاکری.



# بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق ژنانی کوردستان توڕە دەکات

## بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق، ئافرەت بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاری مافی دەرهێنانی پاسپۆرتی نییە



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

ڕووداو- هەولێر

نەجیبە محەممەد، 32 ســاڵ، لەگەڵ باوکی لەناو بەڕێوەبەرایەتی پاســپۆرت و مانەوەی هەولێر ســەرقاڵی دەرکردنی پاسپێۆرت بوو، ئەگەر باوکی لەگەڵ نەبووایە ئەو نەیدەتوانی پاســپۆرت دەربێنێ، چونکە بەپێی بڕیارێکی پەرەلمانــی عێراق ئافرەت بەبــێ ڕەزامەندی کەسوکاری مافی دەرهێنانی پاسپۆرتی نییە.

نەجیبــە زۆر داخ لەدڵبــوو بەرامبەر ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق و پرســی "بۆچی پیاو بۆی هەیە هەموو شتێک بکات بۆ دەبێت ژن تا دەمرێت بەقسەی پیاو بکات، ئەو بڕیارە بۆ کەســێکە کە منداڵ بێت یان عەقڵی تەواو نەبێت من لەو تەمەنە ڕەزامەندیم بۆ چییە".

بەبڕیاری ئەنجوومەنــی نوێنەرانی عێراق، کە لەســاڵی 2004 دەرچووە، ئافرەت بەبێ لێپرســراوی یەکەمی خێزانەکــەی بۆی نییە پاسپۆرتی جۆری G دەربهێنێت، ئەو بڕیارەش ناڕەزایی زۆر لەنێو ئافرەتان دروستکردووە و تاوەکو ئێستا چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوە بۆ ئەو بڕیارە دەستپێکردووە.

ژنــان بەتونــدی ڕەخنــە لەبڕیارەکــەی ئەنجوومەنــی نوێنەرانی عێــراق دەگرن، کە بەبڕیاری ژمارە 51 ناســراوەو لە2004/9/13 دەرچووەو پێیانوایە بڕیارەکە پێچەوانەی ئەو برگە دەســتوورییانەیە کە باس لەیەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکات.

برگــە یەکــی بڕیارەکــەی ئەنجوومەنی نوێنەران ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەت بەبێ بەپرسیاری خۆی دەتوانێ سەفەر بکات، بەڵام لەبرگــەی دووەمدا هاتــووە ئەگەر ئافرەتێک شــووی کردبێت ناتوانێت بەبــێ ڕەزامەندی مێردەکەی پاسپۆرت دەربهێنێت. هەروەها بۆ ئەو ئافرەتانەی شوویان نەکردووە، ئاماژە بەوە دراوە کە دەبێت بەڕەزامەندی بەرپرســیاری خێزان پاسپۆرت دەربهێنن.

ئەفسەرێکی پاسپۆرت و مانەوەی سلێمانی کە نەیویســت ناوی بهێنرێ بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوانت لەبەغداوە بەشــێوەیەکی زارەکــی پێیانڕاگەینراوە کــە هەر ئافرەتێک تەمەنی لە 45 ساڵ کەمتر بێ، بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاری پاسپۆرتی بۆ دەرناهێندرێ.

پارێزەر، پەیوەســت عارف مەعروف، کە دانیشتووی شاری سلێمانییە، ڕەخنەی توندی لەئەنجوومەنی نوێنەرانــی بەغدا گرت و لەو باوەڕەدایە کە بڕیارەکە پێچەوانەی مادەکانی دەســتوری عێراقــە کە لەهەندێــک بڕگەیدا باس لەیەکسانی نێوان پیاو ئافرەت دەکاتو، گوتیشی "ئەوە وەک ئیهانەیەکە بۆ ئافرەت کە تا تەمەنی نەبێتە 45 ساڵ، بەبێ ڕەزامەندی کەســوکاری بۆی نییە پاسپۆرت دەربهێنێت، واتە ئافرەت تا گەنــج و جوانە دەبێت لەژێر دەسەڵاتی پیاودا بێت و نابێت بەئازادی بژیت کە پیر بوو ئەو کاتە گرنگ نییە تەنانەت من خۆم کە دەرمهێنا باوکم لەگەلم هات ".

کۆبەندی ئافرەتانی پارتە سیاســیەکان، کە لەڕێکخراوەکانی ژنانی 7 پارتی سیاســی پێکهاتــووە، بە پاڵپشــتی ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی لەڕێکەوتــی 2006/4/2 دامەزراوە، دژی بڕیارەکــە وەســتانەوە و دەســتیان بەهەڵمەتێکــی واژوو کۆکردنــەوە کرد دژی بڕیارەکە

فەریدە یاسین ڕێکخەری کۆبەندی ئافرەتانی پارتە سیاســیەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئــەوان ماوەیەکە لەدژی بڕیارەکە دەســتیان کردوە بەهەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە لەســەر ئاســتی هەرســێ پارێزگاکەی کوردستان و بەنیازن پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی بکەن "چونکە بڕیارەکە دژی مافی ئافرەتانە".

فەریدە راشــیگەیاند تاوەکو ئێستا لەسەر هەر ســێ پارێزگاکەی کوردســتان 5 هەزار ئیمزایان لــەدژی بڕیارەکە کــۆ کردووەتەوە "ڕێژەی ئیمزاکان تا دێ زیاتر دەبێ".

بڕیارەکــەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تەنێ کێشــەی بۆ ئافرەتان دروستنەکردووە، بەڵکــو بەڕێوەبەرایەتییەکانــی دەرهێنــان پاسپۆرت لە پارێزگاکانی کوردستان، بەۆهی ئەوەی پابەنــدن بە جێبەجێکردنــی بڕیارو ڕێنماییەکانی بەغدا تاوەکو ئێستا بەهۆی ئەو بڕیــارەوە دووچاری چەندین گرفت بوونەتەوە لەگەڵ هاووڵاتییان.

موقەدەم دیدار عومەر قــادر، بەڕێوبەری پاسپۆرتی هەولێر، لەبارەی بڕیارەکەوە گوتی "زۆرجار قســەمان لەگەڵ بەغدا کردووە، بۆ گۆڕینــی بڕیارەکە، بەڵام نایگــۆڕن، ئەوەش کێشــەیەکی زۆری بۆ ئێمە دروســت کردوە، چەندینجار فۆڕمــی ئافرەتانمــان ناردوەتە بەغدا، ڕەزامەندی کەســوکاری ئافرەتەکەی تێدا نەبووە، گەڕاندوویانەتەوە".گوتیشی "بۆ دەرهێنانی پاســپۆرتی جۆری S یش هەمان ڕێنمایی هەبوو، بەڵام جێبەجێمان نەدەکرد".

لیوا نزار ڕەحمەتولــڵا عەزیز، بەڕێوبەری گشــتی بەڕێوبەرایەتی پاســپۆرتی هەولێر، لەبــارەی ئەو هەوڵانەی کە تا ئێســتا دراون لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیــارە بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند چەندین دانیشــتنیان کردوە، بــەڵام بێئەنجام بوون و گوتی "دەبێــت ڕێکخراوەکانــی ئافرەتان فشارێکی زۆر دروست بکەن لەسەر پەرلەمانی بەغــداد بۆ گۆڕینی ئەم بڕیارە کە پێچەوانەی دەستورو یەکسانی ژن و پیاوە.

یاساناســان و پارێزەرانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنــەوە بڕیارەکە پێچەوانەی ئازادی تاکە کەســەکانە، ژنە پارێــزەر ژیان عەزیز گــەردی، بڕیارەکــەی بــە "بڕیارێکــی دژە مرۆڤانە" وەسفکرد کە "پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانەیە کە جەخت لەسەر نەهێشــتنی جیاکاری نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دەکات".

هەروەها ناوبراو زانیــاری زیاتری لەبارەی بڕیارەکــە بۆ (ڕووداو) ئاشــکرا کرد و گوتی " ئەگــەر ئافرەتێــک لەمێردەکەی توڕە بێت یــان جودا بێتەوە، بەڵام تــەڵاق نەدرا بێت، ناتوانێت پاسپۆرت دەربێنێت بەبێ ڕەزامەندی مێردەکەی،تەنانەت ئەگەر نەخۆشــیش بێت. ئەمە کەی ڕەوایە؟"

ئەگەرچی زۆربەی ئافرەتان دژی بڕیارەکەن، بەڵام کەسانێکیش هەن پشگیتری لەبڕیارەکە دەکەن و پێیانوایە بڕیارەکە لایەنی ئیجابیشی هەیە. د.تاڤگە بوستانی پسپۆر لەبواری یاسا دەڵێت "دەرچوونی ئەم یاسایە دوای ڕووخانی ڕژێمی ســەدام بوو کاتێــک ئافرەتێکی زۆر بەتایبەتی کچــان بازرگانیان پێوە دەکرا یان دەفرۆشران بەوڵاتانی دیکە، بۆیە ئەمە بڕیارێکی گرنگ بوو بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە".

# دوای بەجێهێشتنی پرۆژەی ئاوی کانی سپیکە و کانی کوردە

## پارێزگای سلێمانی ئەو دوو پرۆژەیە بە نوێترین شێواز ئەنجامدەدات

**نیان مەجید- سلێمانی**

کانی سپیکەو کانی کوردە، ئەو گەڕەکە تازە دروستکراوانەی شاری سلێمانین کە کەمترین خزمەتگوزاریان تێدا کراوە، بەهۆی تەواونەبوونی پرۆژەی ئاویان، تا ئێستا خەڵکەکەی بە تەنکەر ئاویان بۆ دەچێ.

وەزارەتی شارەوانی لە ساڵی 2006 دا پرۆژەیەکی راکێشانی بۆڕی ئاوی داوەتە کۆمپانیای عوسمانی شێل، بەڵام ئەم کۆمپانیایە وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆی ئەنجامنەداوە و ئیشەکانی بە ناتەواوی کردووە. شێرکۆ ئەحمەد، ئەندازیاری پرۆژەکانی شارەوانی وتی" پرۆژەی ئاوی کانی سپیکەو کانی کوردە کۆمپانیای عوسمانی شێڵ ئەنجامیدا، بەڵام کۆمەڵێک کەموکوڕی هەبوو، مەوادەکانی لە شوێنێکی دیکەدا بەکار هێنابوو، ئینجاش پارەی پرۆژەکەی خواردوو رایکرد"، ئەو ئەندازیارە باسی لە کەموکوڕی دیکەش کرد و گوتی ئەو بۆریانەی بەکارهێنرابوون بۆری کۆن و جۆری ناسک بوون "کە ئێمە ئیشی ئاوەڕۆمان دەکرد لە کاتی ئێشدا بۆڕیەکان دەشکان".

گەڕەکەکانی کانی سپیکەو کانی کوردە لەو گەڕەکە نوێیانەن کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، لە ساڵی 2003 دروستکراون و بەشێک لە خانوەکانی بێ تاپۆن، هەربۆیە بەشێوەیەکی ئەندازیاری نەخشە بۆکێشراو دروست نەکراون و کارکردن تێیاندا قورسە.

شێرکۆ ئاماژەی بەوەدا کە لە کاتی خۆیدا بەڕێوبەرایەتی ئاوی سلێمانیان ئاگادارکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئاو بکەنە تانکیەکەی کانی کوردەوە تا شوێنی شکاوی بۆڕییەکانیان بۆ دەربکەوێت، بەڵام بەڕێوبەرایەتی ئاو بە نووسراوێک وەڵامیان داونەتەوە کە چاوەڕێی باران بارین بکەن.

فەرهاد محەممەد، بەڕێوبەری ئاوی سلێمانی دەربارەی بۆڕی ئاوی گەڕەکەکانی کانی کوردەو کانی سپیکە وتی" ئەو پرۆژەیە لە سەردەمی وەزارەتی شارەوانیدا ئەنجامدراوەو پەیوەندی بە ئێمەوە نییە"، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی" یەکێک لەو پرۆژە تازانەی بۆ شاری سلێمانی دەستی پێکراوە پرۆژەی تانکی 5 هەزار مەتر سێجای ئاوی کانی کوردەیە". گوتیشی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکان ئامادەیە هەر کاتێک پرۆژەی ئاوی دوکان- سلێمانی تەواوبوو،ئەوکاتە ئاویان بۆ دەڕوات، ئاویش 8 هەزار مەتر سێجا لە سەعاتێکدا زیاد دەکات.

ئەم پرۆژەیەی ئاو ئاوەڕۆیە بۆ گەڕەگە تازەکانی دیکەش، دروستدەکرێت، بەڵام ئەم گەڕەکانە لەبەر ئەوەی پرۆژەی کەرتی تایبەتە و کۆمپانیاکان دروستی دەکەن، لەسەر شێوازی نوێ و مۆدێرنن.

جیاوازلەگەڕەکەکانی دیکە، گوندی ئەڵمانی کە شێوازێکی نوێیە لە شاری سلێمانیدا و بە بوونی بەردەوامی ئاو کارەبا هاووڵاتیان هاندەدات رووی تێ بکەن، لەکاتێکدا شارەکە بەدەست کەم ئاوییەوە دەناڵێنێت. لە گەڕەکەکانی کانی کوردەو کانی سپیکەش بە دەبەو تەنەکە ئاو دەدرێتە هاووڵاتییان.

ئارام محەممەد سەعید، ئەندازیاری راوێژکاری بەڕێوبەری هونەری پرۆژەی گوندی ئەڵمانی وتی" بەردەوامبوونی ئاو لە گوندی ئەڵمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خەزانی ئاو و سەرچاوەی ئاوەکەشمان لە سێ بیرەوەیەوە و ئاوی بیرەکانمان بردووە بۆ فەحس، دەرکەوت بۆ خواردنەوە هیچ کێشەیەکیان نییە و کلۆریشی تێدەکەین".

بەڕێوەبەری هونەری گوندی ئەڵمانی گوتیشی" خانووەکانمان هەمووی 60 خانوون و رێژەیەکی ئەوەندە زۆر نین تا نەتوانین ئاویان بۆ دابین بکەین". ئەو پرۆژەیە لەمانگی شوباتی 2009 تەواو دەبێت و باڵەخانەکانیش کە 320 ماڵە لە ئێستاوە بەپرۆژەی سەرەکی ئاوی دووەمی دوکان سلێمانیەوەدەبەسترێنەوە، کە ئەوانیش لە مانگی نیساندا تەواو دەبن، ئەوکاتە بە پرۆژەی ئاوی سەرەکی دوکان ئاو بۆ ماڵەکان دەچێت و لەگەڵ ئەوەشدا لە تانکی سەرەکی سلێمانییەوە بۆڕیەکی 6 ئینجی رادەکێشرێت و دەخرێتە سەر تانکییەکی 500 مەتر سێجا، ئەمە بەشی هەموو ماڵەکانی ناو شوقەکان دەکات، لە ژێر زەمینی هەموو باڵەخانەیەکیشدا دوو تانکی 40 مەتر سێجا هەیە، بەم شێوەیە بەبێ کێشە ئاو بە ترۆمپا بۆ سەر بەرزترین نهۆمی باڵەخانە کە دەڕوات.

ئارام محەممەد هەروەها وتیشی" زۆر جار لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەوترێت کە شتی تایبەت بۆ گوندی ئەڵمانی کراوە، بەڵام هەمووی هەر ئەوەیە کە ئێمە بە شێوە دیزاینێکی نوێ بۆڕی ئاوەکان رادەکێشین و تا ئێستا یەک شتمان لە حکومەت وەرنەگرتوە".

شێرکۆ ئەحمەد، ئەندازیاری پرۆژەکانی شارەوانی دەربارەی پرۆژەی کونرکێتکردن و ئاوەڕۆکانی خۆیان ئاماژەی بە کەموکورتی ئیشەکانیان کردو گوتی"ئەوکاتەی ئاوەڕۆمان کرد بارانێکی زۆر باری ئەمەش بۆ تاقیکردنەوەی بۆڕیەکان زۆر باش بوو بۆ ئێمە، چونکە ئەو کەموکوڕیانەی لە ناو ماڵانەکاندا هەبوو و ببووە هۆی تێکەڵبوونی ئاوی بۆڕی و زێرابەکان هەڵمان کەند و چاکمان کردەوە".

لە پرۆژەی دروستکردنی شەقامی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ هەواری شاریش بە 30 مەتری لە هەواری شار و راکێشانی بۆری ئاو بە نوێترین شێواز و بوونی گەرەنتی 100 ساڵ مانەوەی بە سەلامەتی، راکێشانی بۆری ئاو بۆ هەواری شار و ماڵەکانی دەوروبەری، جۆری بۆڕیەکەش پۆلی ئەسیلینە کە باشترین جۆرە. هانا

وشیار مەحمود سەرپەرشتیاری گشتی بەشی پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی لەوبارەوە دەڵێ" ئێمە باشترین جۆری بۆریمان هەڵبژاردووە تاوەکو بەرگەی زۆرترین ماوە بگرێت، کە لەجۆری پۆلی ئەسیلینە گەرەنتی مانەوەی 100 ساڵی هەیە".

پارێزگای سلێمانی بۆ راکێشانی ئاوی خواردنەوە و دەرکردنی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی کانی کوردە و کانی سپیکە چەند پرۆژەیەک جێبەجێدەکات و بڕی 3،545،243،370 دیناری بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی تەرخانکردووە و لە 2006/7/23 دەستپێکراوە و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەرپەرشتی کردووە، بەڵام وەک ئەندازیاری پرۆژەکە وتی: کۆمپانیاکە بەجێی هێشتووە و تائێستا بەتەواونەکراوی ماوەتەوە.



پرۆژەی ئاوی کانی کوردە و کانی سپیکە بە بۆڕی جۆری ئەسیلین جێبەجێدەکرێ

## نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەخۆشیە کتوپڕەکانی سلێمانی

# لە چوار مانگدا 19 نەخۆشی تێیدا چارەسەر کراوە




**هەڵۆ ئەبوبەکر-سلێمانی**

بەهۆی زیادبوونی نەخۆشییە کتوپڕەکان و پێویستی شاری سلێمانی بە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەو نەخۆشیانە، نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییە کتوپڕەکان لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی بە بڕی 724.996.000 دینار لە سلێمانی دروستکرا.

ئەم نەخۆشخانەیە کە لە رۆژی 2008/5/10 دا یەکەم نەخۆشی تێچووە، تاوەکو 2008/9/15 نزیکەی بیست هەزار نەخۆشی تێدا چارەسەر کراوە.

لە رۆژی 2007/10/14 دەستکرا بە دروستکردنی بینایەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەخۆشییە کتوپڕەکان و لە 2008/4/15 تەواو بوو، لە دوو نهۆم و چوار قاوش پێکهاتووە کە شوێنی 76 نەخۆشی تێیدایە و رۆژانە 95 کارمەند کاری تێدا دەکەن و لەلایەن 32 دکتۆری شارەزا و پسپۆڕ لە نەخۆشییە کتوپڕەکاندا سەرپەرشتی دەکرێت.

خدر ساڵح، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە، لەگەڵ باسکردن لە گرنگی ئەو نەخۆشخانەیە بۆ شاری سلێمانی و ئەو رۆڵە گرنگەی لە ماوەی چوار مانگی رابردودا گێڕاویەتی لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە کتوپڕەکاندا، وتی"بینای نەخۆشخانەکە بچووکە و زۆر پێویستمان بە ژووری زیاترە بۆ ئێشکگر و دەرمانخانە و کارمەندانی بەشی فایل".

بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە ئاماژەشی بەوەشدا کە"ئۆکسجینی مەرکەزی بۆ نەخۆشخانەکە پێویستە و بۆی نەکراوە، ئەوەش دەبێتە هۆی شکاندنی کاشییەکان و برینداربوونی دەرگا و دیوار و ترسی کەوتنی نەخۆشی لێدەکرێت".

ئەو نەخۆشخانەیە کە تایبەتە بە نەخۆشییەکانی سکچوون، گرانەتا، رەبوو و شەکرە و جگە لەوەش سەرجەم نەخۆشییە کتوپڕەکان روودەکەنە ئەم نەخۆشخانەیە، بەدەر لەو کەسانەی تووشی رووداو دەبن.

نەخۆشخانەی فریاکەتنی نەخۆشییە کتوپڕەکان رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەی لە هاوینی وشکەساڵی ئەمساڵدا رووی لە شاری سلێمانی کرد و لە ماوەی چوار مانگی دەست بەکاربوونی ئەو نەخۆشخانەیەدا 19.400 نەخۆشی تێدا چارەسەر کراوە و لەو ژمارەیەش 6.952 نەخۆشی سکچوون و رشانەوە بوون.

# کەڵەشاخ پزیشکەکان تووڕەدەکات و تەندروستی سلێمانیش دەیەوێ قەدەخەی بکات



**هەژان خالید**
hazhanxalid@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

لەناوەڕاستی ژوورێکی بچووکدا لەسەر قەرەوێڵەیەک، محەممەد خاکی،سەرقاڵی ئەنجامدانی کەڵەشاخ بوو بۆ ئەو پیاوەی بۆ نەمانی ئازاری قاچی سەردانی کردبوو. محەممەد کەمۆڵەیەکی لەقولەپێی نەخۆشەکە توند کردبوو، لەدوای چەند دەقیقەیەک کەمۆڵەکە پڕ بوو لەخوێنێکی رەنگ تۆخ، ئەو چەند جارێک کردارەکەی دووبارە کردەوە، لەماوەیەکی کەمدا کارەکە کۆتایی هات، نەخۆشەکە هەستایەوە سەرپێ و گوتی"ئازارەکەم نەما".

محەممەد خاکی، تەمەن 38 ساڵ، ماوەی 22 ساڵە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو کارەیە، ئەو سەرەتا لەئێران شارەزایی لەئیشەکەدا پەیدا کردووە، دواتر لەسەنتەری شیفا لە ئێران، کە سەنتەرێکی ئەکادیمییە، رێگەی کارکردنی پێدراوە.

محەممەد و هاوسەرەکەی ماوەی پێنج ساڵە لە سەنتەری ( گوڵستان ) بۆ کەڵەشاخ گرتن، لەشاری سلێمانی کاردەکەن. خاکی لەبارەی ئیشەکەیەوە دەڵێ "دەیان کەس بەهۆی کەڵەشاخەوە لەنەخۆشییەکانیان رزگار بوون، کەڵەشاخم بۆ پزیشک و کەسانی بەرپرسیش کردووە".

بەبڕوای ئەو مامەڵەکردن لەگەڵ خوێن کارێکی ئاسان نییە و دەبێت لەسەر بنەمای تەندروستی بکرێت و پێویستیشە پێش ئەنجامدانی کەڵەشاخەکە رێنمایی بدرێتە نەخۆشەکان و کاتی دیاریکراویش هەیە بۆ ئەنجامدانی"نامیلکەی تایبەت دەدەینە نەخۆشەکان بۆ بەرچاو روونییان و کەرەستەکانیشمان پاکن و تەنیا یەکجار بەکاریاندەهێنین".

کەڵەشاخ واتە دەرهێنانی خوێن لە بەشێکی رووی لەش ئەویش بەهیوای چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی وەک : پێست، چاو، ئازارەکانی لەش، گورچیلە، گەدە و نەخۆشییە دەرونییەکان.

سەرکەوتوویی ئەنجامەکانی کەڵەشاخ جێگەی گفتوگۆی نێوان پزیشکەکان و کەڵەشاخ گرەکانە.

مێژووی کەڵەشاخ (خوێنگرتن)دەگەڕێتەوە بۆ 3300 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، کە لەوڵاتی یۆنان سەریهەڵداوە، لەکاتێکدا جەنگاوەرە یۆنانییەکان لەشەڕەکاندا بریندار دەبوون دوای چاکبوونەوەیان هەستیان بەوە کردووە لەشیان سوک بووە و ئەو نەخۆشییانەی پێش بریندارببوونیان هەیان

## کەڵەشاخ گرتن سوننەتێکی ئیسلام نییە

**مەلا ماجید شێخ حەفید**

بوونە نەماون، لەو کاتەوە بیرۆکەی ئەوەیان لا دروستبووە کە خوێن لەبەر رۆیشتن دەبێتە هۆی چارەسەری نەخۆشییەکان و وردە وردە کەوتوونەتە بریندارکردنی خۆیان بەمەبەستی نەهێشتنی ئازارەکانیان.

لەدوای یۆنانییەکان ئەم شێوە چارەسەرکردنە گەیشتووەتە ئێران، میسرو چین. بەهۆی بەکارهێنانیشی لەلایەن محەممەد پێغەمبەری ئیسلامەوە لەوڵاتە عەرەبییەکاندا زیاتر گرنگی پێدراوە.

پیاوانی ئاینی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،کە پێغەمبەری ئیسلام و هاوەڵەکانی چەندجارێک کەڵەشاخیان بۆ ئەنجامدراوەو بانگەشەشیان بۆ کردووە، بەڵام بەسوننەت دانانرێ بۆ هەمووموسڵمانان.

مەلا ماجد شێخ حەفید، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە مەسەلەکە پەیوەندی بەسوننەتەوە نییەو لەئاینیشدا زۆر باسی لێوەنەکراوە "رەنگە بۆ ئەو زەمانە رێگەیەکی باش بووبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، بەڵام ئێستا زانست بەرەو پێشەوە چووەو رێگەی زانستی دیکە هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان".

لەکوردستاندا ئەو شێوازی کارکردنە بە کەڵەشاخ و گۆزەگڵێنە ناوبانگی دەرکردووە کە لەسەرەتادا شاخی ئاژەڵ و گۆزەی گڵ بەکارهێنراوە بۆ دەرهێنان و مژینی خوێن لەلەشی مرۆڤەوە، کە بەرامبەر بە وشەکانی (حەجامە)ی عەرەبی و فارسی و (Cupping)ی ئینگلیزی دەوەستێتەوە.

کەریم مەحمود، 57ساڵ، بەهاری ئەم ساڵ لەیەکێک لەسەنتەرکانی تایبەت بەدەرهێنانی خوێن، بەهیوای نەمانی ئازاری شان و ملی کەڵەشاخی بۆ کراوە، گوتی"ئێستا هەستدەکەم ئازاری شان و ملم نەماوە ئەویش لەدوای ئەوەی سێ جار کەڵەشاخم بۆکرا". ئەو بڕوای تەواوی بەکارەکە هەیە"چونکە خۆم پێی چاکبوومەتەوە".

هەرچەندە کەسانێکی زۆر بڕوایان بەچارەسەرکردن لەرێگەی کەڵەشاخەوە هەیە، بەڵام تائێستا وەزارەتی تەندروستی ئامادە نییە مۆڵەتی رەسمی بەو سەنتەرو شوێنانە بدات کە کارەکە دەکەن.



دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، بۆ (رووداو) گوتی "هیچ سەنتەرێک نییە لەلایەن ئێمەوە رێگەپێدراوبێت لەسلێمانیدا کاری کەڵەشاخ بکات،مۆڵەتیشیان پێنادەین،ئەگەرهەشبێت دایدەخەین". هەروەها گوتیشی"ئەو کارە لەرووی زانستی پزیشکییەوە هیچ بنەمایەکی

### کەڵەشاخم بۆ پزیشک و بەرپرسانیش کردووە

**خاوەنی سەنتەری گوڵستان**

نییەو رەنگە تەنها لە رووی دەرونییەوە کاریگەری هەبێت لەسەر نەخۆشەکان".

بەپێی ئاماری سەنتەری گوڵستان لە7مانگی رابردوودا زیاتر لە 700 کەس سەردانی سەنتەرەکەیان کردووە، ئەو ژمارەیەش بەبەراورد بەساڵی رابردوو زۆر زیادیکردووە.

کەڵەشاخ گرتن نەک تەنها لە سەنتەرەکان دەکرێت،بەڵکو چەندین ماڵ هەن لە سلێمانی و دەوروبەری بێ مۆڵەت ئەم کارە دەکەن.

کەیوان فەتاح، 35 ساڵ، کارمەندی کۆمپیوتەرە لەفەرمانگەیەکی حکومیدا،رۆژانە لەدوای تەواوبوونی دەوامی فەرمانگەکەی لەگەڵ خێزانەکەی لەماڵەکەی خۆیاندا لەسلێمانی کەڵەشاخ بۆ خەڵک دەکەن، ئەو ماوەی پێنج ساڵە لەرێگەی ئینتەرنێت و خوێندنەوەی کتێبەوە خۆی فێری پیشەکە کردووە.

کەیوان باسی لەوەکرد ژمارەیەکی زۆر خەڵک روو لەماڵەکەی دەکەن بۆ کەڵەشاخ گرتن "لە سێ مانگی رابردوودا کەڵەشاخمان بۆ 960 کەس ئەنجامداوە"، یەک کەڵەشاخ گرتنیش بە 5-10 هەزار دینار ئەنجامدەدەن.

زانا عەبدولڕەحمان، 30 ساڵ، یەکێکە لەو کەسانەی لەسەر دەستی کەیوان فەتاح کەڵەشاخی بۆ کراوە و بەبڕوای خۆی سوودی زۆری لێ بینیوە. زانا دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە ئازارەکانی سەری لای پزیشک چاکببێتەوە پەنا دەباتە بەر چارەسەرکردن لە رێگەی کەڵەشاخەوە "کەڵەشاخیان بۆ کردم و دوای ئەوە هیچ ئازارێک لەسەرمدا نەما، لەخوا بەزیاد بێت ئێستا زۆر باشم".

مشتومڕی توند لەنێوان پزیشک و کەڵەشاخ گرەکاندا بەردەوامە، پزیشکەکان هەمیشە بەڵگە دەهێننەوە کە لەرووی زانستییەوە کارێکی رێگە پێنەدراوە.

دکتۆر کارزان عەلی، پزیشکی گشتی، لەوبارەوە بۆ (رووداو) دواو گوتی لەرووی زانستییەوە هیچ زانیارییەکی وا نییە کە سودی کەڵەشاخ بسەلمێنێت.

گوتیشی"دەرهێنانی خوێن بەهەرشێوەیەک بێت بۆ قورسی سەرو روونکردنەوەی خوێن بەسوودە، ئەمەش وادەکات کەسەکە ئازاری سەرو شان و ملی نەمێنێ، بەڵام بەپێی زانست چارەسەرکردن بەهۆی کەڵە شاخەوە رێگەپێنەدراوە".

ئەنجامی چارەسەرەکان بە کەڵەشاخ باش بن یان خراپ، گرنگ ئەوەیە بەڕێگەیەکی پاکژ وخاوێن ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تووشبوونی کەسەکان بە نەخۆشییەکانی پێست و جۆرەها نەخۆشی درمی دیکە کە لەڕێگەی ڤایرۆسەوە دەگوێزرێنەوە.

### کەڵەشاخ چییە؟

**کەڵەشاخ (خوێنگرتن) واتە دەرهێنانی خوێن لەبەشێکی رووی لەش، بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی وەک: (پێست، چاو، ئازارەکانی لەش، گورچیلە، گەدە و نەخۆشیە دەرونییەکان)، کەڵەشاخ 3300 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح لەوڵاتی یۆنان سەریهەڵداوە، دواتریش لەوڵاتی میسرو چین و ئێران بەکارهاتووە، هەروەها پێغەمبەری ئیسلامیش کەڵەشاخی کردووە. بەڵام تاوەکو لەرووی پزیشکییەوە رێگە پێنەدراوە.**



# گەنجان

دەنگێ گەنجان ناهێتە ڕاوەستاندن

ڕووداو- زاخۆ

◆ پشتی 15 ڕۆژا ل ڕاوەستاندنا پەخشێ رادیۆیا دەنگێ گەنجان، ژبەر جیگرتنا رادیۆیا دەلال ل سەر شەپۆلێن وێ، د. هاشم رەمەزان (ئەبو عەنتەر) د داخویانیەکێدا بۆ(ڕووداو) گۆت دەنگێ گەنجان ناهێتە ڕاوەستاندن و گۆت "رادیۆیا زاخۆ ل بەر هندەک ئاریشێن تەکنیکی چۆیە سەر شەپۆلا رادیۆیا گەنجان" و، گۆت "هەگەر ئەز رادیۆیا زاخۆ راوەستینم یا گەنجان نا راوەستینم".

# کچان لەبەر کوڕان خۆیان لاواز دەکەن

**ئازیز مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

کچان لە هەوڵی لاوازکردنی لەشولاریاندان و دەڵێن کوڕانی ئێستا زیاتر کچانی بەژن باریک و ڕێکیان دەوێ و بەشێکیش لە کچان بەهۆی ئەوەی قەڵەون و هەموو جۆرە جلێکیان بۆ نابێت لە هەوڵی خۆ لاواز کردندان، هەندێ لە کچانیش لە کچانیش خۆ لاوازکردن بەمۆدیل دەزانن.

بەشی ڕەشاقەی سەنتەرەکانی لەشجوانی لەسلێمانی جمەیان دێت لەو کچانەی بەمەبەستی پەیداکردنی بەژنێکی ڕێکوپێک ڕوو لەو سەنتەرانە دەکەن و، بەرپرسی سەنتەری لەشجوانی زاراش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژانە بەردەوام 3-5 کەس ڕوو بۆ خۆ لاواز کردن لەسەنتەرەکەیان دەکەن.

نارین عەزیز، 21 ساڵ، کە پیشەی مامۆستایە ماوەی دوو مانگە بەمەبەستی دابەزاندنی کێشی لەشی سەردانی ئەو سەنتەرە دەکات و لەو ماوەیەدا 15 کیلۆی لەلەشی کەمکردووە، نارین دڵخۆشە بە دابەزینی ئەو هەموو کیلۆیە لەلەشی و دەڵێ"لەگەڵ ئەوەی خۆ لاوازکردن بۆ تەندروستی باشە، بەڵام کچان لەبەر کوڕان زیاتر حەز بە لاوازبوون".

نارین ئێستا زۆر ئاسانتر لە پێشوو دەتوانێ جلوبەرگی بە دڵی خۆی لە بازاڕ پەیدا بکات "پێشتر بەهۆی قەڵەوی ئەوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو"، نارین هەستی بەوەشکردووە، کە بۆ زیادنەکردنەوەی کێشەکەی دەبێ ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت.

قەڵەوی لەجیهاندا بووەتە کێشەیەکی گەورە و ساڵانە ملیارەها دۆلار لە کەمکردنەوەیدا خەرجدەکرێ، بەپێی سەرچاوە ئەمریکییەکان لە ساڵی 2006دا بڕی 4 ملیار دۆلار لەلایەن خەڵکی ئەمریکا بۆ خۆ لاوازکردن خەرجکراوە، ئوردنیش کە بە وڵاتێکی دانیشتووان قەڵەو دادەنرێ، لەبەردەم ئەگەری زیاتربوونی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە قەڵەوەیە لە مەترسییەکی زۆردا دەژیت.

فێنک محەممەد، کەکچی ماڵە و تەمەنی 26 ساڵە، هەشت مانگە سەردانی سەنتەری لەشجوانی دەکات بەمەبەستی دابەزاندنی کێشی لەشی و توانیویەتی 13 کیلۆ لەلەشی دابەزێنێت. ئەو دەڵێ "ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە بەرەو پێش چووە، خەڵک ئێستا بەتایبەت کچان زۆر گرنگی بە لەشیان دەدەن".

بەپێی قسەی مامۆستایانی ڕاهێنەر ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری کچان ڕوویان تێدەکەن، کە لە چین و توێژی جیاوازن و لەتەمەن 8 ساڵییەوە تاوەکو تەمەنی 70 ساڵیان تێدایە، بەڵام زۆرترینیان گەنجن.

بەشی ڕەشاقە لەسەنتەری زارا لەسلێمانی، هەفتانە بەپێی خشتەیەک کچان و کوڕان ڕووی تێدەکەن و لەلایەن مامۆستای پسپۆڕو شارەزای کۆلێژی وەرزشی زانکۆی سلێمانی مەشقی کێش کەمکردنەوەیان پێدەکرێت.

دیار محەممەد سدیق، کە بەڕێوەبەری بەشی ڕەشاقەیە لەسەنتەری زارا و لەهەمانکاتیشدا مامۆستای کۆلیژی وەرزشی زانکۆی سلێمانییە، ئاماژەی بەوەدا کە کچان بەچەندین مەبەست ڕوو لەو سەنتەرە دەکەن، هەیە لیاقەی تەندروستی دەکات بۆ لەشجوانی و خۆ پاراستنی لە نەخۆشی، هەشیانە بۆ کێش دابەزاندن و لەشجوانی دێنە ئەو سەنتەرە.

بەپێی قسەی ئەو مامۆستایە ئەو کەسانەی دەچنە ئەو بەشە هەفتانە چوار ڕۆژ ڕاهێنانیان پێدەکرێت، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا بەرنامەی خواردنیشیان بۆ دادەنرێت.

ئەو کەسانەی خۆیان لاواز دەکەن مانگانە بڕی 75 هەزار دەدەن بەبێ ڕاهێنەر، بڕی 100 هەزاریش دەدەنە ڕاهێنەر. هەر چەندیش ز یا تر بمێننەوە مانگانە پارەی کەمتریان لێوەردەگیرێت.

بەپێی ڕای پزیشکان، ئەو جۆرە خواردنە چەورانەی لە باشووری کوردستان دەخورێن و کەم سەوزەیی لەسەر سفرەی خواردن و کەم خواردنی میوە، وایکردووە خواردنی خەڵک لە باشووری کوردستان زۆر تەندروست نەبێ و ببێتە هۆی قەڵەوبوونی خەڵک.

شارا بەهادین نوری خوێندکاری ماستەر لەکۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی و مامۆستای ڕاهێنەر لەو سەنتەرە گوتی "خۆ لاوازکردنی کچان داوایەکی زۆری لەسەرە بەتایبەت لە هاویندا".

ئەو ڕاهێنەرە دەڵێ ئەم هاوینە ڕۆژانە 150 تا 200 کەس بۆ خۆلاوازکردن سەردانی سەنتەرەکەیان دەکرد " بەڵام ئێستا بەهۆی کردنەوەی دەوام و مانگی ڕەمەزانەوە ئەو ژمارەیە کەمتر بووەتەوە".

جگە لەو کچانەی پەنا بۆ سەنتەرەکان دەبەن، بەشێکیشیان بۆ خۆ لاوازکردن پەنا بۆ دکتۆری تایبەت دەبەن.

تارا ڕەشید، تەمەن 21 ساڵ، ماوەی دوو هەفتەیە بەمەبەستی خۆ لاوازکردن سەردانی دکتۆری تایبەتی دەکات"کێشم زۆر بوو هیچ جلێکم بۆ نەدەبوو، زۆر لە بازاڕ دەگەڕام تا شتێکم دەست دەکەوت".

ئەو کچە پێیوایە، کچان بۆ ئەوەی شانسێکی باشتریان بۆ شووکردنێکی باش هەبێ، پێویستە بەژن ڕێک بن و قەڵەو نەبن "لاوازی و بەژن ڕێکی ئێستا بووەتە مۆدێل و کوڕانیش حەز لەو کچانە دەکەن".

دکتۆرەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕۆژانە زۆر ژن بەمەبەستی خۆ لاوازکردن سەردانیان دەکەن.

دکتۆر عەبدولسەتار جەبار، پسپۆڕ لە چارەسەرکردنی قەڵەوی و نەخۆشییە خۆراکی و پێستییەکان دەڵێ ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بۆ ئەو مەبەستە سەردانی دەکەن "بەڵام جگە لە ژنان، کوڕانیش دێنە لامان بۆ خۆ لاوازکردن، بەڵام ڕێژەی کچان زۆرترە".

بەپێی قسەی ئەو دکتۆرە چەند چارەسەرێک بۆ ئەو کەسە دادەنرێت کە دەیەوێت خۆی لاواز بکات، لەوانەش وەرزشی یۆگا، خواردنی تایبەت و بەکارهێنانی دەرمانی ڕووەکی.

ئەو دکتۆرە باسی لەدەرەنجامە مەترسیدارەکانی قەڵەوی کرد و گوتی "قەڵەوی هۆکاری دروستبوونی زۆر نەخۆشییە وەک نەزۆرکی، نارێکوپێکی لەسووڕی مانگانەدا، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لەچەوری لەدەوری هێلکەکان کۆ دەبێتەوە کە ئەوەش زیانێکی گەورە بەتەندروستی ژنەکە دەگەیێنێت".

هەندێک کەس بەبێ ئامۆژگاری دکتۆر دەرمانی تایبەت بە خۆ لاوازکردن بەکاردەهێنن وەک دەرمانی biocut، redicut، boterum کە لەدەرمانخانەکاندا دەفرۆشرێت.

دکتۆر عەبدولستار، ژنان لەوە ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ"ئەوە یاری کردنە بە ئاگر، چونکە دوایین لێکۆڵینەوە دەریخستووە کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەرمانانە خێرایی لێدانی دڵ زیاد دەکات و لەدواییدا دەبێتە هۆی مردن".

بەشێک لەو ژنانەی ڕوو لەسەنتەرەکانی لەشجوانی یان دکتۆری تایبەت بەخۆ لاوازکردن دەکەن، هۆکارەکەی بۆ قەڵەوی لەرادە بەدەریان دەگەڕێننەوە، بەجۆرێک هەموو جۆرە جلێکیان بۆ نابێت.

لەمیعە کەریم، تەمەن 33 ساڵ، لە نۆرینگەی یەکێک لەپزیشکەکانی تایبەت بەخۆ لاوازکردن چاوەڕێی چوونە ژوورەوەی دەکرد، بۆ (ڕووداو) دواو گوتی"ئەوە دووجارە دێمە لای ئەو دکتۆرە، لەو ماوەیەشدا پێنج کیلۆ و نیوم دابەزیوە".

ئەو بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆی دانراوە ڕۆژانە خواردن دەخوات و وەرزش دەکات "دکتۆرەکەم بۆی دیاری کردووم چی بخۆم و چی نەخۆم، ڕۆژانەش 3 تا 4کاتژمێر وەرزش دەکەم".

لەمیعە نیگەران بوو لەوەی کە لەکاتی جل کڕیندا دەبێت زۆر بگەڕێت تا جلێکی دەست دەکەوێت، جگە لەوەش گوتی" قەڵەوی ئێستا مۆدیلی نەماوە".







پزیشکێک: قەڵەوی دەبێتە هۆی نەزۆکی و نارێکی لەسووڕی مانگانەدا



بەکارهێنانی دەرمانی biocut، redicut، boterum بۆ خۆ لاواز کردن ترسناکە و دەبێتە هۆی زیادبوونی لێدانی دڵ



کچێک: کوڕان، کچی باڵا ڕێکیان دەوێت بۆیە خۆم لاواز دەکەم

# گەنجە فۆتۆکۆپییەکان

**بیلال سەعید**
**ڕووداو-گەرمیان**

ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی دەڤەری گەرمیان بەنیازە لیستێک بڵاو بکاتەوە کە ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تێدایە، کە بۆ زیاتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەیەک کار دەکەن و ڕاپۆرت و هەواڵەکانیان لە یەک کاتدا لە چەند شوێنێک بەناوی خۆیان یان بەناوێکی وەهمی بڵاودەکەنەوە.

ئەو کارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەیکەن خەریکە ببێتە دیاردەو نیگەرانیشی لای هەندێک لەڕۆژنامەنووسانی دەڤەرەکە دروستکردووە و، زۆرجاریش بە "ڕۆژنامەنووسی فۆتۆکۆپی" ناویان دەبەن و پێیانوایە ئەوانە هیچ ئەخلاقێکی ڕۆژنامەنووسی ڕەچاو ناکەن.

دەشتی پاڵانی، خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنە و پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنەیە لەدەڤەری گەرمیان، دەڵێت "ئەوانە بە ڕۆژنامەنووسی فۆتۆکۆپی ناسراون، چونکە ئەو هەواڵەی وەریدەگرن، بەهەمان ناو و ناوەڕۆکەوە لەچەند جێگایەک بڵاوی دەکەنەوە، لەکاتێکدا لێدوانیان لەیەک کەس وەرگرتووە بۆ ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو". دەشتی ڕەخنە لەوانە دەگرێ و دەڵێ"ئەو کارە لەئیتیکی ڕۆژنامەوانیدا جێگەی نابێتەوە".

گەرمیان جگە لە چەند ڕۆژنامەیەکی نێوچەیی، پەیامنێری ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیشی هەیە و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەبەر زۆری ژمارەی ڕۆژنامەنووسان لەو دەڤەرە نووسینگەی گەرمیانی هەیە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لەمەڕ دیاردەی یەک هەواڵ ناردن بۆ چەند ڕۆژنامە لە یەک کاتدا گوتی "ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە، سەربەخۆ ئیش بکات و پابەند نەبێت بە کەناڵێکی ڕاگەیاندن، کارەکە ئاساییە، بەڵام ڕاپۆرتێک یان هەواڵێک لەچەند جێگایەک بڵاوبکاتەوە ئەوە دوورە لەئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی".

ڕای جیاواز هەیە لەنێو ڕۆژنامەنووسانی دەڤەرەکە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە چ مەبەستێک ئەو کارە دەکەن، مەبەستیان گەورە کردنەوەی خەمەکانی گەرمیان و گەیاندنیەتی بەلایەنە پەیوەندیدارەکان یاخود تەنیا بۆ پارە کۆکردنەوەیەکی زیاترە.

زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسە گەنجانەی بە پارچە کار بۆ ڕۆژنامەیەک دەکەن، زۆرجار بەهۆی کەم بڵاوبوونەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیان پارەیەکی کەمی مانگانەیان لەلای ڕۆژنامەکانیان کۆدەبێتەوە، بۆیەش زۆرجار بێ بەڵێنی دەکەن لە کار نەکردن بۆ ڕۆژنامەی دیکە، بەڵام ئەوەی جێی ڕەخنەیە هەندێک لەوانەی مووچەی بڕاوەشیان هەیە ئەو کارە دەکەن. ئەوەی زیاتر جێی ڕەخنەشە بڵاوکردنەوەی یەک هەواڵە لە چەند شوێنێک لە یەک کاتدا.

بە ڕای کەمال محەممەد پەیامنێری ڕۆژنامەی کۆمەڵ لەدەڤەری گەرمیان، ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە مەبەستیان لەو کارە تەنیا پارە کۆکردنەوەیە، "بەڵام هەیە مەبەستی خزمەتکردنی ناوچەکەیەتی".

دلێر عەبدولڕەحمان، کە لەیەک کاتدا کار بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت و سایتی کوردستاننیوز دەکات، ئەو بۆچوونە بەدروست نازانێت کە مەبەستەکە تەنیا پارە کۆکردنەوە بێ، ئەو خۆی بە نموونە دێنێتەوەو دەڵێت " من لەسایتی کوردستاننیوز ئیش دەکەم باوەڕتان هەبێت، پارەیان لە من خواردوە، من پارەم لەوان وەرنەگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیامنێری کوردستان ڕاپۆرتم"، بەڵام ئەوەش دەڵێت کە ڕۆژنامەنووس هەیە لەدەڤەرەکە لە یەک کاتدا بۆ چەند دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی کاردەکات.

وێڕای کەمتەرخەمی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەو کارە دەکەن، ڕۆژنامەنووسان، سەرنووسەر و بەڕێوەبەری سایتەکان بەکەمتەرخەم دەزانن و پێیانوایە چاودێریان لەسەر پەیامنێرەکانیان نییە، هەروەها سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بەکەمتەرخەم دەزانن، کە ئەرکی خۆی بەجێنەگەیاندووەو نەیتوانیوە پێشگیری لەدیاردەکە بکات.

دلێرعەبدولڕەحمان، پێیوایە سەندیکا وا باشە سەیری کارو پێشینەی ڕۆژنامەنووسەکە بکات، ئەگەر لەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە بوو ڕێگری لێبکات، گوتیشی "ڕۆژنامەنووسمان هەیە، لێدوانی بەرپرسێک لەسایتێک یان ڕۆژنامەیەک وەردەگرێ و لەشوێنی دیکە بەناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، بەرپرسانیش زۆر سەرقاڵن و کاتی ئەوەیان نییە هەموو سایت و ڕۆژنامەیەک بخوێننەوە تاوەکو بزانن لێدوانیان بۆ کێ داوە".

بەڵام سەباح عەلی جاف، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاسۆ بۆچوونی وایە "ڕۆژنامەوانی ئەخلاقە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی نەبوو، بە سەندیکا چاک نابێت".

لقی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لای خۆیەوە بڕیاریداوە گفتوگۆ لەسەر ئەو دیاردەیە بکات و ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانە کۆبکاتەوە کە ئەو کارە دەکەن. مەلا تەحسین گەرمیانی، بەرپرسی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دیاردەکەی بە ناشیرین ناوبردو گوتی "ئەوە ئیشی سەرنووسەری ڕۆژنامەکانە کە بەدواداچوون بۆ دیاردەکە بکەن و ئاگادار بن چ شتێک بڵاو دەکەنەوە".

بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانە، چەندین جار لەنێو ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان باسکراوە، (ڕووداو)یش ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەلایە، لەهەمانکاتدا ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی گەرمیانیش ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دەستکەوتووەو بەنیازە بڵاویان بکاتەوە.

عەدنان قوربانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی سنووری گەرمیان گوتی"ناوەند مەلەفێکی کردووەتەوە بەنێوی مەلەفی ڕۆژنامەنووسە گەندەڵەکانی گەرمیان، لەیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەنیاز بووین ناوەکان بڵاوبکەینەوە، بەڵام لەسەر داوای چەند ڕۆژنامەنووسێک بڵاومان نەکردنەوە"،بەڵام ئەوان هێشتا بڕیاریان نەداوە هەر بە یەکجاری واز لە بڵاوکردنەوەی ناوەکانیان بێنن"لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان گفتوگۆ دەکەین، ئەگەر پێویست بکات ناوەکان بڵاو دەکەینەوە".

سەبارەت بەناوەڕۆکی مەلەفەکەش قوربانی گوتی "ڕۆژنامەنووس هەیە بەناوی پیشەی ڕۆژنامەنووسییەوە کاری تایبەتی بۆ خۆی لە فەرمانگەکان ڕاپەڕاندووە، یان ڕۆژنامەنووس هەیە یەک بابەتی بە چەند ناوێک لە چەند شوێنێک بڵاوکردووەتەوە، پێموایە ئەوە بووەتە بازرگانیکردن، ئەو دیاردەیەش بەتایبەت لەگەرمیان هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر سومعەی دەڤەرەکە دەبێت".



# كه‌سوكاری قوتابیانی قوتابخانه‌ی شوه‌یفات مامۆستای كوردیان به‌دڵ نییه

**فه‌یسه‌ڵ شێخانی**
**رووداو-هه‌ولێر**

به‌رپرسی كۆمپانیای فرۆبڵ، كه سه‌رپه‌رشتی لایه‌نی ئیداری قوتابخانه‌ی شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی ده‌كات رایگه‌یاند داوای مۆڵه‌تیان له‌حكومه‌ت كردووه تاوه‌كو زانكۆیه‌ك له‌سه‌ر سیسته‌می سابیس بكه‌نه‌وه "بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و قوتابیانه‌ی له‌قوتابخانه‌ی شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی ده‌رده‌چن راسته‌وخۆ له‌و زانكۆیه بخوێنن".

كۆمه‌ڵگه‌ی شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی، بریتییه له ده‌زگه‌یه‌كی په‌روه‌رده‌یی جیها نی بۆ

یه‌كه‌مجار له‌ساڵی 1886 له لوبنان دامه‌زراوه‌و ئێستا له 14 وڵاتدا 54 قوتابخانه‌ی هه‌یه، كه به‌پێی سیسته‌می سابیسی نێوده‌وڵه‌تی به‌رێوه‌ده‌چن. شوه‌یفات ناوی یه‌كه‌مین قوتابخانه‌ی لوبنانه، كه له‌گه‌ڕه‌كی شوه‌یفاتی شاری به‌یروت دروستكراوه.

سه‌باح ئارام، به‌رپرسی كۆمپانیای فرۆبڵ، كه كۆمپانیایه‌كی په‌روه‌رده‌یی كوردستانه و لایه‌نێكی سه‌ره‌كییه له‌پرۆژه‌ی دامه‌زراندنی قوتابخانه‌ی شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی له هه‌ولێر، بیرۆكه‌ی دامه‌زراندنی قوتابخانه‌كه‌ی گه‌ڕانده‌وه بۆ سه‌رۆكی حكومه‌تی كوردستان و گوتی "بیرۆكه‌ی دامه‌زراندنی قوتابخانه‌كه له‌لایه‌ن سه‌رۆكی حكومه‌تی كوردستانه‌وه سه‌ریهه‌ڵدا، دواتر شاندێكی په‌روه‌رده‌یی سه‌ردانی وڵاتی سوریاو لوبنانی كرد بۆ وه‌رگرتنی زانیاری له‌سه‌ر سیسته‌مه‌كه".

قوتابخانه‌ی شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی ماوه‌ی سێ ساڵه له‌شاری هه‌ولێر دامه‌زراوه‌و قوتابخانه‌یه‌كی ئه‌هلییه، كه خوێندن تێیدا به‌پاره‌یه، خوێندنیش تێیدا له‌باخچه‌ی ساوایانه‌وه هه‌یه تاوه‌كو پۆلی یه‌كه‌می ناوه‌ندی.

كۆمپانیای فرۆبڵ به‌شێك له‌به‌ڕێوه‌بردنی قوتابخانه‌كه‌ی له‌ئه‌ستۆدایه .به‌ڵام حكومه‌تیش هاوكاری و به‌شداریی له‌و پرۆژه په‌روه‌رده‌ییه‌دا هه‌یه. به‌رپرسی كۆمپانیای فرۆبڵ ده‌ڵێ" حكومه‌ت هیچ هاوكارییه‌كی ئه‌و قوتابخانه‌یه ناكات، ته‌نیا سه‌رۆكی حكومه‌ت به‌شێوه‌یه‌كی شه‌خسی هاوكاری ده‌كات، چونكه پرۆژه‌كه‌ی به‌لاوه زۆر گرنگ و ستراتیژییه".

به‌پێی ئه‌و گرێبه‌سته‌ی له‌نێوان كۆمپانیای فرۆبل و شوه‌یفاتی نێوده‌وڵه‌تی مۆركراوه، به‌رێوه‌بردنی ئه‌م قوتابخانه‌یه دابه‌شكراوه به‌سه‌ر ئه‌م دوو لایه‌ندا، لایه‌نه ئیدارییه‌كه له‌لایه‌ن كۆمپانیای فرۆبڵه‌وه به‌رێوه‌ده‌برێت، لایه‌نی خوێندنیشی له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵگه‌ی شوه‌یفات به‌رێوه‌ی ده‌برێت.

مامۆستا سه‌باح ئارام ده ڵێ

" لایه‌نی پاره‌داركردنی پرۆژه‌كه‌و دابینكردنی هاتوچۆو فیزه‌و مانه‌وه‌ی مامۆستایانی بیانی له‌ئه‌ستۆی ئێمه دایه، به‌ڵام دابینكردنی باشترین خزمه‌تگوزاری فێركردن له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وله‌تی كه به‌پێی سیسته‌می سابیسه، له‌ئه‌ستۆی قوتابخانه‌كه‌یه".

به‌پێی قسه‌ی دیمه‌ن سه‌باح، به‌رێوه‌به‌ری كارگێری قوتابخانه‌كه، ته‌مه‌نی ئه‌و قوتابیانه‌ی له‌و قوتابخانه‌یه وه‌رده‌گیرێن له‌نێوان 3- 13 ساڵ دایه. زانیاری زیاتریشی له‌باره‌ی وه‌رگرتنی قوتابیان دایه (رووداو) و گوتی "ئه‌وانه‌ی ته‌مه‌نیان 3 ساڵه دێنه داینگه، هه‌روه‌ها ئه‌و منداڵانه‌ی ته‌مه‌نیان له‌نێوان 4-5 ساڵیدایه له‌باخچه‌ی ساوایان وه‌رده‌گیرێن و ئاماده‌یان ده‌كه‌ین بۆ پۆلی یه‌كه‌م ".

چونكه خوێندن له‌و قوتابخانه‌یه به پاره‌یه و بڕی پاره‌كه‌ش له‌چاو داهاتی خه‌ڵك زۆره، بۆیه زۆربه‌ی قوتابیانی قوتابخانه‌كه منداڵی خێزانه ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانن، له‌هه‌مانكاتدا به‌شێك له‌منداڵی خێزانه كه‌مده‌رامه‌ته‌كان و كه‌سوكاری شه‌هیدانیش ده‌توانن سوود له‌و قوتابخانه‌یه وه‌ربگرن.

سه‌باره‌ت‌به‌میكانیزمی‌ده‌ستنیشانكردنی قوتابی كه‌مده‌رامه‌ت بۆ ئه‌و قوتابخانه‌یه مامۆستا سه‌باح گوتی " فۆرمی تایبه‌تمان هه‌یه و ساڵانه له‌و قوتابخانانه ده‌گه‌ڕێین كه‌وا له‌گه‌ره‌كه میللییه‌كاندان و هه‌موو ساڵێك له كۆی 200 قوتابی به‌هره‌مه‌ند 20 قوتابی ده‌ستنیشان ده‌كه‌ین و له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌تی شه‌هیدانیش هه‌ماهه‌نگیمان هه‌یه بۆ ده‌ستنیشانكردنی ئه‌و منداڵانه‌ی باوكیان شه‌هیده" .روونیشیكرده‌وه خه‌رجی ته‌واوی

ئه‌و منداڵه زیره‌كه كه‌مده‌رامه‌ت و منداڵه شه‌هیده‌كان له‌لایه‌ن سه‌رۆكی حكومه‌ته‌وه ده‌درێ، هه‌روه‌ك سێ ساڵ پێش ئێستا له‌كاتی كردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌كه‌دا له هه‌ولێر به‌ڵێنیدا.

مامۆستا سه‌باح ئاماژه‌ی به‌وه‌شدا كه ئه‌مساڵ ژماره‌ی قوتابیانی قوتابخانه‌كه گه‌یشتووه‌ته 600 قوتابی، كه 60 قوتابیان خه‌رجی خوێندنیان له‌لایه‌ن سه‌رۆكی حكومه‌ته‌وه ده‌درێ.

له‌باره‌ی كرێی خوێندنیش، محه‌ممه‌د نه‌جمه‌دین سه‌ڕاف، ژمێریاری قوتابخانه‌كه زانیاری دایه (رووداو) و گوتی خوێندن له‌و قوتابخانه‌یه 10 قۆناخه و نرخه‌كانیش به‌و شێوه‌یه‌ن: داینگه 4،025 دۆلار، پۆلی یه‌كه‌می باخچه‌ی ساوایان 4،250 دۆلار و پۆلی دووه‌می باخچه‌ی ساوایان 4،250 دۆلار، یه‌كه‌م و دووه‌می سه‌ره‌تایی 4،575 دۆلار، سێ و چواری سه‌ره‌تایی 4،100 دۆلار، پێنج و شه‌شی سه‌ره‌تایی 4،425 دۆلار، پۆلی شه‌شی سه‌ره‌تایی 4،425دۆلار و پۆلی حه‌وتیش 4،750 دۆلار.

به‌هۆی ئه‌وه‌ی زمانی ئینگلیزی زمانی فه‌رمی و سه‌ره‌كی خوێندنه له‌و قوتابخانه‌یه، مامۆستایانی بیانی له‌ده‌رفه‌تی وانه گوتنه‌وه پشكی شێریان به‌ر كه‌وتووه له‌و قوتابخانه‌یه‌دا .

مامۆستا سه‌باح له‌و باره‌یه‌وه گوتی "ئه‌مساڵ نزیكه‌ی 24 مامۆستای بیانیمان هه‌یه، ساڵی پار هه‌ندێك مامۆستای كوردمان هه‌بوو، به‌ڵام خێزانی قوتابییه‌كان به‌دڵیان نییه‌و داوای مامۆستایانی بیانی ده‌كه‌ن، ئه‌مساڵ ته‌نیا چوار مامۆستای كوردمان هه‌یه ئه‌وانیش له‌ده‌ره‌وه ژیاون".





# كریستیانه‌كانی ناو هه‌رێمی كوردستان نایانه‌وێ بگه‌ڕێنه‌وه به‌غدا

**دێبۆرا بلۆك**
**زاخۆ، عێراق، ده‌نگی ئه‌مریكا**

له‌موسڵ، كه ده‌كه‌وێته به‌شی باكووری عێراق، میلیشیا ئیسلامییه‌كان به‌رده‌وام هاووڵاتیانی مه‌سیحی ده‌كه‌نه ئامانج وناچاریان ده‌كه‌ن ماڵ وحاڵی خۆیان به‌جێ بێڵن. به‌ر له چه‌ند مانگێك له موسڵ قه‌شه‌یه‌ك رفێندراو و پاشان كوژرا. به هه‌زاران هاووڵاتی كریستیانیش له‌ساڵی 2004، پاش ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن یاخیبووانه‌وه هه‌ڕه‌شه‌یان لێده‌كرێت، به‌غدا به‌جێدێڵن . زۆر له‌م خه‌ڵكه به‌ره‌وه وڵاتانی دراوسێ را ده‌كه‌ن، به‌ڵام ئه‌وانیتریان له كوردستانی عێراق كه ناوچه‌یه‌كی هێمنتره، نیشته‌جێده‌بن.

ئاماده‌بووانی ناو كڵێسه‌ی زاخۆ كه كه‌وتووه‌ته هه‌رێمی نیمچه ئۆتۆنۆمی عێراق، بۆ ئاشتی و سه‌قامگیری ده‌پاڕێنه‌وه. زۆربه‌یان خه‌ڵكی به‌غدان، پاش ئه‌وه‌ی یاخیبووانی

ئیسلامی كڵێساكان ده‌سووتێنن و ماڵو حاڵیان لێ تێكده‌ده‌ن و ده‌یاندنه به‌ر شاڵاوی كوشتار و رفاندن، په‌نا بۆ كورستان دێنن.

مه‌سیحییه‌كان عێراق كه‌مایه‌تییه‌كی بچووكن و زۆربه‌یان سه‌ر به ئایینزای كلدن و پێڕه‌وی كڵێسای سه‌ربه‌خۆی كاسۆلیكن.

سه‌ددام حوسێنی سه‌ركرده‌ی پێشووی عێراق تا راده‌یه‌كی زۆر به‌رگه‌ی مه‌سیحییانی گرتبوو، به‌ڵام رێگه‌ی پێ نه‌دابوون كڵێسای نوێ بنیات بنێن. پاش رووخانی رژێمی سه‌دداميش توندڕه‌وانی ئیسلامی مه‌سیحییه‌كانی به‌غدایان كرده ئامانج و هه‌ڕه‌شه‌ی ئه‌وه‌یان لێده‌كردن كه ئه‌گه‌ر ماڵو حاڵیان جێ نه‌هێڵن، ده‌كوژرێن .زۆر له‌م مه‌سیحییانه به‌ره‌و كۆمه‌ڵه گوندێكی كوردستانی عێراق كۆچیان كردووه.

یوسف تۆما زۆربه‌ی ژیانی خۆی له‌به‌غدا به‌سه‌ر بردووه، به‌ڵام له‌ساڵی 2006ه‌وه گه‌ڕاوته‌وه بۆ گوندی ئینشكێ، كه شوێنی

له‌دایكبوونیه‌تی. به‌بڕوای تۆما مانه‌وه‌ی خێزانه‌كه‌ی له به‌غدا ئێجگار مه‌ترسیدار بوو. تۆما ده‌ڵێ "ئێمه نه ده‌مانتوانی بڕۆینه كڵێسه و نه ده‌مانتوانی له‌ماڵه‌وه بمێنینه‌وه نه‌وه‌ك بمانكوژن".

هه‌ندێك له‌كریستیانه‌كان له گوندی شه‌ڕانش له‌سه‌ر سنووری نێوان عێراق و توركیا نیشته‌جێ بوون. كچێكی كریستیان كه خه‌ڵكی به‌غدایه ده‌ڵێ زۆر ناخۆشیی بینیوه، به‌ڵام ئێستا ژیانێكی هێمنتری هه‌یه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا له‌م گونده‌دا له هه‌له‌كانی ژیان بێبه‌شه.

ئه‌م كچه هیچ پاره و كارێكی نییه و ناتوانێت به‌رده‌وامی به‌خوێندنی خۆی له قۆناغی ئاماده‌یی بدات چونكه گونده‌كه قوتابخانه‌ی لێ نییه.

گوندی قارۆلا شوێنی باو باپیرانی ئه‌و كریستیانانه‌یه كه ئێستا لێی نیشته‌جێن و

ژیانێكی نوێیان تێیدا ده‌ست پێكردووه و كڵێسایه‌كی نوێشیان تێیدا درووستكردووه. نووسینگه‌یه‌كی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان هاوكاریی ئه‌م خه‌ڵكانه ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی له‌م گونده خانوو درووست بكه‌ن و مانگانه بڕه هاوكارییه‌كی داراییان بۆ خه‌رجیه‌كانی رۆژانه پێشكێش ده‌كات

سه‌میر یوسف كه له‌به‌غدا خاوه‌نی خانوو و دوكانی خۆی بووه، ده‌ڵێ برای هاوسه‌ره‌كه‌ی له‌به‌غدا له‌به‌رچاوی كچه‌كه‌ی خۆی به‌ده‌ست شیعه‌كان كوژرا. ئه‌م كچه‌ش هێشتا ئاسه‌واری ئه‌م كاره‌ساته تۆقێنه‌ری پێوه دیاره و توانای قسه‌كردنی نییه. یوسف ده‌ڵێ پاش ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن میلیشیاكانه‌وه هه‌ڕه‌شه‌ی كوشتنی لێ كراوه، ناچاربووه واز له سامانه‌كه‌ی بێنێت.

یوسف گله‌یی له‌وه ده‌كات كه له‌گونده‌كه هیچ كارێكی نه‌دۆزیوه‌ته‌وه و ناتوانێت خێزانه‌كه‌ی به‌ڕێوه ببات.

به‌شێكی زۆر له كریستیانه‌كانی ئێره بژێوی خۆیان له رێی كاری كشتوكاڵی له‌سه‌ر پارچه زه‌ویی بچووك دابین ده‌كه‌ن، ئه‌م خه‌ڵكانه له رێی فرۆشتنی میوه و سه‌وزه‌وه پاره‌یه‌كی كه‌میان ده‌ست ده‌كه‌وێت. ساڵانێك به‌ر له‌ئێستا، كاتێك كریستیانه‌كانی ئه‌م ناوچه‌یه به‌هیوای ژیانێكی باشتر به‌ره‌وه به‌غدا كۆچ ده‌كه‌ن، كورده‌كانیش ده‌ست به‌سه‌ر زۆربه‌ی زه‌وییه‌كان داده‌گرن و ئێستاش ئه‌م زه‌وییانه بۆخاوه‌نه‌كانیان‌ناگه‌ڕێننه‌وه.

سالم مه‌تێ كه نیشته‌جێی قارۆلایه ئۆتۆمبێلێكی هه‌یه، به‌ڵام هه‌روه‌ك بۆخۆی باسی لێوه ده‌كات، ناتوانێت سووته‌مه‌نیی پێویستی بۆ دابین بكات بۆ ئه‌وه‌ی پێی بچێته سه‌ر كاره‌كه‌ی له‌شاری زاخۆ .له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌و بیر له گه‌ڕانه‌وه بۆ به‌غدا ناكاته‌وه.

سالم ده‌ڵێ ئه‌گه‌ر بتوانێت له قارۆلا كارێك بدۆزێته‌وه و گوندنشینه‌كانیش زه‌وییه‌كانیان

بۆ بگه‌ڕێننه‌وه، ئه‌وا له‌م گونده ده‌مێنێته‌وه.

له‌م چه‌ند مانگه‌ی دواییدا كه به‌غدا ئارامییه‌كی زیاتری به‌خۆوه دیوه، ئه‌و ناوچانه‌ش كه كریستیانه‌كانی لێ نیشته‌جێن، ئارامترن. به‌ڵام پاش ئه‌وه‌ی له‌مانگی نیساندا قه‌شه‌یه‌ك به‌ده‌سترێژیی سه‌رنشینانی ئۆتۆمبێلێكه‌وه كوژرا، هه‌ندێك له كریستیانه‌كان گومانیان له‌وه هه‌یه كه باری ئاسایش سه‌قامگیر بێت.

نوری مالیكیی سه‌رۆك وه‌زیرانی عێراق داوا له كریستیانه‌كان ده‌كات بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر رێوشوێنی خۆیان له‌به‌غدا و به‌ڵێنی ئه‌وه‌ی پێداون كه ئاسایشێكی زیاتریان بۆ دابین ده‌كات. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش به بۆچوونی رێكخراوه مرۆییه‌كان باری ئاسایشی به‌غدا به‌راده‌ی پێویست ئارام نییه بۆ ئه‌وه‌ی كریستیانه‌كان بتوانن بگه‌ڕێنه‌وه.

**15ی ئه‌یلوولی 2008**

## وه‌ڵام و به دواداچوونی خوێنه‌ران

rudaw@rudaw.net (رووداو)

# نامه‌یه‌كی كراوه بۆ به‌ڕێز ره‌شید تاهیر له وه‌زاره‌تی دارایی هه‌رێمی كوردستان

ئێمه‌ی فه‌رمانبه‌ره ئاواره‌كانی به‌غداو موسڵ و پارێزگاكانی باشوور كه له‌سه‌ر میلاكی فه‌رمانگه‌كانی : ناحیه‌یی عه‌نكاوه،بانكی عه‌نكاوه، شاره‌وانی عه‌نكاوه،كاره‌بای عه‌نكاوه، ئاوی عه‌نكاوه و فه‌رمانگه‌كانی دیكه‌ی هه‌رێمی كوردستان دامه‌زراوین،سوپاسگوزاری‌حكومه‌تی‌هه‌رێمی كوردستانین ده‌كه‌ین له‌سه‌رووشیانه‌وه سه‌رۆكی هه‌رێم كاك مه‌سعود بارزانی، كه ئه‌و خێزانانه‌ی گرتنه باوه‌ش بۆ ژیان له‌گه‌ڵ براكانمان له‌هه‌رێمی كوردستان و قه‌ت چاكه‌ی به‌ڕێزیان و وه‌زیری دارایی و ئێوه له بیر ناكه‌ین كه ئێمه‌تان له باوه‌شگرت.

دوای ئه‌وه‌ی لێدوانه‌كه‌ی ئێوه‌ی به‌ڕێزمان له ژماره‌ی رۆژی 2008/9/9ی (رووداو) دا خوێنده‌وه كه جه‌ختتان له‌سه‌ر ئه‌وه كردووه كه هیچ پاره‌یه‌كی زیادكراوی تازه له‌هیچ فه‌رمانبه‌رێكی ناو هه‌رێم نه‌بڕدراوه . به پێویستی ده‌زانین ئه‌وه‌تان بۆ روونبكه‌ینه‌وه:

1- هه‌موو فه‌رمانبه‌رانی فه‌رمانگه‌كانی سه‌ره‌وه له عه‌نكاوه مووچه‌ی مانگی حه‌وتیان به زیادكراوی بڕوانامه‌و گرێبه‌ستی ژنهێنان و منداڵ له‌گه‌ڵ زیاده‌ی مانگی یه‌كی ئه‌مساڵیان وه‌رگرت، جگه له فه‌رمانبه‌رانی بانكی عه‌نكاوه كه زیاده‌یان وه‌ك فه‌رمانگه‌كانی دیكه پێنه‌درا.

2- له مانگی هه‌شتیش تووشی سه‌رسوڕمان بووین كه زیاده‌ی بڕوانامه و گرێبه‌ستی هاوسه‌رگیری و منداڵمان لێ بڕاوه‌و ته‌نیا زیاده‌ی مووچه‌ی ئیسمیمان وه‌رگرت و فه‌رمانگه‌ی ئاوی عه‌نكاوه زیاده‌ی موچه‌شی پێنه‌داین. له‌كاتێكدا بانكی ئاراس له هه‌ولێر هه‌موو ئه‌و زیادانه‌ی بۆ فه‌رمانبه‌ره ئاواره‌كانی وه‌ك ئێمه خه‌رج كرد.

3- كه به‌دوای هۆی بڕینی ئه‌م زیاده‌یه‌دا چووین، له‌كاتێكدا پاره‌ی خانه‌نشینیش له مووچه‌كه‌مان ده‌گێڕدرێته‌وه كه ئه‌وه‌ش به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌یه كه ئێمه فه‌رمنبه‌ری هه‌میشه‌یین، وه‌ڵامی به‌رپرسان بۆ به‌دواداچوونه‌كه‌مان به‌و شێوه‌یه بوو كه زیاده‌ی بڕوانامه و هاوسه‌رێتی و منداڵ نامانگرێته‌وه به‌هۆی ئه‌وه‌ی ده‌وامێكی رۆژانه‌مان نییه به بڕیاری جه‌نابتان .له‌به‌ر

ئه‌وه‌ی فه‌رمانبه‌رانی دیكه رازینه‌بوونه ئه‌و زیاده‌یه بدرێته ئێمه. له‌كاتێكدا ئێمه هیچ گوناحمان له‌وه‌دا نییه، به‌تایبه‌تیش كه فه‌رمانبه‌ر بۆی نییه رێ له دانی زیاده‌یه‌ك بگرێت كه حكومه‌ت بۆ هه‌موو فه‌رمانبه‌رانی عێراق بڕیاری له‌سه‌ر داوه.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئێمه زیاده‌ی مانگی 7مان به ته‌واوی وه‌رگرتووه، ئه‌وه‌ش ئه‌وه ده‌سه‌لمێنێ كه حكومه‌تی ناوه‌ندی زیاده‌ی مووچه‌ی هه‌موو فه‌رمانبه‌رانی بێ هه‌ڵاواردن خه‌رجكردووه. ئایا زیاده‌كه‌ی ئێمه ده‌نێردرێته‌وه به‌غدا؟

به‌ڕێز ره‌شید تاهیر، ئێمه زولممان لێكراوه و ئێستاش كه ئاواره‌ین و له ماڵ و حاڵی خۆمان ده‌ربه‌ده‌ربووین زۆر پێویستیمان به‌و زیاده مووچه‌یه كه لێمان بڕاوه، بۆیه چاومان له ئاوڕدانه‌وه‌ی ئێوه‌یه له‌و داواكارییه‌مان، بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و مافه‌مان وه‌ك هه‌موو فه‌رمانبه‌رانی دیكه .خۆمان و خێزانمان چاومان له چاوخشاندنه‌وه‌ی ئێوه‌یه به‌و بڕیاره‌دا.

**ژماره‌یه‌ك فه‌رمانبه‌ری ئاواره**

# ئێمه‌ش داوای ناوبڕكردنی بانده‌كانی بازرگانیكردن به پاسپۆرت ده‌كه‌ین

له ژماره‌ی (24)ی رۆژی 2008/9/15 ی رۆژنامه‌كه‌تان و له لاپه‌ڕه 16 دا بابه‌تێكی به‌ڕێز عه‌باس بابان، به ناونیشانی (پاسه‌پۆرتی G ته‌نیا به پاره هه‌یه) بڵاوكراوه‌ته‌وه و ئێمه‌ش ده‌مانه‌وێ ئه‌و خاڵانه‌ی خواره‌وه بۆ كاك بابان و خوێنه‌رانی به‌ڕێز روون بكه‌ینه‌وه:

1 -ده‌ستكه‌وتنی فۆرمی پاسه‌پۆرتی G پێویستی به ماندووبوون و واسته نییه هه‌ر وه‌ك كاك عه‌باس بابان ئاماژه‌ی پێده‌كات، چونكه ئه‌و فۆرمه‌ی پاسه‌پۆرت به‌سه‌ر هه‌موو هاووڵاتیان دابه‌شده‌كرێت به‌بێ به‌رامبه‌ر و له‌سه‌ریشی نووسراوه (توزع مجانا).

2- كاك عه‌باس بابان ده‌ڵێ، دوای وه‌رگرتنی فۆرمی پاسه‌پۆرتی G خه‌ونه‌كه‌ی هاته دی كه ده‌بێته خاوه‌ن پاسه‌پۆرت و ده‌توانێ بچێته ده‌ره‌وه بۆ ته‌واوكردنی خوێندنی باڵا. لێره له كاك عه‌باس بابان ده‌پرسین، ئایا هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی فه‌رمی به ئه‌فسه‌رێك یان به‌رپرسێكی پاسه‌پۆرتی هه‌ولێر داوه تێیدا بسه‌لمێنیت تۆ قوتابی خوێندنی باڵای و پێویسته بچیته ده‌ره‌وه‌ی وڵات؟

چونكه ئێمه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی ره‌گه‌زنامه و پاسه‌پۆرت و نشینگه له هه‌رێمی كوردستان بۆ ده‌رهێنانی پاسه‌پۆرت زۆرینه ده‌ده‌ینه ئه‌مانه‌ی خواره‌وه:

ا- ئه‌و نه‌خۆشانه‌ی راپۆرتی پزیشكی فه‌رمیان هه‌بێت كه تێیدا دیاركرابێت چاره‌سه‌ری له ناوه‌وه‌ی هه‌رێم نییه.

ب- ئه‌و قوتابیانه‌ی زه‌ماله‌ی خوێندنیان به‌ده‌ست هێنابێت به‌مه‌رجێك به‌ڵگه‌نامه‌ی فه‌رمی پێ بێت كه ئه‌مه بسه‌لمێنێت.

ج-شانده‌كانی كارمه‌ندانی حكومه‌ت دوای پێش كێشكردنی به‌ڵگه‌نامه‌كانیان.

3- كاك عه‌باس بابان ده‌ڵێت بانده‌كانی بازرگانیكردن به پاسه‌پۆرته‌وه، پاسه‌پۆرتی جۆری G ده‌ردێنن به پاره له به‌غدا ئه‌مه‌یان 100% راسته و ئێمه ده‌نگی خۆمان ده‌خه‌ینه پاڵ ده‌نگی كاك بابان و داوا له وه‌زاره‌تی هه‌رێم بۆ كاروباری ناوخۆ ده‌كه‌ین كه له رێگای ده‌زگاكانی ئاسایشه‌وه له هه‌رێم ئه‌م دیارده ناشرینه ناوبڕبكه‌ن و ئه‌م باندانه بده‌نه دادگا و یاسا به‌قه‌راربێت.

4- له وتاره‌كه‌دا هاتووه كه‌وا حه‌جاجه‌كانی ماڵی خوا پاره‌یه‌كی زۆریان داوه بۆ وه‌رگرتنی پاسه‌پۆرت، ئێمه ئه‌م تێبینیه ده‌خه‌ینه پێش به‌رپرسانی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف و كاروباری ئایینی بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی چونكه ئه‌ركی ده‌زگاكانی ئێمه ته‌نها رێكخستنی فایله‌كانی حه‌جاجه‌كان وناردنیان بووه بۆ به‌غدا له‌گه‌ڵ نوێنه‌ری وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف بۆ درهێنانی پاسه‌پۆرت و، ئه‌گه‌ر كاك عه‌باس بابان هه‌ر به‌ڵگه‌یه‌كی هه‌بێت كه هه‌ر كارمه‌ندێكی ئێمه معامه‌له‌یه‌كی به‌رامبه‌ر پاره به‌ڕێوه‌بردبێت ئێمه ئاماده‌یین پێشوازی لێبكه‌ین . له هه‌مانكاتدا ده‌مانه‌وێت به‌بیر به‌ڕێز كاك بابان بێنینه‌وه كه تاوانباركردنی بێ به‌ڵگه تاوانه‌و سزای یاسایی له‌سه‌ره.

له‌گه‌ڵ رێزماندا

**لیوا**
**نزار رحمه‌تولڵلاعه‌زیز**
**به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ره‌گه‌زنامه‌و پاسه‌پۆرت و نشینگه**
**2008/9/17**

# AKP نەیتوانی دزییەکانی لەئەوروپا بشارێتەوە



مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

سالێک زیاترە گەورەترین سکاندال (فضیحة)ی دزین لە دادگای فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بەناوی (سکاندالی کۆمەڵەی خێرخوازی دەنیز فەنەری) بەڕێوەدەچێت و لەرۆژی 2008/9/17 دادگا بڕیاری بەندکردنی بە سەر سێ لە تاوانبارانی ئەو دزییەی بەنێوی خێرخوازییەوە کراوە سەپاند.

کۆمەڵەی خێرخوازی دەنیز فەنەری، لە ساڵی 1999 دامەزراوەو مەسەلەی ئایین و نەتەوەپەرستی تورکی بەکارهێناوە بۆ پارەو خەراج کۆکردنەوە لە خەڵکی لە ئەڵمانیا. بەپێی راپۆرت و بەڵگەنامەکانی دادگای ئەڵمانیا، کاری خەراج کۆکردنەوە لە دوای ساڵی 2002 وە زۆر بە خێرایی زیادبووەو لە نێوان ساڵی 2002 -2007 دا نزیکەی 42 ملیۆن یۆرۆ بەناوی خێرخوازی لە خەڵکی وەرگیراوەو پارەکە بۆ هەندێک کۆمپانیا و دەزگای راگەیاندن لە تورکیا گواستراوەتەوە و بەشێوەی نایاسایی گەیشتووەتە هەندێک دەزگای راگەیاندن و پارتی سیاسی تورکی لە ئیستەنبۆل.

ئەم دادگایە لە ساڵی 2007 ەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و لە رۆژی 2008/9/17 دوا بڕیار لەم بارەوە درا. لە کاتی راگەیاندنی بڕیاری دادگادا، سەرۆکی دادگای فرانکفۆرت J0HANN MULLER ئاشکرای کرد کە دەستی سیاسی نێوخۆی تورکیا لە پشت ئەم کارەوەن و تەعلیمات لە تورکیا وەرگیراون. هەر لە بڕیاری دادگادا هاتووە کە ئەم پارەیە بۆ تەلەفزیۆنی (KANAL7)ی تورکی و هەندێک کۆمپانیای دیکە گواستراوەتەوەو بە هیچ شێوەیەک پارەکە بۆ مەبەستی خێرخوازی بەکارنەهاتووە. هەروەها لە نێو ئەو کەسانەی لەم دزیەدا بەشدارن و راستەوخۆ ناویان لە ئیدیعانامەکەیدا هاتووە چەند کەسێکی زۆر نزیکی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان AKP هەن، کە زاهید ئاکمان ناسراوترینیانە و ئێستا سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەموو تورکیا TRT یە و پێشتر بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی- 7KANAL ی تورکی بوو و کەسێکی نزیکی سەرۆکایەتی AKP یە.

سەرۆکی دادگای فرانکفۆرت دەڵێ " لەو ماوەیەی دادگا بەڕێوەچووە کاربەدەستانی سیاسی تورکیا هەوڵیانداوە کاریگەری بخەنە سەر دادگا و ڕێڕەوی بگۆڕن، بەڵام دادگای ئەڵمانی پێبەندی یاسایە و هیچ کاتێک مل بۆ هیچ هێزو فشارێک شۆڕناکات و لەهەموو حالەتێکدا سەروەری یاسا دەپارێزێت".

وێڕای ئەوەی ئەم رووداوە لە تورکیادا مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوەو متمانەی حکومەتی ئەردۆغانی دابەزاندووە، لە ئاستی ئەڵمانیاو ئەوروپاشدا زۆرجار بووەتە بابەتی راگەیاندن. ئەم سکاندالە وەنەبێ هەر بۆ کۆمەڵەی دەنیز فەنەری و ئەندامە دادگاییکراوەکانی کۆمەڵەکە جێی شەرمەزاری بێت، بەڵکو گەورەترین ریسواییە بۆ AKP و حکومەتەکەی، چونکە هەموو بەڵگەکان سەلماندوویانە کە خودی ئەردۆگان و حکومەتەکەی لەپاڵ ئەم کارەن. وەکو دیاریشە دەست بەکاربوون و چالاکبوونی ئەم کۆمەڵەیە لە دوای ساڵانی 2002 هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەم پارتە. تەواوی تۆڕی بەشداربووانیش کەسانی دۆست و نزیکی ئەردۆغانن.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی بڕیاردان دەربارەی ئەم سکاندالە ئەردۆغان بەئامانجی گۆڕینی رۆژەڤ، مشتومڕێکی لەگەڵ گەورەترین دەزگای راگەیاندنی تورکی DOGAN HOLDING بەرپاکرد و ویستی فشارێک بخاتە سەر راگەیاندن تاوەکو دەنگ لە سکاندالەکە نەهێنێت و چاوپۆشی لێبکات، بەڵام ئەم کارەی سەری نەگرت و نەیتوانی قەباحەت بە قەباحەت بشارێتەوە.

دیارە ئەم مانۆڕە نابەجێیەی ئەردۆغان بووەتە جێی سەرنج و ئەمڕۆژانە رۆژەڤی تورکیای داگرتووە. ئەردۆغان و پارتەکەی بوونەتە جێی رەخنەی دژوارو سیمای پارتەکەشی لەلای خەڵک زۆر گۆڕیوە. بەتایبەتی کە ئەردۆغان زۆر بەتووندی دژی گرووپی مافیای ئەرگەنەکۆن هەڵوێستی وەرگرت و، ویستی خۆی بە نوێنەری عەدالەتی عومەرنیشانبدات، بەڵام لەم رووداوەی دەنیز فەنەردا نموونەی بانێک و دووهەوا بەتەواوی دەرکەوت و بێدەنگ ماو نە خۆی و نەپارتەکەی هیچ هەڵوێستیان نەبوو. بەرای زۆربەی خەڵک و راگەیاندنیش، شەڕی ئەردۆغان بەرامبەر ئەرگەنەکۆن شەڕی دیموکراسی دژی مافیا نییە، بەلکو شەڕی مافیا و مافیا بووە.

ئەردۆغان دەتوانێت زۆر لە کردەوەکانی لە تورکیا بشارێتەوە، بەڵام لە ئەوروپا ئەوەی پێنەکرا. بەڵام بەداخەوە ئەمە نموونەی باشترین دیموکراسی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. تا دیکتاتۆرێک دەڕوات دە دیکتاتۆر دروست دەبن، تا دزێک دەستگیردەکرێت، دە پاسەوان دەبنە دز.

# منیچ*



ئەمجەد شاکەلی- سوێد
amjadshakely@hotmail.com

بە کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، خەڵکی کورد، بە تایبەت کوردی هەندەران، کۆڵێک دڵخۆش بوون و پێیانوابوو، ئیدی لە رێگە پێچەڵپێچ و دوور و پڕ دەردەسەرییەکانی تورکیا و سووریا و ئێران، رزگاریان دەبێ و راستەوخۆ دەچنەوە کوردستان.

ساڵانێکیشە لە میدیای کوردیدا، رێکلام بۆ کۆمپانیاگەلێک دەکرێن، کە رێکخەری گەشتن لە هەندەرانەوە بۆ کوردستان. کە پێگە و جێکاریان هەم لە هەندەران و هەم لە کوردستان هەن.

زۆر لەو کەسانەم دیتووە و دواندووە، کە بە رێگەی راستەخۆ و لە رێگەی ئەو کۆمپانیایانەوە چوونەتەوە کوردستان و هاتوونەوە، بە دەگمەن تاکە تاکەیەکم تووش بووە، لە گەشتەکەی رازی بوو بێت و چ رەخنەیەکی نەبووبێت.

یەکەمجارم بوو من بۆ خۆم بە یەکێک لەو هێڵە راستەوخۆیانەی ستۆکهۆڵم- کوردستان، بچمەوە بۆ وڵات. فڕۆکەکەی پێی چوومەوە بە کۆپنهاگن و بەیرووتدا چووەوە هەولێر.

هەموو لەوە تێدەگەین، کە فڕۆکە بۆ کوردستان بە سەر خاکی تورکیادا ناتوانێت بفڕێت، بەڵام لەوەی، کە لە دوو شوێن (کۆپنهاگن و بەیرووت) دابەزین و گەشتەکە نزیکەی 9 کاتژمێری پێ چوو، تێنەگەیشتم!

شتێکی دیکە، کە من تێیناگەم، کاتێک بلێتی گەشتەکەم کڕی، بەو هاوڕێیەی بلێتەکەی پێ فرۆشتم گوت، من خۆراکی گۆشت و ئەوانە ناخۆم و رووەکخۆرم، ئەویش ئەوەی لە کن خۆی و لە نێو کۆمپیووتەرەکەیدا و لە سەر بلێتەکەی من نووسی و پێیگوتم، کارەکە ئاسانە و رێکی دەخەن و ئەو جۆرە خۆراکە جێبەجێ دەبێ. کە سواری فڕۆکە بووم و کاتی نانخواردن هات، یەکێک لەو ژنانەی خۆراکیان دەبەشییەوە، بەستەیەک خۆراکی دایە دەستم و منیش لێم پرسی، ئەو خۆراکە گۆشتی تێدایە یا نە! گوتی، تێیدایە. تێمگەیاند، کە من رووەکخۆرم و ئەوەتا لە سەر بلێتەکەیشم نووسراوە، کە دەبێ خۆراکێکی لەو جۆرە یا هەر سەوزە و میوە و ئەوانە وەرگرم. پێیگوتم، کە یەک خۆراکی رووەکی هەبووە ئەویش کەسێکی دیکە وەریگرتووە. گوتم، ئەو کەسەی دەبوو وەریگرێت من بووم نەک ئەوەی دیکە. ئیدی قسەکانم چ سوودێکیان نەبوو و منیش خۆراکەکەم رادەستی کردەوە و بێ شیو مامەوە. گەشتی ئاسمانی هەیە خۆراکی تێدا نییە، لێ ئەگەر هەر گەشتێکی ئاسمانی خۆراکی تێدا بێت، تۆ وەک گەشتیارێک مافی خۆتە چ جۆرە خۆراکێک دەخۆیت و ئەو کۆمپانیایەی گەشتەکەت رێکدەخات بەرپرسە لە دابینکردنی ئەو خۆراکە بۆ تۆ. ئەمە لەو گەشتەی مندا نەبوو، نە لە چووندا بۆ کوردستان و نە لە گەڕانەوەیشمدا بۆ سوێد.

لە هەرچی گەشتێکی ئاسمانی و بە هەر فڕۆکەیەک تۆ سەفەر دەکەیت و چ کۆمپانیایەک ئەو گەشتەت بۆ رێکدەخات، ئەو کارمەندانەی نێو فڕۆکەکە، لە فڕۆکەوانەکەوە تا دەگاتە ئەوانەی خزمەت دەکەن و خۆراک دەبەشنەوە و بە نێو فڕۆکەکەدا دێن و دەچن، بە زمانی ئەو وڵاتەی گەشتەکەی بۆ و لێوە دەکرێت قسان دەکەن و جاروبار بە زمانێکی دیکەیش، کە زۆر جاران ئینگلیزییە، قسان دەکەن و رێنوێنییەکان پەخش دەکەنەوە و لەگەڵ سەرنشینی فڕۆکەکەدا دەدوێن. ئەوەی لەو فڕۆکانەی دەچنە کوردستان و لە کوردستانەوە دێن، نابینرێ، ئەوەیە، ئەو کارمەندانە نەک هەر بە زمانی کوردی قسان ناکەن، بەڵکو یەک وشەی کوردییش نازانن. ئەو فڕۆکەیەی من بۆ خۆم پێی چووم و هاتمەوە، کارمەندانی بە یۆنانی، کە تاکە یەک نەفەر لێی تێنەدەگەیشت و لێی تێناگات و بە ئینگلیزییەکی شەقوشڕ و لەنگ و کورت قسەیان دەکرد. ئەم دیاردەیە لە هیچ جێیەک لەم جیهانەدا نابینرێ.

لە گەڕانەوەمدا لە هەولێرەوە بۆ ستۆکهۆڵم، نزیکەی 3 حەفتەیەک پێشتر بلێتم کڕی و هەمان کێشەی خۆراکم بۆ کارمەندی کۆمپانیاکە باسکرد و ئەویش سەری بۆ لەقاندمەوە، کە خەمی ئەوەم نەبێت و پێیگوتم دوو رۆژ پێش گەشتەکەم زەنگیان بۆ لێدەمەوە، بۆ ئەوەی بزانم گەشتەکە لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێ یا گۆڕانی بە سەردا دێت و گوتیشی بە سەر ئەسینادا دەفڕین و لەوێ بۆ ماوەی 45 خولکە یا 1کاتژمێر فڕۆکەکە دەوەستێ و ئێمەی گەشتیاران رەنگە دانەبەزین و رەنگیشە و هەر لەو ماوەیەدا بچینە ترانزێت و تەماشایەکی پاسپۆرتەکانمان بکەن و دەسبەجێ سوار بینەوە.

دەبوو 2008/7/21 کاتژمێر 12:30 لە هەولێرەوە بفڕین. رۆژی 2008/7/18 و لەسەر قسەی کۆمپانیاکە زەنگم بۆ لێدان و گوتیان گەشتەکە هەر لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت. رۆژی 2008/7/19 لە کۆمپانیاکەوە زەنگیان بۆ لێدام و گوتیان گەشتەکە پێش دەکەوێت و دەبێتە 01:30 ی رۆژی 2008/7/21 واتە: یانزدە سەعاتێک پێش دەکەوێت. لەکاتی دیاریکراودا بە خۆم و ساکێک و کۆڵەپشتێکمەوە چوومە نێو فڕۆکەخانەکەوە و ساکەکەم رادەست کرد و بە خۆم و کۆڵەپشتمەوە لە سەر یەکێک لەو کورسییە کەمانەی نێو فڕۆکەخانەکە دانیشتم. منیش وەک گەشتیارەکانی دیکە چاوەڕێی کاتی فڕینەکەم دەکرد، لە کاتژمێر 01.00 ەوە بوو بە 02.00 و دواتر بووە 03.00 و دواتر بووە 03.30، ئەمە بەبێ ئەوەی کەسێکی کارمەندی فڕۆکەخانەکە یا کۆمپانیای خاوەن گەشتەکە لە بڵندگۆیەکەوە قسەیەک بکات یا ورتەیەکی لێوە بێت. دەوروبەری 03.45، فڕۆکەکەمان فڕی و لە رێگە خۆراکیان هێنا و بۆ من هەمان دەردیسەری بوو و بە برسییەتی مامەوە.

کاتژمێر 06.15 ی هەمان رۆژ 2008/7/21 لە فڕۆکەخانەی ئەسینا دابەزین و هەموو سەرنشینانی فڕۆکەکە، کە 160 کەس دەبوون، دابەزێنراین و پێیانگوتین بچینە ترانزێت، بێ ئەوەی یەک شتمان بۆ روون بکەنەوە، کە دوای چوونە ترانزێتمان چی دەکەین! تەنیا ئەوە نەبێ لە یەکدیمان دەبیستەوە، کە پاش کاتژمێرێک دێینەوە و سواری هەمان فڕۆکە یا فڕۆکەیەکی دیکە دەبینەوە و گەشتەکەمان بەرەو ستۆکهۆڵم درێژەپێدەدەین. چووینە ترانزێت و پاسپۆرتمان پێشاندا و دواتر براینە هۆڵێک و لەوێ ئیدی چاوەڕوانی بانگکردن بووین. کات رۆیشت و لە 07:00 ەوە بووە 08:00 بەو جۆرە تا گەیشتە 15:00 و لەو ماوەیەدا هەر دەگوترا فلانە کاتژمێر دەفڕین و هیچ نەبوو. لە نێو ئەو هۆڵەدا ئەو 160 کەسەی ئێمە، کە هاوگەشت بووین، رێک وەک پەز بە نێو یەکدا دەهاتین و دەچووین و هەندێک لە شەکەتیدا پاڵکەوتبوو و هەندێک خەوتبوو و هەندێکیش بەو ناوەدا لۆژەلۆژ هەر دەهات و دەچوو و ئەوانە هەموو تێکەڵ بە بێزاری و تووڕەیەکی زۆر و گازندە و وەڕزبوون ببوون، نەک هەر لە گەشتی کوردستان، بەڵکە لە کوردستان بۆ خۆیشی بۆ ئەو رەوشەی ئەو خەڵکەی تێکەوتبوو. خەڵکەکە تا بڵێی پەست بوون و جمەجم و دەنگەدەنگ لە نێویاندا دەستیپێکرد. هەندێک پۆلیس هاتن و کەسێکی فڕۆکەخانەکەیش هات و گوتی، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە برسییانە، خۆراکیان بۆ دێنن. ئێمە چەند کەسێک، وەک شێوە مانگرتنێک، پێکهاتین لە سەر ئەوەی، بە هیچ شێوەیەک خۆراک نەخۆین و بە لای شتەکانی ئەواندا نەچین. هەندێک بابۆڵە و کۆکاکۆلا و ئەو شتانەیان هێنا و خەڵکەکەیش وەک کەسیەتیی و پیشەی هەمووەم و جیاوازی خۆڕاگری و خۆڕانەگریان، بەشێکی زۆریان "وەک کوردی دۆ نەدیو" و بە گوێرەی تیۆری "چفن بلاش منو مایموت (کفنی مفت کێ نامرێ!)" پەلاماری بابۆڵە و کۆکاکۆلاکانیان دا و نۆشی گیانیان کرد، بێ ئەوەی بەڵێن و فشەفشەکانی خۆیان بیر بێتەوە! دەوروبەری کاتژمێر 16:00 خەڵکەکەیان خڕکردەوە و گوتیان دەتانبەینە هوتێل. کە باسی هوتێل هاتە گۆڕێ تێگەیشتین، کێشەکەمان، وەک کێشەی کورد و "شۆڕشە هەرەساوییەکانی"، درێژخایەنە و بیری زووکەوتنەڕێ تا رادەیەک لە خەیاڵ دەچێت. بردیانین بۆ هوتێلێک، کە هەر بە تەنیشت فڕۆکەخانەکەوە بوو، هوتێلێکی گرانبەها و چەند ئەستێرەیی بوو و لەوێ بە سەر ژووردا و بە گوێرەی خێزان و منداڵدار و زگورتی بەشراینەوە. من بەشبەحاڵی خۆم لە ژیانمدا ئەوە یەکەم جارم بوو پێ بخەمە هوتێلێکی ئەوتۆییەوە و ئەگەر ئەو سەفەرەم نەبووایە بڕوا ناکەم هەرگیز رێم بە وەها هوتێلێک کەوتبا. دەوروبەری کاتژمێر 17:00 بانگکراین بۆ ریستۆرانتی هوتێلەکە و لەوێ چەندین جۆرە خۆراک هەبوون، بەشێکی زۆریشیان رووەکی بوون و بۆ من دەستیان دەدا. دوروبەری کاتژمێر 20:00 بانگکراین بۆ نێو فڕۆکەخانەکە و بەم ڕارەو و بەو ڕارەودا گەیشتینەوە هەمان هۆڵ و هەمان دەرگا، کە پێشتر لێی بووین و لەوێ دەبوو چاوەڕوان بین بۆ فڕۆکەکەمان. ئیدی لە سەر تابلۆی کاتەکان نووسرابوو، کە کاتژمێر 22:00 دەفڕین، بەڵام تا کاتژمێر 02.30 ی رۆژی دواتر لە چاوەڕوانیدا ماینەوە و دەوروبەری دەمەوبەیان گەیشتینەوە ستۆکهۆڵم.

ئێمە لە ئەسینا نزیکەی 21 کاتژمێر ماینەوە، بێ ئەوەی کەسێکی کۆمپانیای بەرپرسی گەشتەکەمان ببینین و ئاگایان لێمان بێت و قسەیەکمان لەگەڵ بکەن.

ئەو گەشتەی ئێمە لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە تا ستۆکهۆڵم پتر لە 31 کاتژمێری خایاند، کە هیچ گەشتێک لەم جیهانەدا و لە رۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا ئەوەندە ناخایەنێت.

تۆ لە هەر وڵاتێکی جیهان بیت و بە فڕۆکە گەشتی هەر کوێیەک بکەیت، کۆمەڵە مافێکت هەیە، کە هەموو گەشتیارێک دەگرێتەوە و کەسی لێ بێبەش ناکرێت و جیاوازییش لە نێوان گەشتیارەکاندا ناکرێت، تۆ لە کۆمپانیاکانی گەشت رێکخەرانی کوردستان هەرگیز ئەو مافانەت بۆ دەستەبەر ناکرێن و هیچ قانوون و رێسایەکی جیهان ئەو گەشتانەی کوردستان ناگرنەوە.

گەشتی کوردستان (تەنیا کرێی فڕۆکە) گرانترین گەشتن بە بەراورد لەگەڵ گەشتە ئاسمانییەکانی دیکەی جیهاندا. ئەو گەشتەی کوردستانم چوون و گەڕانەوەم 1300 دۆلاری ئەمەریکایی تێچوو.

ئەو فڕۆکانەی گەشتیاران دەبەنەوە کوردستان ولە کوردستانەوە دەیانهێننەوە، زۆریان فڕۆکەگەلێکی بچووکن و مەترسی لێقەومان و تووشبوونی گرفت و کێشەیان لە فڕۆکەکانی دیکە گەلێک زیاترە.

لە هەموو گەشتێکی جیهانیدا تۆ مافی ئەوەت هەیە 25- 27 کیلۆیەک قورسایی لەگەڵ خۆتدا رادەستی فڕۆکەکە بکەیت و لەگەڵ خۆیشتدا 10 کیلۆیەک سەرخەیتە ناو فڕۆکەکە و لەگەڵ خۆتدا بیبەیتە ژوورەوە و زۆرجارانیش چاوپۆشی لە 2- 3 کیلۆی زیادە دەکرێت، ئەمە لەو فڕۆکانەی کوردستاندا نییە و بە نیوکیلۆیش حیسابت لەگەڵدا دەکەن و دەیان جار ساکەکەت دەکەنەوە و نیوکیلۆ زیادەکەت پێ دەردێنن و رێگەت نادەن لەگەڵ خۆت بیبەیت، تەنانەت هەندێ جار کارمەندانی کۆمپانیاکە یا فڕۆکەکە وەک بەقاڵ، تەرازوویان پێیە و لە بەردەم هەموو گەشتیارانی وڵاتانی دیکەدا، وەک بەشێک لە نەریتی سووکایەتیکردن بە خەڵکی کورد، شتەکانت دەکێشن.

من گەشتەکەم بۆ کوردستان و لە کوردستانەوە لەگەڵ کۆمپانیای "ئەترووش"دا کرد، کە نوینەرایەتییان هەم لە ستۆکهۆڵم و هەم لە هەولێر هەیە و تاکە یەک کەسیشیان چ بە تەلەفۆنێک، نامەیەک، ئیمایڵێک، فاکسێک یا هەر شێوەیەکی دیکە، نە داوای لێبوردنیان لەو خەڵکە کرد، نە گوتیان هەڵەیان کردووە و نە باسی گێڕانەوەی پارەی گەشتەکە یا بڕێک لە پارەکەیان هێنایە گۆڕێ!

لە شێوەی ئەم بەسەرهات و چیرۆکی لێقەومانانەم لە خەڵکانێکی زۆرەوە ژنەوتووە و زۆریشم پێچەوانەیان، لەمەڕ گەشتی زۆر ئاسوودە و هەموو شت بۆ مسۆگەرکراو و رێکخراو و ئارام و پڕڕێز و خۆشی، بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی کوردستانیشەوە بیستووە.

* منیچ، بە زاراوەی هەورامییە و دەکاتە: منیش (کرمانجی خواروو/ کەلهوڕی و لوڕی) و من ژی/ ئەز ژی (کرمانجی ژووروو).

- دوو گوتاری هاوڕێیان عوسمان عەسکەری و ئاکۆ محەممەد عەلی و راپۆرتێکی حەفتەنامەی رووداو، بوونە هەوێنی بیرۆکەیەک و هانیاندام لەمەڕ ئەو کۆمپانیا و گەشتانەی کوردستانەوە بنووسم.

مەبەستم هاوسۆزی و هاوخەمی و هاودەنگیمە لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیە (عوسمان عەسکەری و ئاکۆ موحەممەد عەلی)، نووسەرانی ئەو دوو گوتارە و هاوڕێ (جەلیل موحەممەد)، کە لە گوتارەکەی حەفتەنامەی رووداودا ناوی هاتووە و تەواوی ئەوانەی لەو گەشتانەدا وەک پەز و جەڵەب سەیر دەکرێن و وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت و رەوتاریان لەگەڵدا ناکرێت و تەنیا پارە و دەسەڵات، دەکرێنە پێوەری بۆ هەموو شتێک.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# وەزیری قەزاوقەدەر

بیرم نایێ، هیچ وەزیرێکی کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە ئەنقەست، یان بە رێکەوت، بەڵێنێکی بچووکیشی جێبەجێ کردبێ. وەختێک پێم وابوو وەزیری کارەبا، چاترە ناوی وەزیری هیچ کارە بێ، ئاخر ئەو وەزیری شتێکە، نییە. سەردەمانێکیش ناوم نابوو وەزیری چۆلەکە، ئاخر جیا لە کۆتر، چۆلەکە، ناوبەناو پەڕەسێلکە و قەلەباچکە زیاتر، کێ سوود لەو تەل و سیمانە دەبینێ کە وەزارەتی کارەبا، بێسوود، قوتی کردوونەتەوە؟ ماوەیەکیش، تا ئەم دواییانە، نازناوی وەزیری بێبەڵێنیم لێنابوو، سەد دۆلار دەکەمە دیاری بۆ هەر کەسێک بەڵێنێکی جێبەجێکراوی وەزیری بێکارەبایی حکوومەتی کوردستانم پێبڵێ.

دواجار وابزانم وەزیری قەزاوقەدەر باشترین نازناوە بۆ وەزیری کارەبای هەرێم، ئاخر ئەو چۆڕە کارەبایەی وەزارەتخانە زل و کەمبەرهەمەکەی ئەو دەیدات، نە کەس دەزانێ کەی دێتەوە، نە عەبدی بەنی بەشریش دەتوانێ پێشبینی بکات کەی دەبڕێت.

لیستی ئیئتلاف لە پەرلەمانی عێراق، چونکە تۆزێک لە کورد زیاتر رێز لە دەنگدەرانیان دەگرن، بۆیە ئێستا سەرقاڵی هەڵمەتێکن بۆ ناچارکردنی وەزیری کارەبای عێراق، کە هەر سەر بە لیستەکەی خۆیانە، تا دەست لەکار بکیشێتەوە، لەو رووەوە زۆریان بۆ ئاغای مالیکی هاوردووە (کەریم وەحید)ی وەزیری کارەبای عێراق، رەوانەی ماڵەوە بکات. تۆ سەیری بکە، لەو عێراقە شەق و شڕ و لانەی سیخوڕخانەی ئەم وڵات و ئەو وڵاتەدا، پەرلەمانە وێرانەکەی، جارێ بایی ئەوەندە هێز و کەسایەتی ماوە داوای دەست لە کار کێشانەوەی وەزیرێکی بێبەرهەم و کەمتەرخەم و زۆربڵێ بکات. سێسەت ساڵی دیکەش، لە پەرلەمانە شەرمنەکەی ئێمە، کە هەرگیز لە شوێنی پێویستدا، هەڵوێستی پێویست نانوێنێ، نابیستی جورئەتی ئەوە بکات، بە وەزیرێکی بێبەرهەمی حکوومەتی زۆروزەوەند و پان و بەرینی کوردستان بڵێ: قوربان چونکە ئەوە چەند ساڵێکە لە قسە زیاتر هیچمان لێنەدیوی، ئەرک نەبێ بڕۆ ماڵەوە. ئاخر دوور نییە، لە ئەندامانی پەرلەمان وابێ، خەڵکیش هێندەی وان کارەبایان هەس.

وەزارەتی کارەبای کوردستان، کە لەوانەیە چل ساڵی دیکە پێویست بکات دابمەزرێ، لە بێئیشییان، گۆڤار دەردەکەن. کار وا بڕوات، وەزارەتی رۆشنبیریش لەمەودوا تۆرباین چاک دەکاتەوە. وەزارەتی ئەوقافیش ئاهەنگ بۆ لەیلا فەریقی دەگێڕێ.

خوا رەحمی بە وەزیری کارەبای کوردستان کردووە، کە نە ئەو گوێ دەداتە قسەی خەڵک، نە کوردستانیش میسقالە زەڕڕەیەک نەریتی گوێدانە خەمی خەڵک پێڕەو دەکات و دیموکراسی تێدایە، ئاخر ئەگەر دەنگی خەڵک قیمەتی هەبوایە، ئێستا وەزیری قەزاوقەدەری کوردستان، نەک لە ماڵەوە، لە زیندان دەبوو.




# میدیای کوردستان ئیدی هەرێم بەسە



عارف زێرەڤان- سوێد
zerevan@nefel.com

ئێمەی کورد میللەتێکین دەمانەوێ وڵاتی خۆمان ڕزگار و سەربەخۆ بکەین. ڕزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە هۆکارەکانی دەرەوەی ئێمە و، دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش ڕێمان لێدەگرن.

بەڵام ئایا گەلۆ کێ ڕێمان لێدەگرێت ڕۆحی خۆمان، بیری خۆمان، زمانی خۆمان، بەتایبەتی زمانی ڕاگەیاندنی خۆمان لە تێرمینۆلۆژیای داگیرکەرانی کوردستان ڕزگار بکەین؟ دەردی ئێمە هەر تەنیا دوژمنانی ئێمە نییە، ئێمە بەخۆمان بەڵای سەری خۆمانین.

هەتا ئێستا لە میدیای کوردیدا "هەرێمی کوردستان" هەیە، بەڵام "کوردستان" نییە. هەتا ئێستا لە میدیای کوردیدا "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" یان "سەرۆکی کوردستانی ئازاد" هەیە و کەچی "سەرۆکی کوردستان" نییە.

بە گوێرەی دەستووری عێراق باشووری کوردستان ناوی "هەرێمی کوردستانی عێراق"ە، ئەمەش تێرمینۆلۆژیایەکی سیاسیی دەوڵەتی عێراقە. میدیای کورد ناچار نییە ئەم تێرمە فەرمییە بەکاربێنێ، لەبەر ئەوەی میدیای کوردی میدیای دەوڵەتی عێراق یان میدیای دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان نییە.

دەبێ میدیای کوردی خۆی لە زاراوەی "هەرێم" ڕزگار بکات و کوردستانیش هەر تەنیا بە "کوردستان" ناوببات. دەبێ میدیای کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەستەواژەی "کوردستانی ئازاد" یان "کوردستانی عێراق" بەکار نەهێنێ، لەبەر ئەوەی میللەتی کورد تەنیا یەک کوردستانی هەیە، تەنیا یەک "سەرۆکی کوردستان"یشی هەیە و، تەنیا یەک "پەرلەمانی کوردستان"ی هەیە، کە بەهەڵبژاردن لەلایەن میللەتی کوردەوە هەڵبژێردرابن.

حکومەتی فیدراڵی کوردستان کە لە باشووری وڵاتماندا دروست بووە، نوێنەرایەتی هەموو میللەتی کورد دەکات لە هەر شوێنێکدا بێت و بناخەی کوردستانی مەزنە. دەبێ ئێمە بەو جۆرە بڕوانینە مەسەلەکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پارچەکانی دیکەی وڵاتەکەمان ڕزگار دەکەین و لەگەڵ ئەم حکومەتە فیدراڵەی ئێستا هەیە بیکەین بە یەک. دوژمنانی میللەتی کوردیش هەر وای بۆ دەچن، لەبەر ئەوەش لەم دەوڵەتە بچووکەی ئەمڕۆمان دەترسن.

باشە ئێمە چۆن بتوانین بڵێین ئێمە یەک میللەتین، ئەگەر هەموو میدیای کوردی ئەو پەرلەمانەی ئەمڕۆ لە هەولێر هەیە وەک "پەرلەمانی کوردستان" قبووڵ نەکات و بنووسێت"پەرلەمانی هەرێمی کوردستان" ؟

باشە ئێمە چۆن بتوانین بڵێین ئێمە یەک میللەتین، ئەگەر هەموو میدیای کوردی سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی وەک "سەرۆکی کوردستان" قبووڵ نەکات و، ناوی ئەو وەک "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" یان وەک "سەرۆکی کوردستانی ئازاد" بنووسین.

زۆرجار لە میدیای کوردیدا دەخوێنینەوە یان دەبیستین، دەڵێ "سەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گول" وای گوت. بەم ناوبردنە مرۆڤ قبووڵ دەکات کە تورکیا وڵاتێکی مرۆڤە و عەبدوڵڵا گولیش سەرۆک کۆمارێکی ئێمەیە. هەر بۆیە کاتێک میدیای کوردی باسی بەرپرسانی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا دەکات، دەبێ وەک بەرپرسانی دەوڵەتانی بیانی باسیان بکات. بۆنموونە "سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول" یان چاکتر لەوەش ئەوەیە بڵێ "سەرۆک کۆماری تورکان عەبدوڵڵا گول".

میدیای ئەورووپایی کاتێک باسی سەرۆک کۆماری تورکان عەبدوڵڵا گول دەکات دەڵێ "Turkish President Abdullah Gul -سەرکۆماری تورک عەبوڵڵا گول" و ناڵێ سەرۆک عەبدوڵڵا گول.

# پەیامی ڕووداو

## پەرلەمان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەربڵندکردنی کوردستاندا

ئەگەر یاسایەکی پڕ ئاسانکاری وەبەرهێنان بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و کۆمپانیا بیانییە وەبەرهێنەکان گرنگ بێ، ئەوا یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیش هێندەی ئەوە گرنگە بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە جێی متمانەی جیهان لە ڕووی دیموکراسییەوە.

هەرێمی کوردستان کە بەدەوڵەتانی پڕ چەک و سوپا سەت هەزارییەکان و گرووپە توندڕەوەکان دەورە دراوە، تاکە چەکی بۆ خۆپاراستن و مانەوە دیموکراسییە، کە ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەنووسی یەکێکن لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسی. کوردستان کە ئەمڕۆ سەربڵندە بە نەبوونی ڕۆژنامەنووسی گیراو لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی لە زیندانەکانیدا، پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ دیسانەوە دەکەوێتەوە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە بۆ سەرشۆڕنەبوون و دوورگرتنی کوردستان لە شەپۆلێکی بەردەوامی ڕەخنە لێگرتن لە دەرەوە، بەدەرکردنی یاسایەکی زۆر جیاوازتر لە یاساکەی پێشوو، کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کەوتە بەر ڕەخنە و هاوکات کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای پەسەندکرنی خۆی نەخستە سەر و ڕەتیکردەوە.

ئەمجارەیان تۆپەکە بە یەکجاری لە لای پەرلەمانە، چونکە ئەمجارەیان سەرۆکی کوردستانیش بۆی نییە یاساکە ڕەتبکاتەوە، بۆیەش بیرکردنەوەیەکی هێمنانەی پەرلەمان لە گرنگی ئەو یاسایە لە قەناعەتهاتن بە دیموکراسی، کە هەمیشە هەرێمی کوردستان بە خاوەن ئەزموونێکی کەم وێنەی دیموکراسی دادەنرێ لەلایەن سەرکردەکان و پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها بە بیرکردنەوەیەکی لێزانانەی پەرلەمان لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانی بە کێشە لەگەڵ بەغدا، زۆر پێویستە. ئەم یاسایە سەرنجی دەوڵەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ کوردستان ڕادەکێشێتەوە، پەرلەمانیش بەرپرسە لەوەی سەرنجدانەوەکە باش دەبێ یان خراپ.

چەسپاندنی فەلسەفەی پرۆژە یاساکە، کە کاتی خۆی لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە پێشکێش کرا: سزای دارایی لە جیاتی زیندانیکردن و کار وەستاندن بەهۆی ئەم یاسایەوە بە یاساکانی دیکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان. هەروەها بەتاڵکردنەوەی لە دەستەواژە، تەمومژاوی وا کە تائێستا لای دەسەڵات و پەرلەمانی کوردستانیش پێناسەیەکی یەکڕایان بۆ نییە و قورسەکردنێکی ناڕاست بینانەی شانی ڕۆژنامەنووسان بە سزای دارایی، ئەو داخوازیانەن کە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهان لە یاساکە ڕازیدەکەن.

ئاکۆ محەممەد

# ئەم سەفەرە دەگاتە هەوار؟!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

کورد خەریکی دروستکردنەوەی عیراقە! سەرگەرمی پێکهێنانەوەی لەشکرەکەیەتی! بە کۆکردنەوەی پارەوە سەرگەرمە! حیزبحیزبێنە هەناوی بڕیوە. ئەوەندەی بە کێشەی پارەوە خەریکە، کەرکووک خەریکی ناکا، خواخوایانە دوو دۆلار پتر ئاودیو بکەن. ئاودیو! ئاودیوکردن لە ملمان نابێتەوە! لەو ڕۆژانەدا، وەکو گلەیی گوتیان: سوپای عیراق داری بە سەر بەردیەوە نەمابوو و یەکەم یەکەی سەربازی کە بووە بناغە بۆ دروستبوونەوەی سوپای عیراق، دوو لیوای پێشمەرگە بوو.

ئەوە قسەی خۆمانە نەک خوانەخواستە قسەی عارەبێک بێ، چاکەی کوردی لە بەرچاو بێ. ئەوان چاکەی سەلاحەددینیان لە بەرچاو نییە کە شەرەفی کڕینەوە! چاکەی تاها جەزراوییان لەبەر چاو نییە کە تا بەر پێڵاویان دامێن بووەوە! ئەوەی ئێمە دەیکەین، چاندنی مینە لە سەرەڕێی خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان. ئەوە یەکەم جارمان نییە ڕەفتاری خۆمان وەک ئەژدیها پێمانەوە بدا. چاکەکردن لەگەڵ داگیرکەردا، خراپەکارییە بەرانبەر داهاتووی نەتەوەکەمان و ئەوەش هەر لە خۆمان دێ! سروشتی هەموو شتێک پێچەوانە بووەتەوە بۆیە ئەرکی ئەنفالچی سەرگەورایەتییە و هی پێشمەرگەش ئەوەیە لەشکری عیراق دروست بکاتەوە. ئەمڕۆ پیاوێک، کە بە قسەی خۆی بۆ چەندەمین جار بەڵگەی شەهیدبوونی کوڕەکەیان پێ دەردەکردەوە تا شەهیدانە وەرگرێ، بەدەم نەرمەگریانەوە گوتی:"لە ئێف ئێمی ڕادیۆوە گوێم لێ بوو لە کۆپتەرێکەوە قسەیان دەکرد: سەییدی! زەلامێک لە دۆڵەکەدا دەبینم. لەوسەرەوە لێیان پرسی: چی پێیە؟ لە وەڵامدا گوتی: بێڵێکی پێیە، سەییدی! فەرمانیان پێ دا: بیکوژن!" کە لە قساندا گەیشتە ئەو جێیە، لێوی کەوتنە تەتەڵەکردن و قوڕگی نووسا. لێی تێگەیشتم: "ئەو کوڕە بێڵبەدەستەی کە کوشتیان، کوڕەکەی من بوو."

دەستخۆش کاکە بۆ دروستکردنەوەی سوپای عیراق! کەس نەما جێی بگریتەوە ئەفسەرە کوردەکانی لەشکری عوسمانی نەبێ؟! خۆزگە جێی ئەرمەنەکانت دەگرتەوە و چۆن ئەوان تۆڵەی قوربانیەکانی خۆیان لە ئەفسەرە تورکەکان کردەوە، تۆش تۆڵەی هەندێ ئەنفالکراوت دەکردەوە! تۆ دەبێ بە سەر خۆتدا ئینقلاب بکەی تا ئەوە بکەی کە دەبێ بیکەی! ئاخر سیاسەت، بە تایبەتی بۆ کورد، کاری مەلایەکەتان نییە!!

لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا، نیو ملیۆن سەربازی ئەنفالچیمان بە ڕێزەوە بەڕێ کرد، ئەوەش بەرانبەر ئەوەی کە ئەوان نیو ملیۆن کوردیان ئەنفال کرد. ئەوەی ئێمە دەیکەین دوژمنایەتی نییە، بەڵکو کۆیلایەتییە. بەڵام خوا هەقە ئەوان مەردانە و پیاوانە دوژمنایەتیمان دەکەن!. باشە باش، هەر وای بزانە! بژی برایەتی کورد و عەرەب، بژی تەبایی و پێکەوەژیان! ئەوکاتەی گوتمان کەرکووک شاری پێکەوەژیانە، دۆڕاندمان!

کە سەرۆککۆماری عیراق قسە دەکا، لە بەردەمیدا نووسراوە: (جمهورية العراق) ئەم ناوە سەددام حوسێن لە عیراقی ناوە و پێشتر (الجمهورية العراقية) بوو. سەددام نەما، بەڵام عیراقەکەی وەکی خۆی مایەوە. کەچی کورد، هەر خۆی و کەسی دیکە نا، ئەو عیراقەی سەددامی ناو ناوە عیراقی فیدراڵ. کێ بیستوویەتی عارەب بێژی بێ وای پێ بڵێ؟! دەستوور؟! دەستوور هەر لە عەقڵی ئێمەدا دەستوورە و هەر ئەوەندەشی لای عارەب دەستوورە کە خوێنمان حەڵاڵ دەکا و خاکمان داگیر دەکا. ئەویتری بۆ زبڵدانی ئوممەی عارەبی!!

خەریکە بەرهەمی خیانەتکاری و فایلڕەشی و گەندەڵی بەرپرسان و دامودەزگاکان پێدەگا. خەریکە هەوڵی دڵسۆزانەی سەرانی کورد بۆ پێکەوەنانی عیراقی نوێ و لەشکرەکەی بەرهەمی دەبێ. خۆ دەوڵەمەندکردنی بە پەلەی مشەخۆران و سەپێندراوانی پەرلەمان و وەزارەتە بەپیتەکان گەیشتووەتە ئەوەی بە خۆیان و ملیۆنە دۆلارەکانیانەوە تێیتەقێنن و میللەتە دەستبڕاوەکەمان بە گورگانخوارد بدەنەوە. زۆری نەماوە بەرپرسەکانمان، لە سەر سندووقە دۆلارەکانیان، لە دوورگەیەکی ئەم دنیایەدا، وەک جەردەکانی زەریا دانیشن و بیرەوەری خۆیان بنووسنەوە و بڵێن: بە داخەوە هیچ پرۆتۆکۆلێکی مۆرکراو لە نێوان کورد و ئەمەریکادا نەبوو! بە داخەوە عارەبی عیراق ڕێزی پەیماننامەکانی نێوان خۆیان و ئێمەیان نەگرت! بەو بیرەوەرییانەشیان سەروەت و سامانی دیکە لە پێناوی مێگەلەکەیاندا، کە ئێمەین، کەڵەکە دەکەن! بەڵێن دەدەم، ئەگەر دان بە خیانەتی خۆیاندا نەنێن، بیرەوەرییەکانیان ناخوێنمەوە! دانپێدانانیش وەک حەسەن خەیری دەبێ: با گۆڕەکەم لە دەم ڕێیەک بێ و هەر کوردێک بە لایدا ڕەت بوو، تفێک لە سەری ڕۆ بکا!

زۆری نەماوە دیسان کورد سەرگەردان بێ و بە ئۆردوگاکانی ئێراندا پەرشوبڵاو بێتەوە و لە سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیادا سووکایەتییان پێ بکرێ و دەستدرێژی بکرێتە سەر کیژەکانمان و بۆ دڵدانەوەی خۆمانیش دەڵێین: شەرەف لە ناولنگانی ژندا نییە. دیسان کورد ژەهری خیانەتکاری دەنۆشێ! بزانە چۆن لەگەڵ ئەم ژەهرەدا ڕاهاتووین!

عیراق دروست بووەوە و سوپاکەی دامەزرایەوە و خەریکە فرۆکەی ئێف شانزەی پێشکەوتوو دەکڕێ و خۆی بۆ ئەرکە مێژووییەکەی خۆی، کە کوردکوشتنە، ئامادە دەکا و ئێمەش بۆ کۆیلایەتی لەسەرپێین. بەڵام لەگەڵ بەهێزبوونی عیراقدا دەماری شۆڕشگێڕی هەندێ کوردیش پل دەدا: یاڵڵا بە خۆمان و فایلەکانمانەوە بۆ خەڕەکی شاخ:

ئێرە دەنگی شۆڕشی کرێکارانی جیهانە لە پشتئاشانەوە! ئێرە دەنگی فەلسەفە و فەلەستینە! دەنگی ژنە غەدرلێکراوەکانی واقواقە! دەنگی تەسلیمە نەسرینە! دەنگی سێکسی ئازادە، دەنگی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە، دەنگی مەلا کرێکار و مەلا عەلی باپیر و کاکە حەمە و من و تۆی قۆڵبڕاوی ئەتککراوە!

لەولاش، لە بەغداوە: بەیانی ژمارە 24: بڕیار درا لە شیمالی عیراق فەوجی سووک سووک، زۆر سووک، بکرێنەوە و گۆڤارێک و ڕۆژنامەیەک بە کوردی دەربکرێن، نیوە سۆرانی و نیوە بادینانی. کەناڵێکی ئاسمانیش بە ناوی (ئاسکۆڕ)ەوە، بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ماگدۆناڵدس و کۆکاکۆلا و پانتۆڵی جینسدا دەکرێتەوە.

بۆ پێشەوە سەرکردەی کورد! ئێوەش بۆ پێشەوە فەقێکانی نیتشە و فیختە! ئێوەش ئەسحابە موسوڵمانەکانی ئاخری زەمان، بۆ پێشەوە! ئێوەش وەچەکانی لینین، بۆ پێشەوە! منیش بۆپێشەوە کە پێم وابوو ئەم سەفەرە دەگاتە هەوار و حۆل حۆل، بە دەم ڕەخنەگرتن و خۆخواردنەوەوە کەوتمە شانی!

# "وەزیری پەروەردە سوعبەتی دەکرد"



ئیحسان تاهیر
ehsan@rudaw.net

وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی ڕووداو، کە لەژمارەی ( 19 ) بڵاوکرایەوە، بەڵێنیدا کە لە ڕۆژی یەکەمی خوێندن دا، واتە لە 2008/9/15، هەموو خوێندکارێک دەبێ هەموو کتێبەکانی خوێندن وەربگرێ لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، کەچی ئەوە دوو هەفتەیە بەسەر ئەو وادەیەدا دەڕوات کتێب نەگەیشتوونەتە زۆربەی قوتابخانەکان، لەبەر ئەوەش لە زۆر قوتابخانەدا بەشێکی قوتابیان ڕۆژانە ماوەی یەک دوو کاژێر بەنابەدڵی ڕوو لەقوتابخانەکانیان دەکەن و بێ خوێندنی تاکە وانەیەکیش دەگەڕێنەوە ماڵەوە. بەشێکی دیکەش کە زۆرترن لەبەشی یەکەم، لەو حاڵەتە بێزاربوونەو لەبنەڕەتدا ناچنە دەوام، ئەمەش بەداخەوە وایکردووە جۆرێک لە پشێوی و بێباکی باڵی بەسەر ڕەوشی خوێندندا بکێشێ.

دوێنێ ئەو بەڵێنەی وەزیری پەروەردەم لەسەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی پرسی، کە سەردانی قوتابخانەکەمانی کردبوو، ئەو کە خۆیشی لەو بێ کتێبییە بێزاربوو، گوتی" کاکە وەزیر سوعبەتی دەکرد، دیارە ئێوە سوعبەت نازانن، ئێوە نازانن وەزیر و بەرپرسانی ئێمە تەنیا بەبەڵێندانی گەورە دەوێرن".

ئەو قسانەی سەرپەرشتیارەکەم پێ پەسەند بوون، من لەوەزیری پەروەردە ناگرم، چونکە ئەو قسانەی دەربڕی گەوهەری کلتوورێکن کە سەرجەم وەزیر و بەرپرسان و تەنانەت وەستای کاشی و وەستای بۆری و کرێکاری ئەو وڵاتەشمان خویان پێوە گرتووە. مەگەر وەزارەتی کارەبا دەیان جار بەڵێنی بەخەڵک نەداوە لەکاتێکی دیاریکراودا ڕەوشی کارەبای هەرێم باشتر دەکرێت، بەهەمان شێوە سەرجەم وەزارەتەکانی دیکە ڕۆژانە بەڵێنی جێبەجێنەکراو دەدەنە هاووڵاتیان.

زۆر بەداخەوە لە لێکدانەوەیەکی ماتماتیکیدا دەتوانرێت پرۆسەی خوێندن بەسێگۆشەیەک وێنا بکەی کە هەر سێ لایەکانی: مامۆستا، قوتابی، کتێب. هەر یەکێکیان غایب بێت پرۆسەکە لەبنەڕەتدا فاشیل دەبێ. بۆیە نەبوونی سەرەتای دەوامی بە شکست هێنا و ئەو هەموو گۆڕانەی وەزارەتی پەروەردە بانگەشەی بۆ دەکرد لە پرۆسەی خوێندن دا، بێ نێوەڕۆک دەرچوو. لە کاتێکدا وەک بیرمەندان دەڵێن" لەهەر وڵاتێکدا سەرکەوتویی پرۆسەی خوێندن واتە پێشڤەچوونی ئەو وڵاتە".

کەواتە وەزیری پەروەردەو سەرجەم شارەزاو پسپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە، لە ئێستادا لە بەرچاوە کە پرۆسەی خوێندنتان فاشیلە، ئێوە ناتوانن پرۆسەیەکی وا بەرهەمبهێنن کە پێشکەوتنی وڵات گرەنتی بکات. ئێوە کەناتوانن لەکاتی خۆیدا کتێب دابین بکەن، بەشایەتی خۆشتان هەزاران مامۆستاتان پێویستە، کەچی پرۆسەی دامەزراندنیان لەسەر پشتی کیسەڵ بەڕێوەدەچێت، بەچەند بڕیارێکی دیراسەت نەکراویش قوتابیتان لەقوتابێتی خستووەو لەنێو قوتابخانەدا کردووتانە گەڵەگا و دوژمنی مامۆستا، ئیتر چۆن دەتوانن پرۆسەیەکی سەرکەوتووی خوێندن لەم وڵاتەدا بەرهەمبێنن.

بەڵام هەر چۆنێک بێت هەق نییە قوتابیان و مامۆستایان لەدەوامکردنیان ساردببنەوە و ڕۆژانە وانەکانیان بەنوکتەو سوعبەت ببەنە سەر، تاکو خوا کەرەم دەکات سوعبەتەکەی وەزیر دەبێتە جدی، چونکە کورد گوتەنی سوعبەتیش نیوەی جدییەتە.

## لەمیس شاعیرێکی سعودی کافر دەکات



**روودلو-ئاژانسەکان**

ژمارەیەک شـیعری عەبدولحەکیم عۆفی کە شاعیرێکی دانیشتووی شـاری مەدینەی سعودیەیە، پەسـتی و کاردانەوەیەکی توندی لەلای پیاوانی ئایینی سعودیە دروستکرد، دوای ئەوەی کچە هونەرمەندی تورکی بە رووگەی کەعبە شوبهاند و لەشیعرێکیدا گوتی " لەمیس وەک کەعبەیە".

هەر لەو شیعرانەشدا باسی چەند زانایەکی ئاییني سعودیەشی کردوون و هەمووی قوربانی لەمیس کردوون. دوای دروستبوونی نارەزاییەکی بەرفراوان لە لایەن زانایانی ئاییني سعودیە بەرامبەر شیعرەکانی، عەبدولحەکیم عۆفی، خاوەنداریێتی خۆی لەو شیعرانە راگەیاند کە بەسـەر پاڵەوانی تورکی دۆبلاژکراوی عەرەبی (سـنوات الـضیاع)دا گوتوونی و لە ئینتەرنێت دا بڵاوی کردوونەتەوەو گوتی " بە شانازییەوە شیعرەکان هی منن و هەر خۆشم لە چەندین ماڵپەڕدا بڵاوم کردوونەتەوە".

## مام ورچ بووەتە حاکمی خواکوڕک



**مەهدی داوود**

**روودلو- سیدەکان**

گەنجێکی دەڤەری خواکوڕک دوای ئەوەی لەدەسـت ورچ رزگارکرا، لە نەخۆشخانەی شارۆچکەی سیدەکان چارەسەر نەکرا و بە پەلە گەیێندرایە نەخۆشخانەی سۆران.

رۆژی 2008/9/16، نێچیروان تەها عەبدوڵڵا، تەمەن 16 سـاڵ، خەڵکی گوندی شـیلکای سـەر بە ناحیەی سـیدەکان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ قەزوان چنین دەچنە گوندی چیا سۆرکی گەلیی خواکـوڕک، لەناکاو ورچێک لە کاتی قەزوان چنیـن دا پەلاماری دەدات و دەمووچا و پشتی بریندار دەکات و هەوڵی خواردنی دەدات، لەو کاتەدا برادەرەکانی بە لێ هەڵڵا دان، نێچیروان لە دەست ورچەکە دەردێنن، دواتر دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە و ئێستا تەندروسـتی بەرەو باشییە. دەڤەری خواکوڕک سەر بە ناحیەی سیدەکانە و دەکەوێتە ناوچەی سـێ سـنوور، بە یەکێک لە ساردترین دەڤەرەکانی کوردسـتان دادەنرێ، لەبەر ئەوەش زۆرجار بە سـیبریای کوردسـتان ناودەبرێ، وەک وێکچوواندنێک بە نێوچەی سیبریا لە رووسیا.

## تەماشایان بکەن وەردەگەڕێن



**روودلو- ئاژانسەکان**

جیمس نسابا بوتۆرو، وەزیری رەوشت لە ئۆگەندا رایگەیاند کە رەوشت و تەندروستی لە وڵاتەکەیاندا لە مەترسیدان و، لەکاتی راگەیاندنی شەڕ دژی تەنوورەی کورت، گوتی تەنیا لەشفرۆش و لەشکڕان سەرچاوەی مەترسی نین بەڵکو"ئەگەری ئەوە هەیە تەنوورەی کورتیـش ببێتە مایەی دروسـتبوونی رووداوی ناخۆش بە تایبەتی ئەو کاتەی شـۆفێرەکان لەکاتی ئۆتومبیل لێخوڕیندا، تەماشای خانمە تەنورە کورتەکان دەکەن".

ئەو وەزیرەی ئۆگەندا سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندا کە پیرەژنە شەست ساڵییەکانیش روویانکردووەتە تەنورەی کورت و گوتی "ئەمە شـێتییە"، داواشی کرد ناوی سـۆزانییەکان و هاموشۆکارانیان لە تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێتدا بڵاو بکرێنەوە.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانیسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net


# "ئەو قوتابییە کوردانەی لە هیندستانەوە گازندە دەکەن راست ناکەن"

**روودلو-هەولێر**

43 قوتابـی کورد کە لەسـەر ئەرکی حکومەتـی کوردسـتان بەمەبەسـتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر رەوانەی هیندستان کراون گازاندە لە خراپی رەوشی ژیان و نزمی ئاستی زانستی ئەو بڕوانامانە دەکەن کە بەدەستی دەهێنن، بەرپرسێکی وەزارەتی خوێندنی بـاڵاش دەڵێت "ئەو قوتابییانە راست ناکەن"، گوتیشی هەفتەی داهاتوو سەردانیان دەکەین.

دڵشاد عومەر، یەکێکە لەو قوتابیانەی بەمەبەسـتی خوێندن لە هیندستانە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیـدا بە (رووداو)ی راگەیانـد "کە هاتینە ئێـرە نەماندەزانی رەوشی ژیانمان ئەوەندە خراپ دەبێت، 28 رۆژە نە شوێنێکی باشیان بۆ دابینکردووین نە پارەیان پێداوین، بۆیە بەناچاری لە سەر گیرفانی خۆمان لە هوتێل دابەزیوین".

ئـەو قوتابییـە، روونیکـردەوە کـە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رەوانەکـراون و بڕیاربـووە هەمـوو خەرجییەکانیـان لەسـەر حکومەت بێ "بەڵام تائێسـتا هەریەکەمـان زیاتر لە دوو هـەزار دۆلارمـان لەگیرفانی خۆمان خەرجکردووە، لەکاتێکدا ئەو بڕوانامەیەی لێرە وەریدەگرین لە کوردستان و عێراقیشدا دانی پێدا نانرێت".

دڵشاد عومەر، ئەوەشـی ئاشکراکرد کـە باڵیۆزخانەی عێراق لە هیندسـتان رێگـەی گەڕانەوەیـان پێنـادات "داوای پاسـپۆرتەکانمان دەکەیـن، بـەڵام باڵیۆزخانەی عێراق ناماندانەوە".

بەڵام د. ئەحمەد درەیی، بەڕێوەبەری گشتیی ناردن وپەیوەندییە رۆشنبیرییەکان لەوەزارەتی خوێندنی باڵای کوردسـتان هەمـوو گرفتەکانی بۆ خـودی قوتابیان گەڕانـدەوەو لەلێدوانێکدا بـۆ (رووداو) گوتی"دوایەمیـن نامەمان لەباڵیۆزخانەی عێراقەوە لەهیندستان بۆ هاتووەو دەڵێت: قوتابیان خۆیان لەهیندستان کێشەکانیان دروسـتکردووەو بەهیچ شتێک رازی نین و بەهیـچ شـێوەیەک نایانەوێـت لەوێ بخوێنن".

د. ئەحمـەد پێداگیـری لەسـەر ئەوەکـرد کە رەوشـی ژیانی ئـەو 43 قوتابییە لە هیندسـتان بێ گرفتە "ئەم هەفتەیە دەچینە هیندسـتان دەمانەوێت گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، ئەوەی ئەوان مەبەستیانە لە روانگەی زانستیەوە، راستناکەن، ئێمە دڵنیاین 100% وانییە، ئەگەر وابێ سەربەستیان دەکەین لەوەی کە دەگەڕێنەوە یاخود دەمێننەوە".

## عوسمانیش تێیتەقاند

**روودلو-سلێمانی**

کۆمپانیای عوسـمان شـێڵ کە تەندەری پرۆژەی راکێشانی ئاوی کانی سپیکە و کانی کـوردەی لەوەزارەتی شـارەوانی وەرگرتبوو، پرۆژەکە بەکەموکوڕییەوە جێدەهێڵێت.

شـێرکۆ ئەحمەد، ئەندازیـاری پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو کۆمپانیایە لەساڵی 2006 پرۆژەکەی لەوەزارەتی شارەوانی وەرگرتووە، بەڵام ئەرکەکانی خۆی ئەنجامنەداوە و پرۆژەکە کۆمەڵێک کەموکوڕی هەبوو"کەلوپەلەکانی لەشوێنێکی دیکەدا بەکار هێنابوو، ئەو بۆڕیانـەی بەکاریش هێنرابوون بۆری کۆن و ناسـک بـوون، ئینجاش پارەی پرۆژەکەی خواردو رایکرد".

شـێرکۆ ئاماژەی بەوەدا کە لەکاتی خۆیدا بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیان ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی ئاو بکەنە تانکییەکەی کانی کوردەوە تا شوێنی شکاوی بۆرییەکانیان بۆ دەربکەوێت، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ئاو بەنووسراوێک وەڵامیان داونەتەوە کە چاوەڕێی باران بارین بکەن.

## شاگردێک قاڕژنی لە ژنێک بەردا

**روودلو-دهۆک**

بە تۆمەتی دزینی دەستە جلێکی منداڵان ژنێکی تەمەن 45 سـاڵ لەلایەن شـاگردی دوکانێکی بازاڕگەی چوارگۆشەی سەنتەری بازاڕی دهۆک شل و کوت کرا.

عـادل مەجیـد، یەکێـک لەدوکاندارە دراوسـێیەکانی ئەو دوکانە کە رووداوی ژن کوتانەکەی بەچاوی خۆی بینیوە بۆ (رووداو) دواوگوتی "کاژێر9ی بەیانی رۆژی 2008/9/20 کە دەنگی هاوار و قاڕژنی ژنێک هات یەکسەر لەدوکانەکەم چوومە دەرەوەو بینیم ژنێک لە دەست شاگردی دوکانێکی دراوسێمدایە، بە بۆکس و پێلاقە خەریکی لێدانیەتی، ئەو ژنە وەک منداڵ بەدەسـت لێدانی ئەو شاگردەوە دەگریا، بەڵام شـاگردەکە هێشـتا بەردەوام بوو لە لێدانی، دواتر هاووڵاتیان ژنەکەیان لە دەست شـاگردەکە دەرهێنا" عادل گوتیشی "بەبێ ئەوەی پۆلیس پێی بزانن، ژنەکە بەرەو ماڵی خۆی بەگریانەوە ملی رێگای گرت".

هەروەک ئەو دووکاندارە باسیکرد، شاگردی دوکانەکـە لەپێـش چاوی ئـەوان قاتێکی منداڵانی لەعەلاگەیەکی ژنەکە دەرهێنا، عادل گوتی "وادیارە ئەو ژنە لەهەژارییان ئەو قاتەی دزیبوو".

## G بگرن یاسا بەرقەرار دەبێ



**روودلو-هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی پاسپۆرت ونشینگە و رەگەزنامە لە هەولێر داوا لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخـۆ دەکات قاچاخچییانی پاسپۆرتی G دەستگیر بکات.

لەوەڵامی ئەوگلەیینامەیەداکەهاووڵاتییەک بەنێـوی عەبـاس بابان لـە ژمارەی رابـردووی (رووداو)دا بڵاویکـردەوە سەبارەت بەزەحمەتییەکانی دەرهێنانی پاسـپۆرتی جۆریG لە هەولێر، کە تێیدا داوایکردبوو ئەو باندانەی بە پارە پاسپۆرت لە بەغدا دروستدەکەن نەهێڵدرێن، لیوا نزار رەحمەتوڵـڵا عەزیز، بەڕێوەبەری گشـتی رەگەزنامەو پاسەپۆرت و نشینگە لە هەولێر لە روونکردنەوەیەکدا، هەمان داوای عەباس بەناوی خۆیانەوە دەخاتە وەزارەت و دەڵێ " دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی کاک بابان و داوا لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخـۆ دەکەین کە لە رێـگای دەزگاکانی ئاسایشـەوە لە هەرێم ئەم دیاردە ناشرینە ناوبڕبکەن و ئەم باندانە بدەنە دادگا و یاسا بەقەراربێت".

## ل ترسا دزان نایێت گرتن

**بەرەڤان ئەحمەد**

**روودلو- زاخۆ**

ئەڤ سـاڵ بۆ جارا دووێ، مزگەفتا حەجی ئیبراهیم ل زاخۆ هاتە شەلاندن و ئیمامێ مزگەفتێ ئەو کەس ب "مجریم" ل قەلەم دان.

مەلا ئەحمەد شـەرنەخی، دیارکر کو ئەڤ کەس ب شـەڤ هاتینە و ب تەنێ مەرما وان ئەوبوو پارا ببەن"من قاسـە هێلابوو ڤەکری ژ بەر دزان دا نەشـکێنن چونکـی پارە تێدا نەبوون و ب تەنـێ 30 هەزار دینار د ژوورا مەدابوون ئەو ژی برینە ". مەلا ئەحمەی گازندا هنـدێ ژی ل دزان کـر کـو هەمی وان تێک و لێک و تێکهەلکربوون.



پۆ لیسـێ زاخـۆژی ب (رووداو) راگەهاند کـو لێکۆلینێـن وان ل دووڤ وێ روودانێ تا نها د بێ ئەنجامن.

## بە 80 ساڵی گەیشتە مرازی خۆی



**بەرەڤان ئەحمەد**

**روودلو-زاخۆ**

ئیبراهیـم رەمـەزان زاخۆیی، تەمـەن 80 سـاڵ، دوای ئـەوەی بڕوانامەی ماسـتەری لەزانکۆی روسیا بەدەسـتهێنا پێش ماوەیەک توانی بڕوانامەی دکتۆراش لەسەرڕێزمانی کوردی لەزانکۆی ناوبراو بەدەسـتبهێنێت و ئێستاش چاوی بڕیوەتە پلەی پرۆفیسۆر.

ناوبراولەلێدوانێکیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئـەوەی ماستەرم لەو زانکۆیە وەرگرت، چەند کتێبێکی خۆم بـۆ رەوانە کردن، دوای ماوەیـەک داوایان لێکـردم لەزانکۆکە ئامادە بم بۆ ئەوەی پلەی دکتۆرام پێ ببەخشن".

زاخۆیی گوتیشی "17 پرۆفیسـۆر لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر نامـەی دکتۆراکەم ئامـادە بـوون و سە رسـو ڕما نی خۆیـان دەبـڕی بەرامبەر ئەوەی کـە توانیومـە هەندێک شـتی تازە بۆ رێزمانی کوردی زیاد بکەم".

ئیبراهیم لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئەوەشی ئاشـکرا کرد، ئەو کاتانەی پەرتووکەکانی چاپکـردوون و بۆ ئەنیسـتیتوتی کوردی لەپاریس و هەندێک ناوەندی رۆشـنبیری رەوانـە کردوون، هیـچ گرنگیان پێنەدەدا "تەنانەت سوپاسیشیان نەدەکردم".

ئیبراهیم زاخۆیی، سـاڵی1976 بەشی یاسـای لەزانکۆی موستەنسرییە لەبەغدا تـەواو کـردووە، لەسـاڵی 1994ەوە نیشتەجیی سوێدە، شـارەزاییەکی باشی لە رێزمانی کوردی هەیـە و 8 پەرتووکی رێزمانی چاپکردوون. ئێسـتاش ئەندامی لێژنەی هەڵسـەنگاندنی نامەی دکتۆرایە لەبواری زمـان و ئەدەبی کوردی لەهەمان ئەو زانکۆیەی دکتۆرای لێ بەدەستهێناوە.

## کارەبا لەهەولێر هاربووە

**روودلو- هەولێر**

لەکاتی پارشـێوی هەینی رابردوو بەهۆی نەمانی هێڵی سارد لەبگۆڕی (محویلە) گەڕەکی نووسەران، 6 ماڵ زیانێکی زۆریان پێکەوت و کەوتنە تاریکییەوە.

خاوەنـی یەکێـک لـەو ماڵانـەی کـە زیانی پێگەیشـتووە ئاماری زیانی ماڵەکانی بەم شێوەیە بـە (رووداو) راگەیاند "بەو هۆیەوە 6 سـپلیت،3 فێنککەرەوە (مبـردە)، 3 تەلەڤزیۆن و سـەرجەم گلۆپـەکان لـەو 6 ماڵـەدا سـووتان".ئەوە جگە لەوەی لەئەنجامی دەنگی سووتانی ئەو ئامێرانەدا منداڵەکانیان لەترسان هەڵدەلەرزین.

تا ئێسـتا هـۆکاری نەمانی خەتی سـارد لەمحاویلەی گەڕەکی نووسەران ئاشکرا نەبووە، کە خۆشـی هاتنەوەی کارەبایـان لێبووە نەگبەتی و زیانێکی زۆریان پێگەیشت.



## شەڕ لە خانەقین و تۆز لەبەر دەرگای خەڵکی گوێڕ

**روودلو- هەولێر**

کێشەی سیاسی و هاتنی سوپای عێراق بۆ خانەقین کاریگەری لەقەزای مەخمور کردووەو خەڵکەکەی چۆڵی دەکەن.

ئیبراهیم شێخەڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕی سەر بەقەزای مەخمور، بـە (رووداو)ی راگەیانـد "بەهۆی گرفتی وشـکە سـاڵییەوە، ئاوەدانی لەناوچەکـەدا بەتایبەت لەناحیەی قەراجدا زۆرکەمبووەتەوەو بەشـێکی زۆری گوندنشینەکان ناحیەکەیان چۆڵکردووەو بەشێکی ئەم چۆڵکردنەش پەیوەندی بەرەوشـی سیاسـییەوە هەیە بەتایبەت پـاش رووداوەکانی خانەقین، خەڵک دووچاری نیگەرانی بووەتەوە".

هەروەها بارزان سـەید کاکە، قایمقامـی قەزای مەخمور رایگەیاند کە لـەرووی ئەمنیەوە هیچ گرفتێکیان نییە، بـەڵام بەرژەوەندی هاووڵاتیان لەناوچەکەدا بەهۆی وشکەساڵیەوە نەماوەو خەڵکەکە گوندەکانی ناوچەکە چۆڵدەکـەن "هەرکاتێـک بەرنامەیەکی فـراوان هەبوو بـۆ پەرەپێدانی کشـتوکاڵ ناوچەکە ئاوەدان دەبێتەوە" راشـیگەیاند "کۆچی پێچەوانە زیاتر لەگوندەکانەوەیەو لەماوەی ساڵی رابردوودشدا 205 تا 300 خێزان گوندەکانیان چۆڵکردووە".

## بیفرۆشی دەتگرن

**ئازیز مەحمود**

**روودلو-سلێمانی**

زانا محەممەد ساڵح، قایمقامی قەزای سلێمانی بـە (رووداو)ی راگەیانـد کـە لیژنەیەکیان پێکهێناوەبۆدەستگیرکردنی سواڵکەرەکانی ترافیک و فرۆشیارانی سیدییە رووتەکان.

قایمقامی قەزای سـلێمانی راشـیگەیاند، کە هەڵمەتەکە جگە لەسـواڵکەران ئەو کەسـانەش دەگرێتەوە کە لەنێو بازاڕ دەست بۆ ژنان دەبەن، یان لەبازاڕ کڕین و فرۆشـتن بەسیدی سێکسی دەکەن. لەو هەڵمەتەدا دەسـت بەسەر 400 سـیدی داگیرا و 40 کەسیش لەو هەڵمەتەدا لەسەر سواڵکردن و دەست بردن بۆ ئافرەتان و فرۆشتنی سیدی رووت دەستگیرکراون .قایمقامی ناوەندیی سلێمانی گوتیشی " هەریەک لەو گیراوانە دوای پێنج رۆژ دەست بەسەرکردن بە کەفالەت ئازاد دەکرێن".

